

## عێراق .. دوای ساڵێک
## لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا

# لەعێراقدا دەسەڵاتی دادوەری بە سیاسیکراوە و دەسەڵاتیش بە تاکرەوی کۆنترۆڵکراوە



((کاتی ئەوە هاتووە ئیدارەی ئۆباما قسەکردن بگۆڕێت بۆ کردار و هەنگاوی پێویست لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفغانستان هەڵبگرێت، واشنتۆن لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر زۆر نەرمە بەرامبەر نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق و محەمەد مورسی سەرۆکی میسر، ئەو دووانە بوونە دیکتاتۆر، هەنگاوەکانیان بەرەو ئەو ئامانجەیە کە حکومڕانی تاکەکەسی پیادەبکەن، هەروەها لەبەرامبەر سوریاش لەگەڵ ئەوەی واشنتۆن بەردەوامە لە دژایەتی بەشار ئەسەد، بەڵام ئەم دژایەتیە تۆزێک لە قسە زیاترە، ئەمە لە کاتێکدایە کە دیکتاتۆرەکەی سوریا بە بۆمبی فڕۆکە و رۆکێت و تۆبخانە شەڕ لەگەڵ گەلەکەی خۆی دەکات، لە ئەفغانستانیش هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بەردەوامن لە کوشت و کوشتار، بەڵام بەرەو پێشەوەچوونێکی ئەوتۆ لە هێزەکانی ئاسایشی ئەفغانستان هێشتا وەک پێویست نییە و زۆر لەسەر خۆیە، هەوڵەکانیش بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی هەتا ئێستا زۆر هێواشە. لەبەر ئەم هۆکارانە و بۆ ئەوەی هیوایەک بۆ سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفغانستان پەیدا بێتەوە، دەبێت واشنتۆن خۆی پابەندی چەند هەنگاوێکی راستەقینە و جددی بکات لەوانە:

١- دەبێت واشنتۆن هەموو یارمەتیەکانی لە میسر و عێراق ببڕێت، هەتا نوری مالیکی و محەمەد مورسی دەستبەرداری خواستە دیکتاتۆرییەکانیان دەبن.



٢- دەبێت واشنتۆن ئۆپۆزسیۆنی سوریا چەکدار بکات بۆ ئەوەی بتوانن دیکتاتۆرەکەی سوریا لابەرن، ئەمەش دەبێت زوو بێت نەک دوابخرێت.

٣- دەبێت لەسەر هەردوو ئاستی کشانەوەی بەپەلەی هێزەکان لە ئەفغانستان و رێککەوتنی باری هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە بەپێی رێککەوتنی (SOFA) هەنگاو هەڵبگیرێت، بۆ ئەوەی بەپێی ئەو رێککەوتنە ژمارەی هێزی پێویست لەو وڵاتە بهێڵرێتەوە.

ئەم هۆکارانە پێمان دەڵێن دەمێکە کاتی قسەکردن بەسەرچووە و قسەی باق و بریق جێگەی کردار ناگرێتەوە، ئەوە کردارە کە پێویستیەکی زۆر زۆرمان پێیەتی)).

دۆف زاخیم
جێگری وەزیری بەرگری پێشووی ئەمریکا
٢٠١٢/١٢/٢٨ زەناشناڵ ئینتریست

## دیمەنی سیاسی عێراق دوای ساڵێك لە کشانەوەی ئەمریکا

لەوانەیە جوانترین پێناسە بۆ پیشاندانی دیمەنی سیاسیی ئێستای عێراق ئەو قسەیەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بێت کە رۆژی ٢٠١٢/١٢/٢٨ لەمیانەی گوتارەکەی لە میهرەجانی پێکهاتنەوە و سەروەری نیشتمانی ئاماژەی پێکرد و گوتی (تۆمەتبار کردن و لێدوانی سیاسییەکان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن عێراقی کردووە بە گاڵتەجاری جیهان)، ئەم دانپێدانانەی مالیکی بەوەی بارودۆخی ئێستای عێراق بۆتە گاڵتەجاری جیهان، بەرەنجامی تۆمەتبەشینەوە و لێدوانی سیاسییەکان نییە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن، بەڵکو بەرەنجامی ئەو کێشانەیە کە لەماوەی ساڵێکدا خودی مالیکی بە تاکرەویی و خواستی بۆ پاوانکردنی دەسەڵات و دیکتاتۆری دروستی کردووە، ئەمە ئاکامی

**ئەو تاکتیکانەی مالیکی پیادەیان دەکات، هەمان تاکتیک و سیاسەتی حاکمەکانی پێشووی عێراقە دووبارەیان دەکاتەوە**

ئەو سیاسەتە هەڵانەیە کە لەیەکەم رۆژی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، دەسەڵاتی دادوەری عێراقی کردە چەکێك بۆ تەسفیە کردنی نەیارەکانی، ئەمە بەرەنجامی سیاسەتی تێرنەخواردنە لە تۆڵەسەندنەوە و قوڵکردنەوەی برینی مەزهەبی نێوان شیعەو سوننە و یاریکردنە بە هەڵایسانی شەڕێکی خوێناوی لەنێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب لە عێراقدا، ئەمە بەرەنجامی گوێنەگرتن و خۆدزینەوەیە لە رێککەوتنی هەولێر کە حکومەتی عێراقی لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ پێ دامەزرا، ئەمە بەرەنجامی هەنگاو هەڵنەگرتن بەرەو دیموکراتی و دامەزراندنی حزبی حاکمە بە هاوشێوەی دیکتاتۆرەکانی دیکە، ئەم هەنگاوانە وەك رۆژنامەنووس نید پارکەر(کە خۆی یەکێك بووە لەو رۆژنامەنووسانەی چەند ساڵێك لە عێراق رووماڵی هەواڵەکانی عێراقی بۆ میدیا جیهانییەکان کردووە) لە وتارێکیدا بەناونیشانی (ئەو عێراقەی لەدوای خۆمان بەجێمان هێشت) کە تەنیا دوای چەند مانگێك لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە گۆڤاری فۆرین ئەفیرز بڵاوی کردۆتەوە، بەمجۆرە دیمەنی عێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەخاتە روو:

١- عێراق دوای ٩ ساڵ لەڕووخانی رژێمی سەدام حوسێن و تەنیا چەند مانگێك دوای کشانەوەی دوایین سەربازی ئەمریکی لەو وڵاتە، ئێستا عێراق بەرەو دەوڵەتێکی فاشیل هەنگاو هەڵدەگرێت و دەبێت جیهان پێشوازی لە دەوڵەتێکی دیکەی فاشیل بکات.

٢- لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نوری مالیکی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی کردووە، ئەم دەسەڵاتە تژییە لە گەندەڵی و رەفتارەکانی دڕندانەیە.

٣- سەرکردە سیاسییەکانی سەر بە نوری مالیکی هێزەکانی ئاسایش و میلیشیاکانی سەربە خۆیان بەکاردەهێنن بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانیان و ترساندنی خەڵك بەگشتی.

٤- لە عێراقدا یاسا هەیە، بەڵام لەلایەن نوری مالکیەوە یاسا کراوەتە چەکێك بۆ لێدانی نەیارەکانی، ئەمەش بەوجۆرە بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی مەرامەکانی لە هاوپەیمانەکانی بشارێتەوە.

٥- ئەو خەونەی عێراقیەکان هەیانبوو بەوەی سەرکردەی هەڵبژێردراو لەلایەن خۆیانەوە حکومڕانیان دەکەن و دەتوانن لەبەردەم گەل لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن، رەفتارەکانی مالیکی ئەم خەونەی زڕاندووە و دوورکەوتۆتەوە.

٦- ئەم رەفتارانە حکومەتی عێراقی ئیفلیج کردووە بە جۆرێك حکومەت ناتوانێت خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان دابین بکات، وەك کارەبا بە رێکوپێکی، ئاوی خواردنەوەی پاك، چاودێری تەندروستی شایستە، ئەمە بێجگە لەوەی رێژەی بێکاری لە نێو لاوەکان لە ٣٠٪زیاترە، ئەمەشی بەوجۆرە قۆستۆتەوە بۆ ئەوەی لاوەکان ناچاربن لەناو ملیشیاکانی ئەودا خۆیان ناونووس بکەن.

٧- بەهۆی ئەو کێشە سیاسیە یەك لەدوا یەکانەی مالیکی دروستیان دەکات، عێراقیەکان لە ئایندەی خۆیان دڵنیانین، بێئومێد لەوەی خوێن رشتن لەو وڵاتە کۆتایی بێت و عێراقیەکانیش ژیانێکی

**کاتێک دەسەڵاتی دادوەری دەبێتە داردەستی حکومەت و بڕیارەکانی بۆ بەرژەوەندی حکومەت دەردەکات، ئەوا جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هیچ مانایەکی نامێنێت و دەسەڵاتی دادوەری لە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لە حکومەت، دەبێتە بەشێک لەحکومەت**

ئاسایش و سەقامگیر بەسەر بەرن. ئەمەش بارودۆخێکی بێ متمانەیی ئەوتۆی لەنێوان پێکهاتە سەرەکیەکان دروستکردووە، کە هەموویان لەناو بازنەیەکی بۆشدا دەخولێنەوە و لەسەر شەقامەکان تەسفیەی حساب لەگەڵ نەیارەکانیان دەکەن.

٨- عێراقی ئەمڕۆ (عێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا) بەتەواوەتی دابەش بووە، هاوپەیمانی شیعە کە حزبی دەعواو مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، زۆر برسیە بۆ تۆڵەسەندنەوە، عەرەبی سوننە کە بەشێکیان عەلمانی و بەشێکیان قەومی و ئایینی توندڕۆن، کورد زۆر بەهەستیاری مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخی دابەشبوونە دەکات، ئەولەویەتی کورد پارێزگاریکردنە لە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و رێگرتنە لە دووبارە گەڕانەوەی حکومەتی عێراق بۆ حکومەتێکی سەنترالی بەهێز.

٩- ئەو تاکتیکانەی مالیکی پیادەیان دەکات، هەمان تاکتیك و سیاسەتی حاکمەکانی پێشووی عێراقە دووبارەیان دەکاتەوە و ئەم تاکتیکە بریتییە لەوەی: (خۆت پێش هەموو شتێك، هێزەکانی ئاسایش و سوپاش بەجۆرێك بەکار بهێنە کە هیچ بەزەییەکیان نەبێت)).

١٠- هەر کەس و لایەنێك مالیکی بەهەڕەشە بزانێت بۆ سەر خۆی و حزبی دەعوا، ئەوا مالیکی و دەوروپشتەکەی، رەفتاری ئیستفزازی بەرامبەر هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی تێوەی بگلێنێت، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت مالیکی عێراق بەرەو شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی دەبات.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن، نە تۆمەتی لایەنی عەرەبی سوننەیە، نە لێدوانی

**دەبێت هاوپەیمانی نیشتمانی دەستپێشخەر بێت بۆ ئەوەی سەرۆک وەزیران بگۆڕێت، ئەگەر ئەم هەنگاوە جددیانە لەلایەن هاوپەیمانی نیشتمانیەوە هەڵنەگیرێت، دەبێت لەساڵی داهاتوو عێراقیەکان ڕووبەڕووی دیکتاتۆر ببنەوە و جیهانیش پێشوازی لەدەوڵەتێکی تەواو فاشیل بکات**

سەرکردەیەکی کوردیشە، هەتا مالیکی بە تۆمەت بەشینەوە و لێدوانی بەردەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناویان بەرێت، بەڵکو ئەمە وێنەی خامەی ڕۆژنامەنوسێکە کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە ڕۆژانە چاودێری بارودۆخی عێراق دەکات، ئەمە ئەو دیمانەیەیە کە ڕاستگۆیانە تۆمار کراون، بۆیە لە ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٢٨ (واتە هەینی ڕابردوو) دۆف زاخیم جێگری وەزیری پێشووی ئەمریکا لە وتارێکیدا بە ناونیشانی کردار نەك قسە(action not world) کە لە گۆڤاری بەناوبانگی ئەمریکی زە ناشناڵ ئینترسیت بڵاوی کردۆتەوە، ڕاشکاوانە داوا لە باراك ئۆباما دەکات ڕەفتاری نەرم بەرامبەر نوری مالیکی و محەمەد مورسی بەس بێت لەبەر ئەوەی ئەو دوو سەرکردەیە بوون بە دیکتاتۆر و ئامانجیان ئەوەیە حکومڕانی تاکە کەسی لە میسر و عێراق دووبارە بگێڕنەوە، دۆف زاخیم زۆر ڕاشکاوانە بە ئۆباما دەڵێت قسەی باق و بریق دەمێکە بەسەر چووە ئەوە کردارە کە زۆر پێویستمان پێیەتی. (The time for words has long since passed. Verbiage is no substitute for action، and it is action that is urgently needed)، ئەم قسەیەی دۆف زاخیم ئەگەر گرێبدەینەوە بەو قسەیەی مالیکی کە هەمان ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٢٨ لە بەغدا کردویەتی، ڕاشکاوانە دەگەینە ئەو ڕاستیەی (ئەوەی عێراقی کردووە بە گاڵتەجاری جیهان بێجگە لە مالیکی و ڕەفتارە تاکڕەوییەکانی کەسی دیکە نییە).

**بەسیاسیکردنی دەسەڵاتی دادوەری و زەمینەخۆشکردن بۆ شەڕی ناوخۆ**

لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢ـەوە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، ئەگەر حکومەتی ئێستای عێراق تەواوی ڕێککەوتننامەی هەولێر جێبەجێ نەکات و پابەند نەبێت بەدەستوورەوە، ئەوا عێراق ئاراستەیەکی دوور لە دیموکراتی و پێکەوە ژیان دەگرێت و ئەمەش قابیلی قبوڵ کردن نییە، هەربۆیە پاش ئەوەی لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢، مالیکی لەسەر هەمان ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکڕەوی بەردەوام بوو، هەر بۆیە سەرۆك مسعود بارزانی لە ٢٠١٢/٣/٢١ پەیامی نەورۆزی ڕاگەیاند و بە ئاشکرا بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند ئەگەر حکومەتی عێراق ڕێککەوتنەکان جێبەجێ نەکات و پابەند نەبێت بەدەستوورەوە، ئەوا هەرێمی کوردستان بۆ دوایین بڕیاری خۆی دەگەڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان بۆ ئەوەی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات، ئەم پێشبینیەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی سەرکردەکانی عێراق و تەواو تۆژەران و پسپۆڕانی جیهان، بە یەکەمین پێشبینی لەسەر ئاستی عێراق و جیهان دادەنرێت، کە عیراقیەکان و جیهانی لەمەترسی گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی لە عێراقدا ئاگادار کردەوە، تەنانەت ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەنوسی جیهانی نید پارکەریش کە پێشتر لەم ڕاپۆرتە ئاماژەمان پێکرد لە ژمارەی نیسانی ساڵی ٢٠١٢ی گۆڤاری فۆرین ئەفیرز بڵاو بۆتەوە، واتە پاش پەیامەکەی نەورۆزی سەرۆك بارزانی بە دوو هەفتە، ئەمە بێجگە لەوەی پەیامەکەی نەورۆزی سەرۆك مسعود بارزانی دانانی سنوورێك بوو بۆ ئەو پێشبینیانەی کە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢ و ڕاستەوخۆ پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، بەڕێزی هەستی پێکردبوو، بۆ ئەمەش نامەی زارەکی بۆ مالیکی ناردبوو، ئەگەر ڕێککەوتنەکان جێبەجێ نەکات و پابەند نەبێت بەدەستوورەوە، ئەوا هەرێمی کوردستان قسەیەکی دیکە و هەڵوێستێکی دیکەی دەبێت، بەداخەوە لەسەرەتاوە هەندێك لایەنی عێراقی و کوردستانی هەوڵیاندا کە ئەم هەڵوێستەی هەرێمی کوردستان کە سەرۆك بارزانی دەریبڕیوە، وەك کێشەی شەخسی سەرۆك بارزانی لەگەڵ شەخسی مالیکی پیشانبدەن، بەڵام ڕەفتارەکانی دواتری مالیکی هەموو لایەکی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە بەڕێز مسعود بارزانی ترسی لە شێوازی ئەو حکومڕانیە هەیە کە سەرۆك وەزیرانی ئێستا لە عێراقدا پیادەی دەکات و عێراق بەرەو کارەساتێك دەبات کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە، ئەو حکومڕانییەش ئەو شێوازەیە کە ڕاشکاوانە ئێستا دۆف زاخیم هەموو جیهانی لێ ئاگادار دەکاتەوە، بەوەی مالیکی و مورسی بوونە دیکتاتۆر و دەبێت ئەمریکا یارمەتیەکانی لە عیراق و میسر ببڕێت هەتا ئەم دووانە دەستبەرداری خواستە تاکڕەویی دیکتاتۆرییەکانیان دەبن.

**بەکارهێنانی یاسا**
**وەك چەکێك دژی نەیارە سیاسیەکان**

بەکارهێنانی یاسا وەك چەکێك لەلایەن

**ئەو تاکتیکانەی مالیکی پیادەیان دەکات، هەمان تاکتیک و سیاسەتی حاکمەکانی پێشووی عێراقە دووبارەیان دەکاتەوە**

لایەنێکەوە دژی لایەنێکی دیکەی نەیاری سیاسیی، واتە دروستبوونی گەندەڵیە لەنێو دەسەڵاتی دادوەری، ئەمەش لەلایەن ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیەوە بەوجۆرە پێناسەکراوە واتە حاکمەکان و ئەوانەی کار لە دادگاکان دەکەن پرانسیپی بێلایەنی لە دادوەری پێشێلدەکەن و لەپێناوی سوودی تایبەتی یان لایەنی سێهەم بڕیارەکانی دادگا دەردەچوێنن، کە ئەم حاڵەتی گەندەڵیەش لەناو دەسەڵاتی دادوەری دروست بوو، ئەوا ئەو بارودۆخە دێتە ئاراوە کە ئێستا عێراقی تیادەژی و، لەمەش زیاتر دەرهاویشتە خراپەکانی بوونی گەندەڵی لەدەسەڵاتی دادوەری دەبێتە دەروازەیەك هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، لێرەدا ئاماژە بە چەند دەرهاویشتەیەکی بوونی گەندەڵی لە دەسەڵاتی دادوەری دەکەین:

١- ئەگەر گەندەڵی کەوتە ناو دەسەڵاتی دادوەری، ئەوا سەروەریی یاسا دەپوکێتەوە، راشکاوانەتر یاسا سەروەر نابێت.
٢- گەندەڵی لە دەسەڵاتی دادوەری دەبێتە ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم گەشەی ئابووری.
٣- کاتێك دەسەڵاتی دادوەری تێکەڵاوی گەندەڵی دەبێت، ئیتر ئەو دەسەڵاتە ناتوانێت ئەو رۆڵەی لەدەستووردا بۆی دیاریکراوە ئەو رۆڵە بگێڕێت، هەروەها ناتوانێت رۆڵی چاودێر لەسەر دامەزراوەکانی حکومەت بگێڕێت و بەرگری لەسەروەریی یاسا و پاراستنی مافی تاکەکان بکات.
٤- کاتێك دەسەڵاتی دادوەری دەبێتە داردەستی حکومەت و بڕیارەکانی بۆ بەرژەوەندی حکومەت دەردەکات، ئەوا جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هیچ مانایەکی نامێنێت و دەسەڵاتی دادوەری لە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لە

**دەرهاویشتە خراپەکانی بوونی گەندەڵی لەدەسەڵاتی دادوەری دەبێتە دەروازەیەک هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە**

حکومەت، دەبێتە بەشێك لەحکومەت.
ئەم چەند خاڵەی وەك دەرهاویشتەی گەندەڵی دەسەڵاتی دادوەری ئاماژەمان پێکردن، هۆکاری سەرەکی کێشەکانی ئەمڕۆی عێراقن، ئەو خۆپیشاندانەشی چەند رۆژێکە شارەکانی عێراقی گرتۆتەوە، هۆکاری سەرەکی گەندەڵی دەسەڵاتی دادوەری و بەکارهێنانی یاسایە وەك چەکێك بەدەستی حکومەتی مالیکیەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە د.وەلید عەبود پەرلەمانتاری هاوپەیمانی وەسەت کرد، ئەویش لەوەڵامدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:(میتۆدی بە سیاسەتکردن و دەستێوەردان لە ئیشوکاری دادگاکان بۆتە دیاردەیەکی روونی سیاسی لە عیراقی ئەمڕۆدا، ئەوەی ئێستا هەستی پێ دەکرێت ئەوەیە دادگاکان کەوتوونەتە ژێر فشارێکی زۆرەوە و بە هیچ شێوەیەکیش وەکو دەزگای یاسایی سەربەخۆ بەرچاو ناکەون، بەڵگەشمان لەسەر ئەمە زۆرە، کاتێك پاسەوانەکانی یەکێك لە کەسایەتییەکان دەستگیر دەکرێت بە تۆمەتی پەیوەندییان بە تیرۆرەوە، هەر لە فەرمانی دەستگیر کردنییەوە تا دەگاتە لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن هەمووی بە خێرایی تەواو دەبێت، گەر دوور نەڕۆین پاسەوانەکانی رافع عیساوی وەزیری دارایی عێراق یاخود پاسەوانەکانی تاریق هاشمی، لەوەش تراژیدیتر ئەوەیە کە چەندین کەسی بێتاوان ماوەی ساڵانێکی زۆرە لە کونجی زیندانەکانن، بەڵام تاکو ئەمڕۆیش دادگایی نەکراون و حوکمیان لەسەر دەرنەچووە نە بە سزادان و نە بە ئازادکردن، بەداخەوە ئەوانە هەموو بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە دادگا بەسیاسەتکراوە و ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە حکومەتیش فشاری لەسەر دادگاکان و سیستەمی دادوەری داناوە، سەدان بەڵگەی دیکەش لەم جۆرە هەیە و هەربۆیە بەڕای من ئەمڕۆ هیچ کەس لەسەر شەقام و هیچ کەسێك لەناو جەماوەر و هیچ سیاسەتمەدارێك و هیچ هاووڵاتییەك ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە دادگا سەربەخۆیە. ئەمە وایکردووە کە بڵێین عێراق وڵاتی قەیرانەکانە، رۆژانە قەیران و تەنگژە روو لەو وڵاتە دەکات، دیارە لاسەنگی لە نەبوونی دادپەروەری و پێشێلکردنی مافەکان ئەمانە هەموویان فشارن و دادگاش تێوەی گلاوە، چونکە زۆر لەوانەی تۆمەتباردەکرێن رۆژانە دەخرێنە زیندانەکانەوە بێ ئەوەی مافی خۆیان پێ بدرێت وێڕای ئەو ستەمەی کە لە مرۆڤی عێراقی دەکرێت لەزۆر شوێنی دیکەی ئەم وڵاتە، ئەو خۆپیشاندانانەی ئەمڕۆکە لە گۆڕەپان و شەقامەکانی بەغدا و شارەکان سازدەکرێن هەمووی دەرئەنجامی ئەو ستەم و نادادپەروەریی دادگاکانە،

**باشترین چارەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکومەتەی ئێستایەو پێکهێنانی حکومەتێکە کە گشت پێکهاتەکانی گەلی عیراق لەخۆ بگرێت**

**بەهۆی ئەو کێشە سیاسیە یەک لەدوا یەکانەی مالیکی دروستیان دەکات، عێراقیەکان لە ئاییندەی خۆیان دڵنیانین و بێئومێدن لەوەی خوێن رشتن لەو وڵاتە کۆتایی بێت و ژیانێکی ئاسایش و سەقامگیر بەسەر بەرن**

سەربەخۆیی دادگا مایەی چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری و هەموو لایەنێکی دیکەیە، بەڵام ئێمە هەموومان لەوە بەئاگاین کە ئەمڕۆ حزبێك یان لایەنێکی دیاریکراو بەسەر دادگا زاڵە، ئەمەیش مایەی داخە، هەربۆیەیش دەبینین ئەمڕۆ گەندەڵیی دارایی و ئیداری بەربڵاوبۆتەوە و دارمانی هەیکەلی ئیداری و دارایی هەموو گۆشەکانی دەوڵەتی عێراقی گرتۆتەوە، و هەڵبەتە بەڕای من ئەمانە بەڵگەی بەرچاون لەسەر نەبوونی دەسەڵاتی سەربەخۆ لە سیستەمی دادوەریدا، بۆیە ئەگەر سیستەمێکی سەربەخۆی دادوەری و بێلایەن بوونی نەبێت کە هەموو لایەنەکان دانی پێدا بنێن ئەوا هەرگیز ناتوانین دامەزراوەکان بنیاد بنێین و ببین بە خاوەن دەوڵەتێکی راستەقینە)).
سەبارەت بە هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە نەخوازراوە و گێڕانەوەی عێراق بۆ ئارامی و سەقامگیری د.وەلید عەبود لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی:
(پێموایە باشترین چارەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکومەتەی ئێستایەو پێکهێنانی حکومەتێکە کە گشت پێکهاتەکانی گەلی عیراق لەخۆ بگرێت، بەمەش رێگە لەوە دەگیرێت کە هیچ لایەنێك نەتوانێت دادگای فیدرال بەسیاسەت بکات یان بە میزاج و بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئاراستەی بکات، لە کۆبوونەوەی ئەم دواییەی پەرلەمان هەوڵماندا بابەتی یاسای دادگای فیدرال بخەینەڕوو تا دواتر پەسند بکرێت، بەڵام دەوڵەتی یاسا بە هێنانەوەی چەندین پاساو و بیانوو قایل نەبوو بێتە پاڵ ئێمەوەو دەنگ لەسەر ئەم یاسایەی دادگای فیدرال بدات، چونکە دەوڵەتی یاسا دەیەوێت دادگای ئیتیحادی هەروەکو خۆی بهێڵێتەوە و زۆربەی قەوارە

**پەرلەمان و پرۆسەی سیاسی ناتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن ئەگەر بەم شێوەیە ئەو دادگایە بەردەوام بێت لە ئیشوکاری خۆی و یاسایەک دەرنەچێت و دەستەیەکی نوێ دانەمەزرێت**

سیاسییەکانیش ئەو شتەیان بەلاوە پەسەند نییە و ڕەتیدەکەنەوە و پێموایە هاوپەیمانی کوردستانی و لیستی عێراقییە و ڕەوتی سەدری لەمرووەوە لەگەڵمان هاوڕان کە هەموویان لەگەڵ دەرکردنی یاسای دادگای ئیتیحادی بوون، بەڵام بەهۆی دەرچوونی قەوارەی دەوڵەتی یاسا و دەنگدانیش لەسەر یاسا پێویستیی بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان هەیە و لەئاکامیشدا نەتوانرا ئەو ڕێژەیە بەدەست بێنین و بەهۆی دەرچوونی دەوڵەتی یاسا و کامڵ نەبوونی ڕێژەی یاسایی خۆی)).

هەر سەبارەت بەم لایەنە و سەبارەت بە ئاستی بوونی گەندەڵی لەدەسەڵاتی دادوەری و بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە وەك ئامرازێك بۆ مەرامەکانی سەرۆك وەزیران، پرسیارمان لە پەرلەمانتار عاشور کەربولی لە لیستی ئەلعراقیە کرد و ئەویش لەوەڵامدا جەختی لەسەر ئەوەکردەوە ئەگەر دادگاکان چەکێك نین بەدەست سەرۆك وەزیرانەوە چۆن لەماوەی تەنیا ٢٠ کاتژمێردا پاسەوانەکانی رافع عیساوی دەستگیر دەکرێن و بڕیاریشیان بۆ دەردەچێت، لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند: (ئەگەر لە ڕوانگەیەکی یاساییەوە بڕوانینە ڕەوشی دەسەڵاتی دادوەری لە عیراقدا، ئەوا هەموو ئەو بەڵگەو نموونانەی لەبەر دەستن ئەوە دەسەلمێنن کە بە هیچ شێوەیەك دادگاکانمان لە بڕیارو حوکمەکانیان سەربەخۆ نین و کەوتوونەتە ژێر فشارێکی ئاشکرای سیاسییەوە، بۆنموونە چەندین کەیسی سادە و بچووك هەن کە نزیکەی ٣ تا ٤ ساڵ یاخود ٢ ساڵ یانیش زیاتر حوکمیان لەسەر دەرنەچووە، نموونەیەکی دیکە، سەرۆك پاسەوانەکانی رافع عیساوی کە بە تۆمەتی تێوەگلان لە تیرۆر دەستگیر کرا، گرتن و لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنەکەی تا دەرچوونی حوکمەکەی لەلایەن دادگاوە هەمووی لە ماوەی ٢٠ کاتژمێردا ڕاگەیەنرا، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کەئەم پرسە پێشتر سیناریۆی بۆ ئامادەکراوەو بە تەگبیر و ڕاسپاردەی سیاسیانە کراوە. هەربۆیە لەو وڵاتەدا تێکەڵییەك لە ئیش و کارو تەنانەت لە بڕیارەکاندا هەیە، هیچ دەسەڵاتێکی دیاریکراو لەئارادا نییە، بۆیە دەبینین کاغەزەکان تێکەڵ بوونە، دادگاکان حوکم و بڕیار لەسەر کەیسەکان دەردەکەن تەنانەت گەر لەچوارچێوەی دەسەڵاتیشیان بێت یان نە)).

### لەعێراقدا دادگای فیدرالی گومانی لەسەرە و ناتوانێت کێشەکان یەکلایی بکاتەوە

د. وەلید عەبود لەلێدوانەکەیدا بۆ گوڵان ئاماژەی بەوەکرد کە هەفتەی ڕابردوو هەوڵیانداوە لە پەرلەمانی عێراق موناقەشە لەسەر پێکهاتەی دادگای فیدرالی بکرێت، بەڵام لیستی دەوڵەتی یاسا ئامادەنەبوون و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە پێکهاتەی ئەو دادگایە هەروەك خۆی بێت، هۆکاری سادەش بۆ ئەم پێداگرتنەی لیستی دەوڵەتی یاسا لەبەر ئەوەیە ئەم پێکهاتەی ئێستای دادگای فیدرالی بڕیارەکانی بۆ بەرژەوەندی حکومەت و سەرۆك وەزیرانە، ئەمەش وایکردووە پێکهاتەکانی دیکە نەتوانن بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و تەفسیری بڕگەکانی دەستوور پەنا بۆ دادگای فیدرالی بەرن، سەبارەت بەم لایەنە، پرسیارمان لە فائیزە باباخان پسپۆری یاسایی و پەرلەمانتاری پێشووی هاوپەیمانی کوردستان کرد، ئەویش دەربارەی دادگای فیدرالی عێراق بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (لە عیراقی ئەمڕۆدا دەسەڵاتی دادوەری بە دوو تەرازوو دەکێشرێت، بە سیاسەتکردنی دادوەری زەق و ئاشکرایە،

**هەندێک بڕیار هەن کە لەلایەن دەسەڵاتی باڵاوە دەرکراوە دژی پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤن و لەگەڵ ڕێسای گشتیی یاساکان یەکناگرنەوە**

چونکە ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە هەم سیستەمی دادوەری و هەمیش سیستەمی جێبەجێکردن، تەنانەت وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆش هەموویان لەدەستی یەك تاکە کەسن و هەر خۆیشی سەرپەرشتییان دەکات کە ئەویش مالیکی سەرۆك وەزیرانە، هاوکات خودی سەرۆکی ئەنجوومەنی دادگای باڵا کە ئێستا ئەم پۆستە بەڕێوە دەبات پێشتر سەر بە حزبی بەعس بووە پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی بەعس دەیگرێتەوە، بۆیە کەوتۆتە ژێر فشاری سەرۆك وەزیران و ناتوانێت بەبێ ئاگاداریی ئەو هیچ بڕیارێکی یەکلاییکەرەوە دەربکات یان حوکمێك بدات، سەرئەنجام بڕیارەکە بڕیارێکی کۆتایی نابێت و خودی ئەو سەرۆك ئەنجومەنەی دادگا وەکو کەسایەتییەکی لاواز دەردەکەوێت، جا ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری بەم شێوەیە بێت، دەبێ دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە چ شێوەیەك بێت، بەڵام

**هەمووومان لەوە بەئاگاین کە ئەمڕۆ حزبێک یان لایەنێکی دیاریکراو بەسەر دادگا زاڵە، ئەمەیش مایەی داخە**

من نامەوێت لێرەدا ئەم دیاردەیە گشتگیر بکەم، چونکە لە عیراقدا دادوەری بەتواناو کارامەمان زۆرە کە بە پێی یاسا ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ دەکەن، بەڵام گرفتەکە لە شێوازو چۆنییەتی جێبەجێ کردنی بڕیار و حوکمەکاندایە، کە من بە دڵنیاییەوە دەڵێم زۆر زەحمەتە لەو بارودۆخە ناهەموارەی ئێستای عێراق ئەم بوارە بە تەواوی بەئاکام بگات، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ڕەوشی ئەمنی و نا سەقامگیریی بارودۆخەکە تا بڵێی ڕووی لە خراپی و ترسناکییە، بگرە ئاستی خزمەتگوزارییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لەدواوەیە، ئەگەر هاووڵاتییان بیانەوێت داوایەك پێشکەش بە دادگا بکەن بۆ دابینکردنی مافەکانیان ئەوا پێشەکی نائومێد دەبن، چونکە لە عێراقدا نە سەروەریی یاسا بوونی هەیە و نە کەسیش ڕێز لە یاسا دەگرێت)).

لەلایەکی دیکەو سەبارەت بە رۆڵی ئەو دادگایە لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان و تەفسیری برِگە دەستوورییەکان خاتوو فائیزە لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد هەر برِیاریك بۆ بەرژەوەندی حکومەت بێت، ئەوا دادگای باڵا بەزوویی دەریدەکات و ئەوەشی بۆ بەرژەوەندی ئەوان نەبێت پشتگوێ دەخرێت، لەمبارەوە بەگوڵانی راگەیاند: (لەکاتی هەبوونی هەر هەڵەیەك لە شیکردنەوە و تێگەیشتنی یاساکان و برِگەکانی دەستوور ئەمەیان ئەرکێکە لە ئەرکەکانی دادگای دەستووری، مەبەستیش لە شیکردنەوەی یاساکان ئەوەیە



د.وەلید عەبود بۆ گوڵان:

## میتۆدی بە سیاسەتکردن و دەستێوەردان لە ئیشوکاری دادگاکان بۆتە دیاردەیەکی روونی سیاسی لە عیراقی ئەمرِۆدا

کاتێك جیاوازی بۆچوون لەسەر بەندەکان یاخود لەسەر مافەکان لەئارادا هەبێت، بۆ نموونە دەبینین هەندێك لەو برِیارانەی کە لە بەرژەوەندیی حکومەت و وەزیرەکان و وەزارەتەکاندایە بە روونی و ئاسانی دەردەکرێن، بەڵام هەندێك برِیار هەن کە لەلایەن دەسەڵاتی باڵا-وە دەرکراوە دژی پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤن و لەگەڵ رێسای گشتیی یاساکان یەکناگرنەوە، ئەمەش لە رووی یاساییەوە بەکوفر لە قەڵەم دەدرێت، زۆر جار هەندێ شتی ترسناك ئەنجام دەدرێت کە هەرگیز پێشتر ئەنجام نەدراون، بەداخەوە ئەمرِۆ لە عێراقدا سیستەمی دادوەری دارِماوە، من ناوی لێ دەنێم دارِمانی دادگا. بۆیە من بارودۆخەکە بەم شێوەیە دەبینم، کە گەل هەر لەسەر ئەم سەرپێچی و پێشێلکردنانەی مافەکانی و نەبوونی دەسەڵاتێکی دادوەریی بە سیاسەتکراو بێ دەنگ نابێت، لە ئێستاشدا نیشانەکانی بێزاریی و نارِەزایی دیارن و بۆ نموونە ئەوەتا خۆپیشاندان لە چەندین شاری عێراقی لە ئەنبارو موسڵ و شوێنی دیکە دەستی پێکردووە کە ئەمە سەرەتایەکە بۆ دەربرِین و کۆکبوونی بیروبۆچوونی جەماوەر بەرامبەر نادادپەروەری و گەندەڵی و بە سیاسەتکراوی دادگاکان و من لەوبرِوایەدام کە بازنەی ئەم نارِەزاییانە رۆژ لە دوای رۆژ فراوانتر دەبێت)).

### دەبێت پێکهاتەی دادگای فیدرالی بگۆرِێت


یەکێك لەو ئیشکالیەتەی لەسەر دادگای فیدرالی عێراق هەیە، ئەوەیە گومان لەسەر ئەوە هەیە ئەم دادگایە سەربەخۆ بێت، بەڵکو هەندێك لە پەرلەمانتاران باس لەوە دەکەن ئەم دادگایە وەك بەشێك یان دامەزراوەیەکی حکومەت کاردەکات، لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە ئەم دادگا فیدرالیەی ئێستا هەیە پێش نووسینەوەی دەستووری عێراق لەساڵی ٢٠٠٥ برِیاری لەسەر دراوە و چەند ماددەیەك لەدەستووردا هاتوون کە دوای ئەم دادگایە دەرچوون، سەبارەت بە هێشتنەوەی ئەم دادگایە بەوجۆرە پرسیارمان لە پەرلەمانتار ئازاد سرێشمەیی لە هاوپەیمانی کوردستان کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (دادگای باڵای فیدرال کە ناوی لە ماددەی ٩٢ و ٩٣ و ٩٤ی دەستووردا هاتووە، دەسەڵاتێکی بەرزی دادوەریی هەیە و دەسەڵاتەکانی لە دەستوور دیاریکراوە، کە بریتین لە یەکلایی کردنەوەی کێشەکان، راڤەکردنی ماددەکانی دەستوورە، هەروەها چەندین ئەرکی دیکەی پێ سپێردراوە، بەڵام ئەو دادگایە کە لەساڵی ٢٠٠٥ـەوە پێش دەنگدان لەسەر دەستوور دامەزراوە، کە دەبووایە دوای دەنگدان لەسەر دەستوور دادگایەکی نوێ دابمەزرێت، بەڵام تا ئێستا رێکەوتنێك نییە لەلایەن کوتلە سیاسییەکانەوە بۆ دەرکردنی یاسایەك بەم دادگایە، بۆیە ئێستا ئەو دادگایە لە کارەکانیدا سەرکەوتوو نییە، چونکە گومانی ئەوەی لێدەکرێت کە ئەو کێشانەی دەچنە لای بەسیاسیی کرابن، یان لەلایەنێکەوە کۆنترۆڵکرابن، یەکێك لەو برِیارانەی دەریکردووە ئەوەیە کە پەرلەمان بۆی نییە یاسا دەربکات، چونکە دەستوور لە ماددە(٦٤)دا باس لەوە دەکات کە دوو لایەن هەن دەتوانن پرۆژە یاسا و پێشنیارە یاسا دەربکەن، یەکیان برِگە (أ) کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتیی کۆمارە، برِگەی (ب)ش دەڵێت دە ئەندام پەرلەمان یان لیژنەی تایبەتمەند بۆیان هەیە کە پێشنیاری پرۆژە بکەن، بەڵام دادگای



عاشور کەربولی بۆ گوڵان:

## بە هیچ شێوەیەک دادگاکانمان لە برِیارو حوکمەکانیان سەربەخۆ نین و کەوتوونەتە ژێر فشارێکی ئاشکرای سیاسییەوە

فیدرال پێیوایە لە برِیارەکەی خۆی کە ئەو پرۆژە پێشنیارانەی پەرلەمان دەریدەکات یان دەیکاتە یاسا، حکومەت مولزەم نییە جێبەجێی بکات، کە دەبێت پێشتر پرسی حکومەت بکرێت، چونکە بە رای دادگای فیدرال ئەوە بیرۆکەیەکە نابێتە پرۆژە، ئینجا لە هەموو ئەو برِیارانەی کە داویەتی وایکردووە کە گومانێك دروست بێت، کە ئەو دادگایەی ئێستا هەیە وەکو پێویست نییە، بۆیە دەبێت پەلەبکرێت لە دامەزراندنی دەستەیەکی نوێ بەپێی یاسایەك کە دەبێت پێشتر لە پەرلەمان دەربچێت، دواتر دەستەیەکە دابمەزرێت. لەبەر ئەوەی



فائیزە باباخان بۆ گوڵان:

## گرفتەکە لە شێوازو چۆنییەتی جێبەجێ کردنی بڕیار و حوکمەکاندایە و زۆر زەحمەتە لەو بارودۆخە ناهەموارەی ئێستای عێراق ئەم بوارە بە تەواوی بەئاکام بگات



ئازاد سرێشمەیی بۆ گوڵان:

## دادگای فیدراڵی لە کارەکانیدا سەرکەوتوو نییە، چونکە گومانی ئەوەی لێدەکرێت کە ئەو کێشانەی دەچنە لای بەسیاسیی کرابن

ئێستا هەستدەکرێت بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بەلای حکومەتدا دەشکێتەوە و بۆ بەرژەوەندیی حکومەت بڕیارەکان دەردەکات، من وەکو نموونەیەك باسی ئەوەم کرد کە چۆن پەرلەمان مافی ئەوەی نییە یاسا دەربکات، کە لە بنەڕەتدا ئیشی پەرلەمانە یاسا دەربکات، پێشتریش باسی دەستە سەربەخۆکان کرا کە دادگاکە دیسان گوتبووی کە ئەم دەستە سەربەخۆیانە دەبێ سەر بە حکومەت بن، ئەوەش جێگەی گومانە چۆن سەربەخۆن و چۆنیش دەبێت سەر بەحکومەت بن، کە دەستوور چۆن یاسای بۆ هەموو شتەکان دەستنیشان کردووە، وەك هەرێمەکان و دەزگاکان و هاوبەشەکان لە هەمان کاتیشدا چەند دەستەیەکی سەربەخۆی داناوە کە چەند ماددەیەکی بۆ تەرخانکردووە لە ماددەی ١٠٢ و دواتر، کەچی دادگای فیدراڵ بۆ بەرژەوەندیی حکومەت دەیشکێنێتەوە، بەڵام وادیارە حکومەت توانیویەتی کۆنترۆڵی بکات ئەو بڕیارانەی کە لەوێ دەردەچن بۆ بەرژەوەندیی حکومەت بن نەك بۆ دەسەڵاتی یاسایی کە بە پێی دەستوور ئەرکەکانی دیاریکراوە)).

سەبارەت بە ئایندەی دادگای فیدراڵی و مانەوەی عێراق بەبێ لایەنێکی یاسایی بێ لایەن بۆ میانگیری لەنێوان بۆچوونە جیاوازەکان و یەکلاکردنەوەی کێشەکان، ئازاد سرێشمەیی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە هەتا دەستەیەکی نوێ بۆ دادگای فیدراڵی هەڵنەبژێردرێت بارودۆخەکە بەم شێوە دەمێنێتەوە، لەمبارەوە بەگوڵانی وت: (ئەگەر بەم شێوەیە بێت و هەمان ئەو دادگایە بەردەوام بێت لە ئیشوکاری خۆی و یاسایەك دەرنەچێت و دەستەیەکی نوێ دانەمەزرێت، پەرلەمان و پرۆسەی سیاسی ناتوانن رۆڵی خۆیان ببینن، هەروەها کێشەکان یەکلایی ناکرێنەوەو ئەو ماددە یاساییانەی شرۆڤەیان بۆ نەکراوە هەموو ئەو کێشانەش وەکو خۆیان دەمێننەوە، هەر بۆ نموونە یەکێك لەو مەسەلانە کێشەی نێوان هەرێمەکانە، پارێزگاکانە، کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، تەنانەت هەندێ لە شارەزایانی یاسا وای بۆ دەچن کە ئەم دادگایەی ئێستا بۆی نییە تەفسیری ماددەکانی دەستوور بکات، بۆیە دەرکردنی یاسایەك و هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێ تاکو بەپێی ئەم یاسایە کاربکات زۆر پێویستە، خاڵێکی دیکە دەبێ لە کاتی بوونی هەر کێشەیەك سکاڵا بۆ دادگای فیدراڵ بەرز بکرێتەوە، بۆ نموونە ئێمە کە کێشەیەکمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ دەبێت، پێویستە سکاڵا بەرز بکەینەوە بۆ ئەم دادگایە، بەڵام بۆیە تائێستا نەمانکردووە، لەبەر ئەوەیە کە مەترسی ئەوە هەیە دادگای فیدراڵ لە بەرژەوەندیی حکومەتی فیدراڵ دەنگ بدات، پێشتریش بینیویانە کە ئەم دادگایە چۆن بڕیار دەردەکات، بۆیە کێشەکانیش بەم شێوەیە ماونەتەوەو چارەسەر نەکراون)).

### عێراق بەرەو کوێ؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، ئایا لەساڵی داهاتوو بەرەو کوێ ملدەنێت، ئەوا گومانی تێدانییە دەبێت، ئەو ئەگەرە لەبەرچاو بگرین، ئەگەر بەمشێوەی ئێستا حکومڕانی بکرێت و شێوازی حکومڕانی گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، ئاوا مەزندەی پێشبینی کراو لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە مەزندەی خراپە و عێراق بەرەو ناسەقامگیری زیاتر و دابەشبوونی زیاتر هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆ رێگرتن لەم مەزندە خراپانە و گێڕانەوەی حکومەت بۆ سەر سکەی نیشتمانی و هاوبەشی راستەقینەی نێوان پێکهاتەکان، ئەمریکیەکان پێشنیاری ئەوەیان بۆ حکومەتی خۆیان کردووە بەوەی ئەمریکا پارمەتیەکانی لەعێراق ببڕێت هەتا نوری مالیکی سەرۆك وەزیران دەستبەرداری تاکڕەوی دیکتاتۆریەت دەبێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق دەبێ چی بکەن بۆ ئەوەی عێراق لەم کارەساتە رزگار بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە سادەیی و بەپلەی یەکەم بەستراوەتەوە بە هەڵوێستی لایەنە شیعیەکانی ناو هاوپەیمانی نیشتمانی، بەتایبەتی کە ئەوانیش (بێجگە لەلیستی دەوڵەتی یاسا) هەستیان بەو راستیە کردووە ئەم رێگەی مالیکی لە حکومڕانی پیادەی دەکات، ئاکامەکەی پێش هەمووان بۆ پێکهاتەی شیعەش خێری نابێت، بۆیە گرنگە هەنگاوی جددی هەڵبگرن بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر مالیکی بۆ ئەوەی خۆی راست بکاتەوە، یان هاوپەیمانی نیشتمانی دەستپێشخەر بێت بۆ ئەوەی سەرۆك وەزیران بگۆڕێت، ئەگەر ئەم هەنگاوە جدیانە لەلایەن هاوپەیمانی نیشتمانیەوە هەڵنەگیرێت، دەبێت لەساڵی داهاتوو عێراقیەکان رووبەڕووی دیکتاتۆر ببنەوە و جیهانیش پێشوازی لەدەوڵەتیکی تەواو فاشیل بکات.



## شێروان حەیدەری

وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# مالیکی بە عەقڵییەتی تاکڕەوانە کاردەکات و لەوبڕوایەدا نیم لەگەڵ ئەو عەقڵییەتە بتوانین عێراقێکی دیموکراتی دروست بکەین و مامەڵەی لەگەڵ بکەین

**تەنیا راگەیاندنی فیدرالیزم یان دارِشـتنی لەدەستووردا نابێتە هۆکاری ئەوەی سیستمی فیدرالی لەسەر ئەرزی واقیع دابمەزرێت، پسپۆرانی یاسـایی پێیانوایە چۆن وەرچەرخان لە حاڵەتی سروشـتیەوە بۆ حاڵەتی کۆمەڵگەی مەدەنی بەندە بەو گرێبەستە کۆمەڵایەتیەی کە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە گرێدەرێت، ئەم گرێبەسـتەش دەبێتە چوارچێوەیەکی شـەرعی بۆ ئەوەی هەموو تاکەکان پابەند بن بە گرێبەسـتەکەو هەمووشـیان سوودمەندبن، بەهەمان شێوە لە فیدرالیزمیشـدا دەسـەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکان بە ئازادی یەکدەگرن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی تازە و هەموویان لەم سیسـتمە سـودمەند دەبن و هەمووشیان پابەند دەبن بەو گرێبەسـتەی نێوانیان، گرێبەستی نێوان هەرێمە فیدرالیەکانیش دەستوورە، هەربۆیە کاتێك لایەك بەم دەستوورەوە پابەند نەبێت، وەك فیدرالیەکانی عێراق و سریلانکا و سۆدان، ئەوا لەبری ئەوەی زەمینەی پێکەوە ژیان دروست بێت زەمینەی ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبی دروست دەبێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم لایەنە لەرووی یاساییەوە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ یاساناس بەرێز شێروان حەیدەری وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

**ئەم هەڵسوکەوتەی مالیکی کە دەیەوێت خۆی لە سیستەمی فیدرالی بدزێتەوەو وڵات بەرەو سەنترالی بەرێت، دەسەڵاتەکانی بەزاندووە و تەنانەت ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە ناوچە تێکەڵەکان ناوبەرێت، نیشانەی ئەوەیە کە دەیەوێت بەرەو دکتاتۆریەت هەنگاوبنێت**

*** سەرکەوتنی سیستەمی فیدرال بەندە بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە تایبەتیش دانانی دوو ئەنجومەن، ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی هەرێمەکان، ئێستا لە عێراق ئەم دابەشکردنەی دەسەڵات بوونی نییە، لە رووی یاساییەوە دابەش نەکردنی دەسەڵاتەکان چ مەترسییەکی بۆ سەر ئاییندەی سیستەمی فیدرالی هەیە؟**

- کۆڵەگەی سیستەمی فیدرالی لەسەر چەند بنەمایەك دارێژراوە، نەك هەر لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش، یەکەمین دابەشکردنی دەسەڵاتە لە نێوان هەرێمەکان و نێوان دەسەڵاتی ئیتیحادی، دووەم بنەما، دابەشکردنی داهاتەکانە لە نێوان هەردوولا، ئەمانە دوو بنەمای سەرەکین بۆ سیستەمی فیدراڵی تا هەریەکە لە هەرێمەکان و دەسەڵاتی ئیتحادی دەسەڵاتەکانی خۆیان بزانن، ئەم بنەمایانە لە دەستووری عێراق چەسپاون، دەسەڵاتەکان و داهاتەکان چۆن ئیدارە دەکرێن و چۆنیش دابەش دەکرێن، جگە لەمەش دەتوانین بڵێین یەکێك لەکەموکورییەکانی سیستەمی فیدرالی لەعێراق ئەوەیە کە تا ئێستا ئەنجومەنی ئیتیحادی دانەمەزراوە، ئەمە زۆر گرنگە، چونکە ئەو یاسایانەی کە پەیوەستن بە هەرێمەکانەوە، پێویستە بەو ئەنجومەنەدا تێپەڕن، ئەگەر ئەم ئەنجومەنە رەزامەندیی نەدا، ئەو یاسایانە بە نیسبەت هەرێمەکان جێگیرنابن و جێبەجێش ناکرێن، هەتا ئێستاش یەك هەرێم لە عێراقی فیدرال

**یەکێک لە کەموکورییەکانی سیستەمی فیدرالی لە عێراق ئەوەیە کە تا ئێستا ئەنجومەنی ئیتیحادی دانەمەزراوە، ئەمە زۆر گرنگە، چونکە ئەو یاسایانەی کە پەیوەستن بە هەرێمەکانەوە، پێویستە بەو ئەنجومەنەدا تێپەڕن**

هەیە کە هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەگەر هەرێمێکی دیکە دروست بێت، ئەوا دەبێتە هاندەرێك بۆ هاتنەکایەی ئەم ئەنجومەنە، چەند خاڵێکی دیکە دەمێنێتەوە بە نیسبەت بە هەرێمەکان یان حکومەتی ئیتیحادی کە دەبێت پابەندبن بەو دەسەڵاتانەو ئەو داهاتانەی کە پێیان دراوە بە پێی دەستوور، ئەمە کورتەیەکە دەربارەی سیستەمی فیدرالی.

*** لەو شێوازی فیدرالییەی کە لە دەستووردا بۆ پیادەکردنی فیدرالیزم لە عێراقدا دارێژراوە دەسەڵاتی حکومەتی فیدرال و هەرێمەکان فراوانن، ئێستا لە عێراق یەك هەرێم هەیە کە هەرێمی کوردستانە، بەڵام حکومەتی فیدرالی بەغدا سنووری دەسەڵاتی خۆی بەزاندووە بەرەو سەنترالی هەنگاو هەڵدەگرێت، ئایا هەرێمی کوردستان کە خۆی بە بەشێك لە سیستەمی فیدرالی دەزانێت، چۆن دەتوانێت لەگەڵ حکومەتی سەنترالی مامەڵە بکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، ئەگەر سەیری دەستووری عێراقی فیدرال بکەین، کە کاتی خۆی بە تەوافوق دەرچوو، دەسەڵاتەکانی ئیتیحادی لە ماددە ١١٠ دەست نیشانکراوە، کەس گلەیی لەم دەسەڵاتانە نییە، بەهەمان شێوە دەسەڵاتەکانی هەرێم دەست نیشانکراون، من بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە هەرێمی کوردستان پابەندبووە بەو دەسەڵاتانەی کە بە پێی دەستوور پێی دراوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت کە لەم دواییەدا دەسەڵاتی ئیتیحادی وردە وردە دەستوور پێشێل دەکات، پێشێلکردنی دەستووریش دەرئەنجامی یاسایی لەسەر

**ئەگەر سەیری هەندێ کێشە بکەین کە دادگای باڵای فیدرال یەکلایی کردۆتەوە، دەبینین بڕیارەکەی سیاسییە پێش ئەوەی قەزایی بێت**

دەکەوێتەوە، راستە لایەنێك ئەگەر دەستووری پێشێلکرد ئەوا دادگای فیدرال هەیە، بەڵام لە دیباجەی دەستووردا هاتووە کە پێویستە هەموولایەك پێوەی پابەندبێت، ئەم هەڵسوکەوتەی ئەم دواییەی بەڕێز مالیکی دەیەوێت خۆی لە سیستەمی فیدرالی بدزێتەوەو وڵات بەرەو سەنترالی بەرێت، دەسەڵاتەکانی بەزاندووە و تەنانەت هاتە سەر دروستکردنی هێزی دیجلەو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە ناوچە تێکەڵەکان ناوبەرێت، کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دەیەوێت بەرەو دکتاتۆریەت هەنگاوبنێت، ئەمەش هەرگیز قبوڵ ناکرێت، چونکە عێراقی تازە لەسەر چەند بنەمایەك دروستکراوە، ئەویش یەکەمیان بوونی هاوسەنگییە لە نێوان پێکهاتەکان، دووەم بوونی هاوبەشیی راستەقینە، سێیەم بوونی پرنسیپی تەوافوق لەسەر کێشەکان، کە لەسەرەتاوە ئەم بابەتانە رەچاوکران، بەڵام مالیکی هەمووی بەلاوەنا، تەنانەت رێکەوتننامەکانیش، عەقڵیەتی ئێستای عێراق بەرەو سەنترالی دەبات، زۆربەی زۆری پێکهاتەکانی عێراق هەتا لەناو خودی شیعەش لەگەڵ ئەمە نین.

*** لە سیستەمی فیدرالیدا دادگای باڵای فیدرال بەرزترین دەسەڵاتە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان، وەك وەزیری داد چۆن سەیری ئەم دادگایە دەکەیت؟**

- ئەگەر سەیری دادگای باڵای فیدرال بکەین دەبینین دەسەڵاتەکانی دیاری کراون، بەپێی یاسایەك کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەندکراوە، یەکێك لەو دەسەڵاتانەش ئەوەیە کە بڕیار لەسەر ئەو کێشانە بدات کە لە نێوان حکومەتی فیدرال و هەرێمەکان روودەدەن، هەروەها دەسەڵاتێکی دیکەی ئەو دادگایە یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەن کە پەیوەستن بە رەوایی یاسا و بڕیار و رێنمایەکان کە




لەلایەن ئەو لایەنانەوە دەردەچن کە مافی دەرکردنیان هەیە، لە هەمان کاتدا مافی ئەوەی هەیە چاو بەو تانانەدا بخشێنێتەوە کە لە دادگا ئیدارییەکانی عێراقەوە دەردەچن، بێجگە لە چەندین دەسەڵاتی دیکە، بەڵام ئەوەی کە لەم دادگایەو سەرۆکەکەی تێبینی دەکرێت، پێش ئەوەی کە دادگای ئەنجومەنی دادوەری باڵا هەموار بکرێتەوە، سەرۆکی ئەم دادگایە، هەم سەرۆکی دادگای تەمیز و هەم سەرۆکی دادگای ئیتیحادی بووە، ئەمە کێشەیەکە لە ڕووی یاسایی و دەستووری قبوڵ ناکرێت، بە قەناعەتی من ئەم دادگایە زیاتر ڕۆڵی سیاسی دەبینێت نەك دادپەروەری، واتا بەسیاسی کراوە، بۆیە ئەو هەموارکردنەی لە یاسای ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە جێی خۆیەتی.

***ئەو هەموو کێشانەی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بوونیان هەیە، هەروەها ئەو ئیشکالیەتانەی لەسەر لێکدانەوەی برگەکانی دەستوور هەیە، کە دادگای باڵای فیدرال هیچ چارەسەری نەکردووە ئایا ئەمە واتای ئەوە نییە کە لایەنێك لە پێکهاتەکان ڕۆڵی لەم بوارەدا هەیە، ئەگەرنا بوونی ئەم دادگایە چ مانایەك دەبەخشێت؟**

- من هاوڕام لەگەڵ پرسیارەکەی تۆ، قەزا دەبێت سەربەخۆ بێت، بۆیە ئەگەر سەیری هەندێ کێشە بکەین کە دادگای باڵای فیدرال یەکلایی کردۆتەوە، دەبینین بڕیارەکەی سیاسییە پێش ئەوەی قەزایی بێت، وەکو کێشەکەی هاشمی و کێشەکانی دیکە، بۆیە دەبێت دادگا لە سیاسەت دووربخرێتەوە و سەربەخۆیی خۆی

**پێویستە دەسەڵاتی دادوەری لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە سەربەخۆبێت، ئەم دوو پرەنسیبە دەسەڵاتی دادوەری لە سێ دەسەڵاتەکانی دیکە جیادەکاتەوە**

بچەسپێنێت، مەبەستم لەمەدا ئەوەیە کە دەبێت دادوەرەکان سەربەخۆبن و ئازادبن لە بڕیاردان.

*** بەپێی قسەی پەرلەمانتارانی عێراق کە حکومەتی مالیکی بە ئاشکرا دەستی وەرداوەتە ناو دەسەڵاتی دادوەری، بۆیە بڕیارەکانی هەمووی لەبەرژەوەندیی حکومەتە، ئایا بەسیاسیکردنی دەسەڵاتی دادوەری چی لێ دەخوێنرێتەوە؟**

- پێویستە دەسەڵاتی دادوەری لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە سەربەخۆبێت، ئەم دوو پرەنسیبە دەسەڵاتی دادوەری لە سێ دەسەڵاتەکانی دیکە جیادەکاتەوە، بەڵام ئەمە بەس نییە، دەبێت بڕیارەکانی ئەم دادوەرانە سەربەخۆبن، نەك لەژێر دەستێوەردان کاریگەریی لەسەر بڕیارەکان هەبێت.

*** جۆرێك لە گەندەڵی هەیە پێی دەگوترێت گەندەڵی لە دەسەڵاتی دادوەری، ئەمەش دادوەر و فەرمانبەرانی دادگاکان و پۆلیس و پارێزەران دەگرێتەوە، تا چەند ئەم گەندەڵییە لە عێراق دادوەری گرتۆتەوە؟**




- گەندەڵی دیاردەیەکی بەرچاوە لە عێراق و ڕۆژانەش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەبینین کە گفتوگۆ دەکرێت لەسەر بابەتی گەندەڵی، بە دووریشی نازانم تەنانەت ئەگەر لە دەسەڵاتی دادوەریش گەندەڵی هەبێت.

***تەنیا یەك ڕێگا لەبەردەم پێکهاتەکانی عێراقدا ماوە ئەویش پێکەوەژیانە لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدرالدا، یاساناسان پێیانوایە ئەگەر بنەمایەکی یاسایی بۆ ئەو پێکەوەژیانە ڕێك نەخرێت زەمینەی شەڕی ناوخۆ دروست دەبێت، بەرای ئێوە ئەو بنەما یاساییە چین؟**

- ئەم بابەتانە هەمووی لە دەستووری عێراقدا کۆکراونەتەوە کە ئەم دەستوورەش بە تەوافوق دەرچووە، ئێستا لە هەرێمی کوردستان لەسەرئاستی هەموو سەرکردەکان کۆکن کە تەنیا دەستوور حەکەمە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان، بەڵام مەسەلەکە پابەندنەبوونە بەدەستوورو ڕێکەوتننامەکان، باشە پێویستی بەوەدەکرد مالیکی هێزی دیجلە بێنێتە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ ئەوەی ئارامی و ئاسوودەیی ئەو خەڵکە لەوێ تێکبدات، ئەم بابەتانە لەسەری ڕێك کەوتبوون بە ئامادەبوونی ئەمریکییەکان، پاشان ئەوەی ئەو کردوویەتی جگە لەوەی پێچەوانەی دەستووره ئەو دەسەڵاتەی نییە، هەروەك میدیاکان و شارەزایانیش ئاماژەیان پێکردووە کە مالیکی هێزی فەرمی بەکارهێناوە بۆ مەرامی سیاسی، ئەمە پێشێلکردنی دەستوورە، کە دەبووایە ئەم ناوچانە بە گوێرەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور ئاسایی کردنەوەیان تێدا بکرابایە،

> **مالیکی هێزی فەرمی بەکارهێناوە بۆ مەرامی سیاسی کە ئەمە پێشێلکردنی دەستوورە، دەبووایە ئەم ناوچانە بە گوێرەی ماددەی١٤٠ی دەستوور ئاسایی کردنەوەیان تێدا بکرابایە**

ئایا ئەمە ئاسایی کردنەوەی ناوچەکانە یان ئاڵۆزکردنیانە، هەروەها بە ئارەزووی خۆی فەرماندەی تیپە سەربازییەکان دادەمەزرێنێت، کە ئەمە دەبێت لە دەسەڵاتی پەرلەمان بێت، کۆی قسەکانم ئەوەیە کە مالیکی بە عەقڵییەتی تاکڕەوانەو سەنترالی کاردەکات، بۆیە لەوبڕوایەدا نیم کە لەگەڵ ئەو عەقڵییەتە بتوانین عێراقێکی دیموکراتی دروست بکەین کە هەموومان هەوڵمان بۆ داوە و هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ ئەو عەقڵییەتە مامەڵە بکات.

*** تاچەند پێکهاتەکانی سیاسی عێراق پێویستیان بە هۆشیاریی یاساییە هەتا لە بایەخی سەربەخۆیی یاسایی تێبگەن؟**

- هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێدا کە دەسەڵاتی دادوەری لە عێراقدا سەربەخۆ نییەو لەژێر فشاری هەندێ لەلایەنە سیاسییەکانە، ئەگەر لەهەر وڵاتێکیش دەسەڵاتی دادوەری بە کردەنی سەربەخۆ بوو، ئاییندەی ئەو وڵاتە و دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ گەش دەبێت.

### ئێراق دوای سەدام یا سەدام دوای ئێراق؟

# بەکۆتاهاتنی سەدام، تەنها ستەمکارێک کەوت، بەڵام بونیادی ستەم وەک خۆی مایەوە

ئەگەرچی ئەم ناوونیشانە لە پرسیارێکی درەنگوەخت دەچێ، وەلێ یەخەگیرو ناچارییە چ لە پێشترو ئێستادا چ لە دوارۆژێکی نزیک و دووریشدا. لەگەڵ ئەوەی هیچ بۆنەیەک نییە لێرەدا باسی سەدام بێنینەگۆڕێ. هەربۆیە کاتێک دەپرسیین: ئێراق یا سەدام، چەندیین پرسیار لەمێشکماندا دەوروژێ. چونکی پرسیارەکە لێکدانەوەیەکی دژبەیەک –پارادۆکسێک- لە خۆیداهەڵدەگرێ: یەکەم وادەردەکەێ کە بەسەرچووبێ، ئیتر لەبەرئەوەی سەردەمی «سەدام» وەک فەرمانڕەوایەک لەبەرچاو ونبوو. دووەم، هەمان پرسیار لەدەموەختی رووخان و کەوتنی سەدام حوسێن دا، پرسیارێک بوو لە فاڵگرتنەوە، تاڕادەیەکیش ناحەزێ دەچوو. بەتایبەت کەوتنی و کۆتایی هێنان بەسەدام کە حەتمی بوو، ئومێدێ تارادەی یەقین هەبوو کە ئێراقێکی تر بێتە ئاراوە! بەڵام وەک پێدەچێ، ئەمە سەیرکردنێک بووە لەکونی دەرزییەوە بۆ داهاتووی ئێراق. هەڵبەت لەسەرووبەندی هێرش بۆسەر ئێراق، نەلەبەرەی رەشبیین و بەدبینەکان بووم سەبارەت بەداهاتووی ئێراق، نە لە بەرەی گەشبینەکانیش بووم، کەپێیان وابوو رێگەی دیموکراسی لەئێراقدا بە نەمانی سەدام تەختبووە! وەلێ لەکاتی دەستگیرکردنی سەدام حوسێن و بەتایبەتر لەکاتی هەڵواسینیدا پرسیارێکم لێقوتبووەوە: ئاخۆ بەقۆڵبەستکردنی ستەمکارێ، ستەمکارێک دەگرین، یا کۆتایی چەرخ و سیستمی ستەمکارییە لەئێراق بەتەواوەتی؟


نایشارمەوە کەلەو پرسیارەشدا رەخنەی ناڕاستەوخۆ هەیە: ئێمە لەقەوارەی ئێراقدا هەر لەگەڵ کەس و ناوێکدا گیرمان نەخواردووە، بەڵکو لەناو فەرهەنگی گەلانی ئێراق دا، ئەقڵییەتێکی باو کارایە کە لەکەس و فۆرمی جیاوازیدا رۆحی ستەمکاری بەرجەستە دەکات. رۆحێ کە هەمیشە رێگەی گەیشتنە دەسەڵات دەکاتە رێگەی ئازادی و سەربەخۆیی، بەڵام لە کەژاوەی دەسەڵاتدا، مانەوەی خۆی دەکاتە ئامانجی نیشتمانی باڵا!

ئیدی خەیاڵپڵاویەک تیف تیفەی حەزو خەونی سیاسییەکانی دەدا کە ئەگەر دەسەڵات بگرنەدەست، ئیتر هەر چییەکیش بکەن، کەس گلەییان لێناکات. چونکی کە «دیکتاتۆر» لەوێنەی سەدام دا نەما، خەڵکی هەر شوکرانەبژێرەو هەرکەسێ بێ، پێیان باشترە لەو «قەسابە»ی کە پێشتر گیانی لەتوکوت دەکردن! پاشان سیاسیەکانی ئێراق باوەڕیان وایە ئیتر جادە تەختە، دەتوانن هەرچی بۆیان بلوێ بیکەن، لەبەرئەوەی مێژوو و رابوردوو چاو لەخەڵکی سووردەکاتەوە کە ئاخۆ «سەدامتان» لەبیرچووەوە؟!

### سەدام رۆی، چی لەئێراق مایەوە؟

بەکۆتاهاتنی سەدام، تەنها ستەمکارێک کەوت، بەڵام بونیادی ستەم وەک خۆی مایەوە. بەداخەوەی ئەوەی رۆی ئێراق بوو، ئەوەی مایەوە سەدامیەتێ بوو لەهزرو رەفتاری حوکمڕانی دا. لەکۆی مێژووی دەوڵەتی ئێراق دا، سەدام داشێ بووە لەسەر تەختی دامەکە، پاشخۆی، کەسانیتر هەمان رۆڵ پڕدەکەنەوە. خودی ئەو پێگەو شوێنەی دەسەڵاتی تێداچڕبۆتەوە، میکانیزم و رێوشوێنەکانی بەرەو دیکتاتۆری هەنگاو دەنێ. بۆیە دەوڵەت و خەڵک لەئێراق کێشەیەکی بەردەوامە. هەمیشە دەوڵەت دەکەوێتە بەرەی دژ بەخەڵکەوە. بۆیە دەوڵەت بەشێکی سەرەکییە لە دەرکەوتەکانی کێشەی بنەڕەتی ئێراق.

ئیدی کەلتوری هەڕەشەو توندوتیژی بەنەگۆڕی مایەوە، هەڵبەت سەدام داهێنەری ئەو مۆدێلە سیاسییە نییە کە ستەمکارییە،



نەوزاد جەمال*
بۆ گوڵان نووسیوویەتی

بەڵکو ئەو بکەرێکە کە ئەوەندەی تر سەلماندی: گۆڕانی سیاسی و ئارامی لەئێراق دا بەبێ توندوتیژی، خوێن نابێ. ئەوەی ئەمڕۆ لەسەرشانۆکەیە، هەمان وێنەو نموونەی لا بۆتە نەگۆڕێکی سیاسیی بە پاساوی جیاوازەوە پراکتیزەی دەکاتەوە.
لەبەرئەوە ئێراق لەژێر سێبەری ئەو ستەمە پەیدابووەو مانەوەشی هەر بەوەبەندە. ئیدی توندوتیژی و هەڕەشەو زەبرو زەنگ و ستەم کولتوری سیاسی ئێراق بەرنادات. بۆیە لەدوای سەدام ئێراق وەک ناوچەیەکی ئارام و هێمن و پێکەوەژیان سەری تیاچوو، چونکی ئەوە زەبری سەدام بوو، ئێراقی وەک جەستەیەکی مردوو بەتۆبز پێکەوەگرێدابوو. ئێستاش کەهەڵدەوەشێتەوە، کەسێ دەیەوێ بەزەبرو تواندنەوەی ئەویترو دروستکردنی «دوژمنی ناوخۆیی» یەکانگیری دەستەبەربکات. هەمیشە هەڵمەتی یەکخستن و یەکێتی ئێراق لەلایەن سەرانی بەغداوە، هۆکارێ بووە بۆدابەشبوونی نێوخۆیی و زاتی لەهەست و هزری کوردا.

## پارانۆیای سیاسی

لەخەیاڵدانی حکومەتی ناوەندیدا «کورد پلانگێرە» هەربۆیە دوورنییە مالیکی تاوانی دابەشکردنی ئێراق بەسەر کوردا بسوێ. چونکی لەمێژەوە کە بەزۆر ویلایەتی موسڵ خرایە سەر ئێراقی عەرەبی، لەپێناو راگرتنی هاوسەنگی بوو لەنێوان زۆرینەی شیعەدا بوو. ئەمەش لەسەردەستی ئینگلیز روویدا لەپێناو مسۆگەرکردنی گەیشتن بە سەرچاوەی نەوت لەئێراق بۆ چارەکە سەدەیەک زیاتر.
پارانۆیای مالیکی بەدوو ئاراستە کاردەکات: یا دەرپەڕاندنی کورد لەناوەند کە دواجار زەلیلیان بکات لەکاتی گەڕانەوە بۆ باوەشی بەغدا. یا باشتر لەکۆڵ ئێراقی بکاتەوە سەربەخۆ بێ، بەمەرجێ پشکی گەورەی نەوت لەگەڵ خۆیدا نەبات! پێدەچێ بەغدا گەیشتبێتە ئەنجام کە دۆزی ئێراق لە بن بەستدایەو هیچ چارەی نییە. واتە کوردیش هۆکاری سەرەکی قەیرانەکەیە سەرکوتکردنی ئاستەمە لەئێستادا بەکردار، بەڵام لە نیازو رەفتاری ناخەکییاندا کردەی پەشیمانە. بۆیە فشارێ بۆخۆ جیاکردنەوە لەئارادایە. هاوکات مالیکی دەیەوێ لەسەرحسابی مەزهەبی زۆرینە، دەسەڵاتی خۆی مسۆگەربکات، لەمەشدا مێژوویەک لەپەراوێزخستنی شیعە هاوکار پشت و پەنایەتی.

## ئێراق و نەریتی حوکم: ستەمکاری

ئەو میکانیزمانەی سەدام بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات هەیبوو، چیدیکە رابردوویەک نییە لەشێوازی حوکمرانی ئەمڕۆی بەغدادا، بەڵکو بوونەتە نەریتێکی فەرمانڕەوایی. هەوڵی کەرتکردنی کورد و عەرەب و، دابڕینی سونەی عەرەب و تورکمان لە کوردو پێکهێنانی هێزێ لێیان، باشترین بەڵگەن لەشێوازە باوەکەدا کە مالیکی پێیدا دەڕوات. کەواتە قەیرانی دامەزراوەیی، شێوازی حوکم لەئێراقدا نەریتە، هەرکەسی تریش بێ هەر وادەکات! نەریتێکی نەتەوەییە کە هەرکەس توندوتیژی و زەبرو زەنگ بەرامبەر کورد بەکاربهێنێ، وەکئەوەی کارێکی نیشتمانی کردبێ. ئەمەش بەسیستماتیکی لەماوەی (٨٠) ساڵەی دەوڵەتی ئێراقدا بنەمایەکە.

## ئێراقی دوای سەدام، وەک خۆی

دیارە ئێراقی دوای سەدام، هەمیشە ئێراقێ نەبووە بەهەشتی دیموکراسی بێ، ئەگەرچی هەوڵەکان سەرەتا دژایەتی و رووخانی سەدام بوو، بەڵام دوای ئەو کۆمەڵگەی ئێراقی دەکەوێتە جەنگ لەگەل خۆیدا، چونکی بە شکانی بازووی سەدام هەرچی دەسکەوتەکانی ئەو دەوڵەتەیە کەوتە بەردەستی هەمووان. ئیدی پێکدادان، ململانێ خوێناوی لەو رووەوە رێی تێدەچێ تارادەی رەوایەتی.
دەکرێ بڵێین: «سەدام» هۆکاری خراپبوونی ئێراق نەبوو بەوجۆرەی کە ئیتر پاشخۆی بێخەم بین، بەڵکو ئەو بەرەئەنجامی دەوڵەتی ئێراق بوو، بەڵام دەوڵەتی ئێراقیش لەسەردەست و هێزی کەسێتی رەهایەوە(ئەو) بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕا. کەواتە کێشەو قەیرانی ئێراق گەر بکرێ چاک بکرێ، لەوە زێتر هەڵدەگرێ کە تەنها رژێم و کەسێکی دیکتاتۆر بگۆڕدرێ، چونکی کۆششەکان لەپێناو ئێراقێکی یەکگرتوودا لەقوڕگی دیکتاتۆرو ستەمایە. هەقیقەتی ئێراق لە پارادۆکسێکدایە: مانەوەی دەبێ بەدابەشکردنی هەرێم و ناوچەکان بێ لەسەر بنەمای داهات و ماف و بەش. یا دەبێ سەرکوتکردن و لێدان و ستەم شیرازەی رابگرێ. ئێراقێکی ئارام و جێگرو سەربەخۆ، تەریبە بەحوکمێکی فاشی. ئەمەش سیفەتێکی ناکۆتاو دانەبڕاوە لە دامەزراوەی دەوڵەتی ئێراقدا.

*** مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی-زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر**

**پارانۆیای مالیکی بەدوو ئاراستە کاردەکات: یا دەرپەڕاندنی کورد لەناوەند کە دواجار زەلیلیان بکات لەکاتی گەڕانەوە بۆ باوەشی بەغدا. یا باشتر لەکۆڵ ئێراقی بکاتەوە سەربەخۆبێ، بەمەرجێ پشکی گەورەی نەوت لەگەڵ خۆیدا نەبات!**

**هەقیقەتی ئێراق لە پارادۆکسێکدایە: مانەوەی دەبێ بەدابەشکردنی هەرێم و ناوچەکان بێ لەسەر بنەمای داهات و ماف و بەش. یا دەبێ سەرکوتکردن و لێدان و ستەم شیرازەی رابگرێ**

**ئێمە لەقەوارەی ئێراقدا هەر لەگەڵ کەس و ناوێکدا گیرمان نەخواردووە، بەڵکو لەناو فەرهەنگی گەلانی ئێراق دا، ئەقڵییەتێکی باو کارایە کە لەکەس و فۆرمی جیاوازدا رۆحی ستەمکاری بەرجەستەدەکات**

**ئەوە زەبری سەدام بوو، ئێراقی وەک جەستەیەکی مردوو بەتۆبز پێکەوەگرێدابوو. ئێستاش کەهەڵدەوەشێتەوە، کەسێک دەیەوێ بەزەبرو تواندنەوەی ئەویترو دروستکردنی«دوژمنی ناوخۆیی»یەکانگیری دەستەبەربکات**

سایکۆپۆلیتیک

# بۆ دەبێت کە بەغدا بەهێزبوو کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە؟

-٢-

ئێمە لە بەشی یەکەمدا ئەوەمان ڕوون کردەوە، چۆن مێژوو و ڕابردوو، پەروەردەو کەلتوور، چ ئەزموونێکی ناوەکی و دەرەکی لە مرۆڤدا دەخولْقێنێت و چ جۆرە ستراتیژیەتێکی پێدەبەخشێت، کە لادان لەو ستراتیژییە کارێکی ئاسان نابێت. سیاسەتکردن یەکێکە لەو کایانەی کە مرۆڤ ستراتیژیەتی خۆی تیایدا پیادە دەکات، هەندێ جار ستراتیژیەتی تاکێك یان کۆمەڵێك وا باڵ بەسەر نەتەوەیەکدا دەکێشێت، پیرۆزییەکی بێئەندازی ئەوتۆ وەردەگرێت، بیرکردنەوە لە جۆرێکی دی جیا لەو ستراتیژە، تابۆ دەبێت. سەرکردەو و خەڵکی بەگشتی وا لێی ڕادێن، دەبێت هەرچۆن بووە گوێڕایەڵی بکەن، ئەگینا خۆیان بە لادەر دەزانن. نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە ستراتیژیەتێکی تایبەت گیریداون، ئەگەر بەو چەشنە سیاسەت نەکەن، وا تێدەگەن کوردایەتی ناکەن، کەچی ئەوەیشی کە نارازییە لەو بارودۆخە، دەبینێ ڕکابەری لە بەدیهێنانی ئەو ستراتیژەدا دەکات، نەک بیر لە گۆڕینی ستراتیژەکە بکاتەوە، بۆیە هەرچی بێتە دەسەڵات دەبینێ هەمان ستراتیژ دووبارە دەکاتەوە.

ئێمە لەم دیدەوە گەرەکمانە بە خۆمانەوە خەریک بین، بە نەخشەکانی خۆماندا بچینەوە، لە پلانەکانمان وردبینەوە، بە خۆماندا شۆڕبینەوە، لە نیازەکانمان ئاگادار بینەوە، تەنانەت ناوو مێشکی خۆشمان بخوێنینەوە، لە وشەو دەستەواژە و ڕستەو پەرەگراف و کتێبەکانمان بە بارێکیتردا، دەربڕینەکانمان بنووسینەوە، بە دیوێکی تردا نووسراوی ئەوانیتر داڕێژینەوەو بخوێنینەوە، تا بتوانین ستراتیژیەتی هەنوکەی خۆمان بە ستراتیژیەتێکی تر بگۆڕینەوە، تا چارەنووسی خۆمان، بۆ خۆمان بەدەستی خۆمان دیاری بکەینەوە.

سەرکردە سیاسیەکانی کوردستانی باشوور و نووسەرانی بواری سیاسی لە کوردستانی باشوور، دەشێت لەو ڕاستیە بگەن، کە سەرکەوتن و ئامانج بەدەستهێنان و گەیشتن بە مەبەست، لە گلەیی و گازندەی بەرامبەرەکەیدا دەست ناکەوێت، بەڵکو بە گۆڕینی ستراتیژ و پلان و نەخشەی خۆمان وەك نەتەوەی کورد دەکرێت. کاتێ ئەو پرسیارەی پێشەوە دووبارە بکەینەوە سەبارەت بە پێوەندی نێوان هەرێم و ناوەند، بۆ دەبێت لە مێژووی کوردی باشوور ئەوە دووبارە بێتەوە کە هەرکاتێ حکومەتی ناوەند لە بەغدا، دەسەڵاتی پتەو دەبێت، دەسەڵاتی کوردی باشوور دەخاتە ناو مەترسیەوە و بۆی دەبێتە هەڕەشە؟ ئایا ئێمە ئەم گلەییە لە خۆمان بکەین، یان لە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا بکەین؟ ئایا کێشەکەمان ئەوەیە کە مالیکی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە؟ ئەگەر عەلاویش دەسەڵاتی بگرتایەتە دەست، هەمان کێشەی ئیستەمان نە دەبوو؟ من دەڵێم: با.

ئێمە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، هەم عەرەب و هەمیش کورد (ئەگەر بشێت لەبری وشەی بەغدا و هەرێم، وشەی عەرەب و کورد بەکاربهێنم)، بەیەک ستراتیژ بیر دەکەنەوە. ئەم وەکو یەك بیرکردنەوەیە، بەردەوام کوردی بە قەیرانا بردووە و لەکۆتاییدا شکستی پێهێناوە و کۆڵی پێداوە، کەچی کە کورد دەست پێدەکاتەوە، هەمان ستراتیژ، لە فۆرمێکی تردا دووبارە دەکاتەوە، دووبارە و سێ بارەکردنەوەی هەمان ئاراستەی مێژووی، هەمان چارەنووس بەرهەم دەهێنێتەوە. من نازانم لە پشتی پەردەوە لە نێوان کورد و عەرەب و تورک و فارس، چی ئەگوزەرێ، چی ئەگوترێ، چی ئەکرێ، چ پلانێک دائەڕێژرێ، وەلێ ئەوەی لەسەر شانۆ دەبینرێ، ئەو دەرەنجامانەی لێی وەرئەگیرێ، ئەوەمان پێدەڵێن کە کورد و ئەو نەتەوانەی تر مامەڵەی ئاغا و کۆیلایەتی لەتەک یەکترا جێبەجێ دەکەن. واتە ئاغا و کۆیلە لە ململانێدان، بەڵام ئەم کۆیلەیە هەمان گەمەی ئاغا بە هەمان یاسا و ڕێسا دەکاتەوە. ئایا ئەو کۆیلەیە لە کۆتاییدا نادۆڕێت؟ بەڵێ دەدۆڕێت، چونکی ئاغا دەسەڵاتدار و سەردارە، توانای هەیە مومارەسەی دەسەڵات بکات، چونکی گشت ئیمکاناتەکانی لەبەردەستایە،



**ئازاد قەزاز**

**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**

بــەڵام کۆیلە ڕەنگە لــە هەلومەرجی لاوازی ئاغاکەیدا بواری بۆ بڕەخسـێت تا کاریگەری بەسـەر ئاغاوە هەبێت، وەلێ هێندە نابات ئاغا کۆیلەکـەی هەڵدەلوشـێت. کەواتـە کۆیلە دەبێت سـتراتیژی خۆی بگۆڕێت، یاسـای سروشـتی خۆی بگرێتە بەر، تـا پێش وەخت ڕۆحی کۆیلایەتی لە خـۆی بتەکێنێت، واتە هوشـیاربێتەوە لــەوەی کە کۆیلەیــە. ئەوجا کۆیلە بــە کارکردن وەك جوتیـار و کرێکار لەناو سروشتا، هێزێکی سروشتی وەدەسئەخات، کـە ئاغا لە دەرەنجامــی خاوبوونەوەی و مڕ بوونی، هێزی لەبەر بـڕاوە، کەچی بە خۆی نەزانیــوە. ئەگەر کۆیلە بــەردەوام ڕکابەرێی ئاغاکــەی بــکات، واتــە بــەردەوام کۆیلە بەلاوازی دەمێنێتــەوە و ئاغاش بە ئاگا دەبێت تا کۆیلە یاخی بووەکەی دەسبەسـەر بکات. بۆیە دەسەڵاتی سیاسـی هەرێمی کوردستان، نە ئەبوایە بەرامبەر لەشکرکێشی دجلە، لەشکر دانێت، دەبوایە، پەنای بۆ دادگای نێودەوڵەتیی ببردایە، ترسی خۆی و مەترسیەکانی ناوەندی، بۆ ئەمەریکاو و ئەورووپا دەرخستایە. ئایا شاعیر و نووسـەری کوردی ڕق هەڵساو و ڕووکەش خوێن، دەهێڵن مرۆڤ تۆزێك بە ئەقڵ بیرکاتەوە؟ هەر لەئێسـتەوە دەسـیان داوەتە خوێندنەوەی شیعری حەماسـی و کوردایەتی فرۆشتن بە سیاسـەتوانانی کوردسـتانی هەرێم، دەستیان داوەتە نیشـاندانی عەزەلات و خۆ دەرخستن، هەروەک بڵێی جگە لە کورد، کەسـیتر نییە بەچکە شـێر بێ و بۆ مافی خۆی بەهەڵمەت بێ. کورد کۆیلەیەکی ناهوشیارە، بە قسەکردن وەك ئاغایــەك دەدوێت و گفت دەکات، کەچی بەڕەفتار، وەك کۆیلەیەکی ناهوشـیار ڕەوت دەکات، کۆیلایەتی لە نەستیدا، لەوێوە پەخش دەکات. ئــەم ئاماژەیەم لێرەدا بۆ دەرخسـتنی ناخی کورد، بۆ تانە لێـدان نییە، هێندەی بۆ ناساندنی خودی خۆمانە، چونکی هەموومان وەکو کورد، درێژکـراوەی مێژوویەکین، هەر یەکەمان بە ئایدیۆلۆژیایەکەوە گرفتارین، هەر یەکەو بە هۆی ناوێکەوە دەردەدارین.

ئەم بۆچوونەی پێشەوە، نابێت ئەوە بگەیەنێت کە سەرکردەکان و بەرپرسەکانی کوردستانی باشـوور، هیـچ بەرپرسـیارەتیەك نەکەوێتە ئەسـتۆیان، نا نەخێر، چونکـی ئەوان هەوڵیان نەداوە لە ئەزموونەکانی مێژوو، پەندێك وەرگرن و گۆڕانێـك بەسـەر سـتراتیژیەتی خۆیاندا بهێنن. ئەوان نەکۆشـاون ڕۆحی کۆیلایەتی لە نەسـتی خۆیانـدا دەربهێنن، کۆششـیان نەکردووە، سیستەمێکی مەعنەوی کە دواجار لە سیستەمێکی مادیدا خۆی پەخش ئەکات، دامەزرێنن.

ئەگەر ئەم نەتەوەی کوردە، هەروا سیاسـەت بکات، ستراتیژیەتی خۆی نەگۆڕێت، مەینەتی و ئاوارەیی، بەردەوام بەشمان دەبێت. ئەوەی کە بەندە بۆی دەچێت و بیـری لێدەکاتەوە، کورد و سـەرکردەکانی کورد دەبێت، دەسـبەرداری ململانێی سیاسـی ببـن لەتەك ئـەو نەتەوە سەردەسـتانە، دەبێـت ململانێیەکـی ماریفی دامەزرێنن، ململانێیەك کە پەیوەندی بە زەوی و خـاك و سـنورەوە نەبێـت، ململانێیەك کە ئایدیۆلۆژیایەك بخوڵقێنێت، کورد کۆکاتەوە و داوای ئازادی بیروبـاوەڕی تێدا بێت، کە ئەو نەتەوانـەی تر، نەتوانن بـە چەك و تەقەمەنی هێرشمان بکەنەسـەر، بەڵکو دیالۆگ و فکر و زانست و فەلسـەفە لەو ململانێیەدا چەك و تفاقمان بێت. سـتراتیژیەتی کـورد دەبێت بەو بارەدا بگۆڕدرێت، ئەگین تا ماوین هەروا داماو دەبین.

لێـرەدا ناتوانم ئەو ململانێیــە ئایدیۆلۆژیە، ئاشـکرا بکەم، ئەگین هـەر کوردەکە خۆی، هەراسـانم ئەکات، چونکی بەرگەی ناگرێت، لەبـەر ئـەوەی کۆیلـە ناتوانێ بە ئاسـانی، دەستبەرداری ئاغاکەی بێت. کۆیلە کە ئازادی بەیتێ، دەترسـێت، کۆیلە لە ژیانێک ڕاهاتووە، بەبێ فەرمان و قوربـان. قوربان، ژیانی لێتێك ئەچێت. هەرکاتێ مرۆڤ لە نەسـتی کۆیلە بوون، ڕزگاری بـوو، دەبێتە خاوەن فکر، دەبێتە خاوەن ڕای تایبەتی خۆی، دەبێتە خاوەن ڕێبازی ژیانـی خۆی، ئـەوکات کە ئاغـا ڕێگەی لێدەگرێـت، ڕێگە لـە گرنگترین خەسـڵەتی مرۆڤ دەگرێت، کە ئازادی و سـەربەخۆییە لە بیرکردنـەوەدا. مەرج نییە مرۆڤ هەر تەنها بە کاری سیاسی ئازادی فەراهەم بێنێت، مرۆڤ دەبێت ئەو ڕێگا تایبەتە بدۆزێتەوە، ئیتر کاری سیاسـی بێت، یان ئاینی بێت، یاخود فەلسەفی بێـت، دەبێت هەوڵـدات، کامیان لەو سـات و کاتـەدا، لەو هەلومەرجـەدا کاریگەرترینیانە، کە بــە تێچوونێکی کــەم، بەرهەمێکی زۆر ئەچنێتــەوە، ئەو ڕێگەیــە بگرێتە بەر. مرۆڤ نابێت هەر پەلامـار بدات، جاروبار، خەڵوەتێکی پێویسـتە بۆ بە خۆدا چوونـەوەدا. لە کۆتاییدا دەڵێم، کورد دەبێت سـتراتیژیەتی سیاسی خۆی بگۆڕێت، دەبێت جـۆری ململانێکەی لە تەك عەرەب و تورک و فارسدا بگۆڕێت، ئەگین لە گشت بەرەوڕووبوونەوەیەکدا، لە کۆتاییدا شکست دەهێنێت، دەبێت متمانە بخاتە سەر ڕۆحی خۆی و هێزی گەل، ئەگین شپرزە دەبێت و لە دواجاردا نامێنێت، ئیدی سەرلەنوێ هەروا دەوران بە دەور، خول دەخۆین و سـەرمان لە هیـچ دەردەهێنین، لە سفرەوە بەوە دەستپێدەکەینەوە کە چارەنووسی خۆمان بەرەو شکستی خۆمان بەرینەوە.

**کورد و ئەو نەتەوانەی تر مامەڵەی ئاغاو کۆیلایەتی لەتەک یەکترا جێبەجێ دەکەن. واتە ئاغاو کۆیلە لە ململانێدان، بەڵام ئەم کۆیلەیە هەمان گەمەی ئاغا بە هەمان یاسا و ڕێسا دەکاتەوە**

**کورد و سەرکردەکانی کورد دەبێت، دەسبەرداری ململانێی سیاسی ببن لەتەک ئەو نەتەوە سەردەستانە، دەبێت ململانێیەکی ماریفی دامەزرێنن، ململانێیەک کە پێوەندی بە زەوی و خاک و سنوورەوە نەبێت، ململانێیەک کە ئایدیۆلۆژیایەک بخوڵقێنێت، کورد کۆکاتەوەو داوای ئازادی بیروباوەڕی تێدا بێت**



# هەرێمی کوردستان
# کاراکتەرێکی دیموکراتی لەناو گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا

هەرێمی کوردستان جیا لەوەی لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەغداوە کێشەی بۆ دروست دەکرێت و بە بیانوی جیاواز لە بەغداوە هەوڵدەدرێت رەوتی پەرەپێدان و پێشکەوتنەکانی رابگیرێت، لە هەمانکاتدا بەهەر چواردەوریدا شەپۆلی گۆڕانکاری و جۆرێك لە تەنگژە بوونی هەیە، بەڵام وێڕای ئەمانەش هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی لەسەر رەوتی پەرەپێدان و بەرەوپێشەوەچوونی ئابووری و بونیادنانەوە بەردەوامە، لەهەمانکاتدا توانیوویەتی لەسەر ئاستی هەرێمی پەیوەندیەکی سەقامگیری ئابووری و سیاسی و بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری بونیاد بنێت، ئەمە بێجگە لەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش جیا لەبواری نەوت، لەسەر ئاستی وەبەرهێنان و هاندانی کۆمپانیا بیانیەکان بۆ کوردستان پەیوەندیەکی فرە رەهەند و هەمەلایەنەی لەگەڵ دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و کۆریای باشور و ژاپۆن بونیادناوە، لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبیش بە تایبەتی دەوڵەتانی کەنداو و لوبنان و ئوردن پەیوەندیەکی باشی هەیە، ئەمەش هەمووی پێکەوە سیمایەکی ئەوتۆیان بە رەوتی حکومڕانی ئەم هەرێمە بەخشیوە، بەوەی دەتوانێت وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی بگونجێنێت و کۆمەڵگە نێودەوڵەتی رێزی بگرێت بە هەمان شێوە هەرێمی کوردستانیش لەچوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتیەکان و بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە دەستووری عێراقدا هەن، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەرودراوسێی و جیهاندا رۆژ لە دوای رۆژ پەرەپێبدات، لەبەرامبەر ئەم بارودۆخە سەقامگیرەی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت، حکومەتی ناوەندی عێراق بۆتە سەرچاوەی مەترسی پێش هەمووان بۆ گەلەکەی و هەڕەشە بۆ سەر دەوڵەتانی دراوسێ، ئەمەش وایکردووە لەگەڵ ئەوەی حکومەتی عێراق بە بەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە، گەورەترین بودجەی لەبەر دەستە، بەڵام هاووڵاتیانی هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکیان بۆ دابین ناکرێت، تەنانەت لە شاری بەغدا کە گەورەترین شاری عێراقە و پایتەختی وڵاتە، نەتوانراوە ئاوی خواردنەوەی پاك دابین بکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی زۆربەی شارەکانی عێراق بە بەغداشەوە لە خزمەتگوزاری پاککردنەوە و ئاوەڕۆ و تەزووی کارەبا بێ بەشن. لەمەش زیاتر هەموو مەزندەی چاودێران و پسپۆرانی بارودۆخی عێراق بەرەو ئەو ئاراستەیەن کە ئێستا عێراق بەرەو تەنگژەیەکی قووڵی ململانێی مەزهەبی و ئیتنی هەنگاو هەڵدەگرێت و لەم بارودۆخەشدا کە ناوچەکە خۆی لەسەر لێواری گۆڕانکارییەکی گەورەیە بە تایبەتی وەك پێشبینی دەکرێت دوای رووخانی رژێمی بەشار ئەسەد لەسوریا، ئەوا لەوانەیە بارودۆخی عێراقیش بە تەواوی تێکبچێت و هەندێك لە چاودێران مەزندە و پێشبینی ئەوە دەکەن، ئەگەر ئاستی کێشەکانی عێراق بەم ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرن، ئەوا لەوانەیە ئەو تەنگژە و ئاڵۆزیانەی لە عێراق روودەدەن، پریشکەکانی وڵاتانی دراوسێش بگرنەوە، دیارە ئەوەشی لەم پرسە نیگەرانە تورکیایە، لەبەر ئەوەی تورکیا کە لەناوچەکەدا رۆڵێکی دیاریکراو و گرنگی هەیە و یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندییەکی باشی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ دراوسێکانی هەیە، بە تێکچوونی بارودۆخەکەش ئەمە کاریگەری خۆی دەبێت، هەربۆیە لەم حاڵەتەدا کە هەرێمی کوردستان راستەوخۆ دراوسێی دەوڵەتی تورکیایە و پەیوەندی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان نەك تەنیا لەبواری ئابووری و بازرگانی، بەڵکو لەسەر ئاستی دیپلۆماتی و سیاسیی بۆ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە یەکدەگرێتەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا تورکیا هەقیەتی لەبارودۆخی ئاڵۆزی ئەم وڵاتە نیگەران بێت، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی عێراق و پێگەی هەرێمی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، لەم راپۆرتە قسەمان لەگەڵ چەند رۆژنامەنووس و ئەکادیمیەکی تورکیا کردووە، کە لێرەدا بۆچوونەکانیان بڵاو دەکەینەوە.





*** هەموو ئاماژەكان بەو ئاراستیەن كە سیاسەتی ئێستای سەرۆك وەزیرانی عێراق، عێراق بەرەو لێوارێكی مەترسیدار دەبات، ئایا بەڕێزت وەك چاودێرێكی سیاسی چۆن ئەم بارودۆخە دەخوێنیتەوە؟**

ـ جێگەی داخە مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراقی بەو سیاسەتەوە هەڕەشە لە داهاتووی وڵاتی عێراق دەكات، هەرچەندە داهاتووی عێراق تەنیا بە دینامیكیەتە ناوخۆییەكانەوە دیاری ناكرێت، چونكە قەومانی هەر شەڕو جەنگێكی مەزهەبییانە یان ئیتنیكی و نەتەوەییانە پریشكی دەپەڕێتەوە بۆ سەرتاپای ناوچەكەو بەهۆی ئەوەشەوە كۆمەڵی نێودەوڵەتی و بە تایبەتیش وڵاتانی دراوسێی عێراق هەرچی لە دەستیان بێت ئەنجامی دەدەن، گەرچی هەندێكیان بەرژەوەندیشیان هەیە لە پارچە پارچەبوونی عێراق، ئەمەش بە ڕاستی هەڕەشەیەكی جددییە..

*** لەم وەڵامەی بەڕێزت ئەوە دەردەكەوێت، توركیاش كاردانەوەی دەبێت، ئایا ئەگەر بارودۆخێكی وا بێتە پێشەوە هەڵوێستی توركیا چۆن دەبێت؟**

- بەهیچ شێوەیەك توركیا نایەوێت شەڕێكی مەزهەبیی یان نەتەوەیی لە ناوچەكەدا هەڵگیرسێت، چونكە گەورەترین زیانی پێ دەكەوێت، بە تایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە كاریگەرییەكی زۆری لەسەر توركیا دەبێت، حیسابی ئەو ئەگەرەش بۆ خۆی دەكات كە لە چارەسەركردنی كێشەی كورددا بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، بە نموونە لە شەڕی كەنداوی یەكەمدا كۆڕەوی كورد بە تەنیا كاریگەری بۆ سەر ئابووری توركیا نەبوو، بەڵكو كێشەی ناوخۆیی ئەو وڵاتەشی گەیاندە دۆخێكی گرژترەوە، لەگەڵ ئەوەشدا توركیا بە وردی تەماشای بزاو و جموجۆڵەكانی كوردیی دەرەوەی سنوورەكەی خۆی دەكات، گەرچی توركیا كوردستانێكی سەربەخۆی ناوێت، بەڵام بۆ پاراستنی كوردستانیش لە هەڕەشەی دەرەكی هەنگاو دەنێت، واتە بۆ جێگیربوونی دۆخی ناوچەكە هەرچی لە دەستی توركیا بێت ئەنجامی دەدات، ئەوەش لە بیر نەكەین كە شەڕی مەزهەبگەریی كاریگەرێتی لە شیعەكانی عێراقەوە دەتەنێتەوە بۆ شیعەكانی سووریاو لوبنان و؛ تەنانەت وڵاتی ئێرانیش، بۆ خۆی كاریگەرێتی لە ناوچەكەدا زیاتر دەبێت و توركیاش ئەمەی ناوێت..

*** ئەگەر راشكاوانەتر بدوێین، ئایا توركیا لە حاڵەتێكی لەو جۆرە پشتیوانی لەكام لا دەكات؟**

- بە تەئكید توركیا پشتگیری لە كوردستانی عێراق دەكات، لەو ماوانەی دواییدا كوردستان بایەخەكەی بۆ ئەنقەرە فرەتر بووە، بە بۆچوونی خۆم ئەگەر حكومەتی ناوەندی هەر جموجۆڵێكی سەربازییانە دژ بە كوردستان ئەنجام بدات ئەوە توركیا لە بەرانبەریدا دەوەستێتەوە، چونكە كوردستان بۆ باری ئابووری توركیاو جێگیربوونی دۆخی ناوچەكەو هەروەها بۆ ئاسایشی توركیاش پێویستە، نابێت ئەوە لە بیر بكەین كە بە ملیۆنان كورد لە توركیا دەژیین، توركیا چۆن پێوەندی بە توركمانەكانەوەیە ئاوهاش پێوەندی لەگەڵ كورددا هەیە، جگە لە پێوەندی نزیكایەتی هاوخوێنی پاش ئەوەی كوردی هەرێم لە باكوری عێراق ڕووی خۆیان بە ئاراستەی توركیا وەرسوڕاند ئەمە ڕۆڵی كاریگەری هەبوو بۆ گۆڕینی ڕوانینی توركیا، ناتوانم ئەمە بە تەنیا بە باری ئابووری و ڕێككەوتنی وزەوە وەسف بكەم، لەم دواییەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی كە وتی((توركیا تاكە دەرگای ئومێدی ئێمەیە)) ئەم وتەیە حەقیقەتێكی كوردییانە دەردەبڕێت بۆ خۆی، حەقیقەتی توركیاش ئەوەیە كە هەرچەندە پێوەندییەكانی لەگەڵ ئەو پێكهاتەیەی كە لە باكووری عێراقدا دروست بووە بە نەزمی سیاسەتی دەرەكی مامەڵەی لە تەكدا دەكات، بەڵام تا كێشەی كورد لە ناوخۆدا چارەسەر نەكات ناگاتە كامڵبوون لەم كارەدا، بە بۆچوونی من توركەكان و كورد لەم ناوچەیەدا تەنانەت بە پاراستنی سنوورەكانیشەوە بێت بۆ خۆیان دەتوانن پێكهاتەیەكی دیموكراتیانەی ئابووری دروست بكەن، یان بە هاوچارەنووسی دەتوانن لەتەك یەكدا بمێننەوە، ئەگەر كوردستان

## محەمەد عەلی بیراند بۆ گوڵان:

# لەوانەیە تورکیا بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئیعتراف بە سەربەخۆیی کوردستانی عێراق بکات

**محەمەد عەلی بیراند یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە ناودارەکانی تورکیا و ماوەی نزیکەی ٥٠ ساڵە کاری ڕۆژنامەگەری دەکات و ستوونووسی ڕۆژنامەی میللیەتە بەزمانی تورکی و ڕۆژنامەی حوریەت دەیلی نیوزە بەزمانی ئینگلیزی، بیراند لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە هاوشانی کاری ڕۆژنامەگەری نووسراو، ڕووی کردۆتە کاری ڕۆژنامەگەری تەلەفزیۆنی و لە تەلەفزیۆنی شۆ تی ڤی بەرنامەی ٣٢ هەمین ڕۆژی هەبووە و پاشان چۆتە تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێن تورک و لەوی هەواڵی ڕۆژنامەی پێشکەشکردووە و ئێستاش لە کەناڵی (دی)یە، بیراند بە ڕۆژنامەنووسێکی سیاسیی لیبراڵ ناسراوە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی تورکیا و هەروەها کێشەی کورد لەتورکیا و ناوچەکە، بۆ قسەکردن سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای ناوچەکە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ محەمەد عەلی بیراند ئەنجامداوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

پێویستی بەوە بێت دوور بێت لە کارتێکەرە دەرەکیەکانەوە، ئەوە تورکیا هەرچی لە دەست بێت دەیکات، چونکە تورکیا هەرگیز نایەوێت بارزانی لە شوێنی تورکیادا پشت بە لایەکی دیکە ببەستێت..

*** ئێستا هەرێمی کوردستان بۆتە سەرچاوەی وزە، ئەمەش بایەخێکی دیکەی دروستکردووە، ئایا تاچەند تورکیا لەم حاڵەتە پشتگیری هەرێمی کوردستان دەکات؟**

- بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر پێی خۆی بوەستێت هەرچی لە دەست تورکیادا بێت ئەنجامی دەدات، بە تایبەتی هەر دۆزێك سەبارەت بە نەوت و غاز لە ناوچەکەدا بێتە ئاراوە، تەنیا دۆزێك نابێت بۆ تورکیاو هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەبێتە کێشەی سەرمایەی نێودەوڵەتی، کۆمەڵی نێودەوڵەتیش لەگەڵ ئەوەدا نین ئەم سەرمایەیە بلەرزێت و هەر لایەنێك بیر لە نانەوەی فیتنەی مەزهەبی یان نەتەوەیی بکەنەوە، ئەوە تورکیا ئامادەباشی دەبێت لە بەرانبەری بوەستێتەوە؛ نەك بۆ نەبڕینی سووتەمەنی، بەڵکو بۆ ڕوونەدانی هەر شەڕێك لە ناوچەکەدا، لەوانەیە ئەلتەرناتیڤی ئەوەشی لەبەرچاو بێت دژ بە حکومەتی ئێستای عێراق بە شێوەی چاوەڕوان نەکراو ئیعتیراف بە سەربەخۆیی کوردستان بکات..

چونکە پێگەی ئێستای تورکیا وەك جارانیی نییەو متمانەی بە خۆی هەیە، خۆی بە تاکە پارێزەری کورد دەژمێرێت لە ناوچەکەدا، ئەگەر پێشتر و تا ئێستاش ترسی لە جیابوونەوەو سەربەخۆیی کورد هەبێت ئێستا نەماندەتوانی باس لەم شتانە بکەین، ئەوە لەبیر نەکەین ئەم مەسەلەیە بە تەنیا ئابووری نییە..


*** لایەنێکی دیکە لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان هاوهەڵوێستیە بەرامبەر سوریا، ئایا ئەم لایەنە چەند گرنگە، خوێندنەوەی بەڕێزتان چییە بۆی؟**

- بۆ سوریا، کلیل نە تورکیایەو نە هەرێمی کوردستانە، کلیلەکە لای کۆمەڵی نێودەوڵەتییە بە تایبەتی لای ئەمریکایە، ئێوە دەڵێن هەرێمی کوردستان پشتگیری لە خەڵکی ڕاپەڕیوی سوریا دەکات باشە؛ با من تەنیا یەك پرسیار لە ئێوە بکەم، لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆربەی سیاسەتمەدارانی کە دەیانناسم لە ڕەوتی چەپگەرا بوون، پاشان لە دوای ئەو زوڵم و پەستانەی بەعس لێی دەکردن بوونە لیبراڵیی، بەبێ ئیستسنا جگە لەوەی هاووڵاتی هەرێمن زۆریان هاووڵاتی کاراو پلەبەرزی چەند وڵاتێکی خۆرئاواییین کە پێشتر مافی پەناهەندەییان تێدا وەرگرتبوو، بێگومان دەمەوێت باسەکە بۆ ئەو جێگەیە درێژە پێبدەم کە پێشبینی دەکەم ئۆپۆزسیۆنی سوریاش زۆربەیان سیکۆلاربن، جگە لە ئیخوان و سەلەفیەکان، بەشێکی زۆر لە خەڵکیش داوای حکومەتێکی دیموکراتیانەی ئیسلامی دەکەن، ئەوە پڕوپاگەندەی ئەسەد نییە بەڵکو ڕاستەقینەیە، گەر بێت و بە تەنیا بیر لە کوردی سوریا بکەینەوەو ئەو بۆچوونە دەربڕین، ئەمە دەبێتە نەزانین و تێنەگەیشتن بۆ دووربینینی و سیاسەتی حکومەتەکەی بارزانی، لەگەڵ ئەوەدا هەر باس لە دابەشبوونی مەزهەبییانەی کورد ناکەم، چونکە یەك نەتەوەن، کەواتە بە بۆچوونی من تورکیاو هەرێمی کوردستان لە هەڵوێستیان دژی ئەسەد دەتوانن یەکبگرن، بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد کارەکە زەحمەتتر دەبێت و لەوانەیە لە گۆڕانکارییەکانی پاشەوەتردا هاوڕاوبیر نەبن، هەمووی بە لایەکەوە.

*** کە تورکیا خۆی بە پارێزەری کورد دەزانێت، پرسیار ئەوەیە بۆچی کێشەی کورد لە وڵاتەکەی خۆی چارەسەر ناکات؟ ئایا پێتوانییە تورکیا ئەم کێشەیە چارەسەر بکات باڵادەستر دەبێت؟**

- بە داخەوە تا ئێستاش تورکیا لە ژێر کاریگەرێتی ئەو شەڕەیدا لەگەڵ پەکەکە، ناتوانێت بە ڕاشکاوانە هەنگاو بنێت تا خەڵکی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، هۆکاری ئەمەش ئاسانە سالانی داهاتوو هەڵبژاردنی گرنگ بەڕێوەن، بەڵام بە بۆچوونی من ئەردۆگانی سەرۆك وەزیران باشتر دەزانێت کە چی پێویستە بۆ چارەسەرێکی یەکلاییکەرەوە، بە زانینی ڕیسکی سیاسییانە لەو ڕۆژانەیدا کە درێژە بە قسە ڕەقەکانی دەدات لە ساتەوەختی

تەرمی کوژراوەکان، پرســـیارێکتان لێ دەکەم، ئایا بە بۆچوونی ئێوە بۆچی دەسەڵاتی خۆی داوەتە میت تا لەگەڵ پەکەکە دانیشتن ئەنجام بدەن؟، ئەردۆگان بەهۆی وادەی هەڵبژاردنەکان و بەهـــۆی کارەکتـــەری خۆیـــەوە دەیەوێـــت چارەسەری ئەم کێشـــەیە بکات بەو ڕێگایەی کە خۆی دەیەوێـــت، بە هەڵە لێم تێمەگەن ئەو ناڵێت((my way or the high way)) لە کۆبوونەوەو باسەکانیدا لەو تێدەگەین کە دەیەوێت لە پشـــتەوەی دەرگا داخراوەکانەوە لە هەندێك شت پاشەکشە بکات، میت و حکومەت بلیمەتانە دیارە لە کارەکە تێگەیشتوون، تێدەگات کە چۆن چۆنی چارەســـەر دەکرێت، بێگومان پەکەکەش دوورناخاتەوە لە چارەسەرە گشتییەکە، ئەگەر بتوانێت ئۆجـــەلان بەکاربهێنێت بەکاری دێنێت، دە سەیرکەن واباسی زیندانی ناو وڵات دەکرێت، ئەوەش لە زاری یەکێك لە بەرپرســـە گەورەکانی حکومەت دەرچوو، هەروەك خۆتان وتتان ئەگەر ئەکەپە ئەو هەنگاوانەی نەنابایە ئایا ئێستا دەمانتوانی باسی ئەو شتانە بکەین، زۆر دوور نەڕۆین پازدە ساڵێك لەمەوبەر ئەگەر کەســـێك ئەم قسەیەی کردبا پێیان دەوت خائین و پەشـــیمانیان دەکردەوە لـــەوەی کە وتویەتی، بەڵام ئێســـتا مکوڕە لەســـەر ئەوەی دەیەوێت دەبێت بەو ڕێگایە چارەســـەر بکرێت کە خۆی دەیەوێت، ئەم حکومەتـــە، تاقانە حکومەتە لە تورکیا کە ئیرادەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ئەســـتۆی خۆی دەنێت، هەنگاویشـــی بۆ ناوە، ئەگەر هاوبیر بین لەم باسەدا ئەی نابێت لـــەوە تێبگەین کە نایەوێـــت ببێتە حکومەتێك کە لەگەڵ پەکەکـــە پێکهاتبێت لە بەر چاوی خەڵکی لەبەر ئەو هۆیانەی باســـم لێوە کردن، کەواتە بۆ ئەوەی وردە وردە پەکەکە ببێتە سڤیل و بۆ زیاتر کرانەوەی ڕێگای سیاسەتی کوردی تەنیا هەوڵەکانی حکومەت بەس نین، کوردی تورکیا ئێســـتا دوو نوێنەریان هەن یەکەمینیان ئەکەپەیە کە دەنگ لەو کەسانەوە وەردەگرن کە بە وتەی خۆیان کوردانی زیندانین، دووەمینیان پەکەکەیە، بە داخەوە کە لە سیاسەتی تورکیادا هیچ ڕێزێك لە بە دەپە ناگیرێت، چونکە لە هەر کێشەیەکدا پەنجە بۆ ئۆجەلان درێژ دەکات و وەك پەکەکە ســـەیریان دەکات، ئێوە ڕەنگە وا بیری لێ بکەنەوە کە حکومـــەت هیچ هەنگاوێکی جددی لەو بابەتەوە نەنابێت، لەوانەیە ڕەخنەی خۆتان بگرن لە دەستگیرکردنەکانی کەی سی کەی و ئۆپەراسیۆنە ســـەربازییەکانیش، بەڵام حکومەتی ئێستا هەر هەنگاوێکی لەم جۆرەی هەڵێنابێـــت، ئەوە جددیترین هەنگاوی دەوڵەتی کۆماری تورکیا بووە.



*** دۆخی عێراق بـــەرەو بارگرژی تائیفی و شـــەڕێکی ناوخۆیـــی نەتەوەیی دەچێت، کـــە ئەمـــەش ڕاســـتەوخۆ پەیوەســـتە بە سیاسەتەکانی نوری مالیکیەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند شەڕی ناوخۆ ئایینەدەی ئەم وڵاتە دەخاتە مەترسیەوە؟**

- ئەگەر شـــەڕی ناوخۆ ڕوویدات، ئەوا لەو حاڵەتـــەدا ناتوانین چیتر بـــاس لە عێراق بکەین، لەبەر ئەوەی دەرئەنجامی شـــەڕەکە عێراقێکـــی یەکگرتوو نابێت، کەواتە ئەوەی توانرا دوای ٢٠٠٣ بپارێزرێت ئەوا ئەمجارە ناتوانرێت بپارێزرێت، لەبەر ئەوەی ئەم شەڕە دەبێتە هۆی لێکترازانی نەتەوەیی لەعێراقدا، ئەمەش دەبێتـــە هۆکاری ئـــەوەی عێراق کۆتایی بێت.

*** تورکیـــا نیگەرانە لە بارودۆخی عێراق و ســـەرۆك وەزیرانی تورکیا هۆشداری داوە لە ئەگەری شەڕی تائیفی و ئیتنی لە عێراقدا دەستەوەســـتان نابێت، ئایا تورکیا ئەتوانێت چ ڕۆڵێك ببینێت؟**

- حکومەتی تورکیا پەیوەندیەکی زۆر خراپی لەگەڵ حکومەتی مەرکـــەزی بەغدا هەیە، پەیوەنـــدی نێوان ئەردۆغـــان و مالیکی زۆر خراپـــە، تەنانەت پەیوەندی شەخســـی نێوان ئەردۆغـــان و مالیکیش هەرەســـی هێناوە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەیوەندی نێوان حکومەتی ئەنقەرە و حکومەتی بەغدا. کەواتە ئەگەر شەڕ لە نێوان- ئەگەرچی کەس خوازیاری ئەم شەڕە نییە- کوردستان و بەغدا ڕوویدات، ئەوا پێدەچێت، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو لێدوانانەی بـــەم دواییە لە تورکیا دراون، تورکیا لایەنی هەرێمی کوردســـتان بگرێت،



### جەنگیز چاندار بۆ گوڵان:

# ئەگەر شەڕی ناوخۆ ڕووبدات عێراق کۆتایی دێت

**جەنگیز چاندار یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی تورکیا، کە نەك هەر لەسەر ئاستی تورکیا ناسراوە، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان و لەهەمانکاتدا یەکێکە لەو کەسانەی کە لەناو تورکیا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی کێشەی کورد لەو وڵاتە بەشێوەیەکی ئاشتی و دیموکراتیانە چارەسەر بکرێت، چاندار کە ئێستا ستوون نووسی ڕۆژنامەی حوریەت دەیلی نیوزە و وتارەکانی بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و تورکی بڵاو دەبنەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق و ناوچەکە و هەرێمی کوردستان، جەنگیز چاندار بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

بە دڵنیاییەوە شەڕێکی لەم شێوەیە ئاکامی ئیقلیمیشی لێدەکەوێتەوە و درێژ دەبێتەوە لە تارانەوە بۆ ئەنقەرە و لە ئەنقەرەوە بۆ دیمەشق و شوێنەکانی دیکە. لەبەر ئەوە ئاسان نییە بزانین چۆن پەرەدەسەنێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە ناکۆکی نێوان هەولێر و بەغدا، ئەنقەرە لایەنگیری هەولێر دەکات.

*** کوردستان دراوسێی ڕاستەوخۆی تورکیایە و بەرژەوەندیگەلێکی ئابووری و بازرگانی گەورە لە نێوان هەردوولادا هەیە، هەروەها کوردستان هەوڵی هەناردەکردنی نەوت و گاز دەدات لە ڕێی تورکیاوە، بەڵام حکومەتی عێراق هەوڵدەدات کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات، ئایا تا چەند تورکیا لەم تەنگژەیەدا پاڵپشتی ئەم هەرێمە دەکات؟**

- لە ڕاستیدا زۆر زەحمەتە بتوانین لە ئێستادا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. هەروەك پێشتر باسمکرد هیچ کەسێك لە ناوچەکەدا خوازیاری ئەم شەڕە نییە، کە دۆخێکی نادیار هەیە لە سوریا و لە پەرەسەندن و بەرەوپێشچووندایە، هەربۆیە شەڕی نێوان کوردستان و بەغدا دۆخێکی ئاڵۆزتر دەخولقێنێت لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەی ناوچەکەدا، کەواتە لە ئێستادا ئەمە لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکی ناوچەکەدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەم شەڕە بەرپا بێت- کە کەس خوازیاری نییە و لە بەرژەوەندی کەسیشدا نییە لە ناوچەکەدا-ئەوا هەموو ئاماژەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە تورکیا لایەنگیری کوردستان دەکات دژ بە بەغدا.

*** دەبینین دۆخی سوریا بەرەو کۆتایی دەچێت، ئەویش دوای گۆڕانی هەڵوێستی ڕوسیا، بەڵام هێشتا حکومەتی عێراق پشتیوانی ڕژێمی سوریا دەکات، بەڵام هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە خەڵکی سوریا دەکات و تورکیاش هاوکاری خەڵك و موعارەزەی سوریا دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم هەڵوێستە هاوبەشەی کوردستان و تورکیا چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە؟**

- دووبارەی دەکەمەوە زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە بارودۆخەکە چ شێوەیەك دەگرێت لە سوریا، ئەوە ڕاستە یەکانگیریەك لە بەرژەوەندیەکاندا ڕوویداوە لە نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیا لەبارەی پشتیوانیکردنی موعارەزەی سوریەوە، کە هەردوولا دژی ڕەفتارەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەدن لە دیمەشق. ئەگەر سوریا دابەش بێت، ئەوا ئەگەر کوردستانی سوریا بێتەئاراوە ڕوون نییە چۆن دەردەکەوێت و کێ کۆنترۆڵی دەکات و چۆن و لە کوێ، ئەمانە پرسگەلێکن کە دەبێت چاوەڕێی بکەین و ببینین چۆن پەرەدەسێنن. لەبەر ئەوە وەڵامێکی کورت نییە بۆ ئەم پرسە. کەواتە دەبێت چاودێری ڕەوتی بەرەوپێشچوونی بارودۆخەکە بکەین و بزانین هەڵوێستی یاریزانە ئیقلمیەکان چیە لە سیناریۆ جیاوازەکان و دۆخە جیاوازەکاندا. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەتوانین بڵێین یەکانگیریەك لە بەرژەوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیا هەیە لەبارەی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سوریاوە.

*** دەبێت کێشەی تورکیا بە شێوەیەکی دیموکراتی چارەسەر بکرێت، بەڵام هێشتا تورکیا هەنگاوی جددی و دیموکراتیانەی هەڵنەگرتووە و کێشەی کوردی لە پرسی پەکەکەدا بچووك کردۆتەوە، بۆچی تورکیا هەنگاوی جددی هەڵناگرێت و بیانوی پەکەکە نابڕێت و وای لێناکات چەك دابنێت؟**

- ئەم پرسیارە لە چەند ڕستەیەکدا وەڵام نادرێتەوە، بەڵکو پێویستی بە کۆنفرانسێکە بۆ وەڵامدانەوەی، من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا- کە بەلای کەمەوە لەم ساتەوەختەدا تورکیا لە پێگەیەکدا نییە چارەسەرێکی دیموکراسی و سیاسی بخاتەڕوو بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد، بۆچی ......و چۆن؟ هەروەك ئاماژەم پێکرد وەڵامدانەوەی ئەمانە پێویستی بە کۆنفرانسێکە و لە چاوپێکەوتنێکی وەك ئەمەدا وەڵام نادرێتەوە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من ئەوە دەڵێم کە زۆر کەس لە تورکیا هۆشیارن بەو ڕاستیەی کە دەبێت چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کوردی تورکیا بدۆزرێتەوە و لەم پێناوەشدا کار دەکەن.



## موڕات سۆمەر بۆ گوڵان:

# سیاسەتەکانی مالیکی سەرچاوەی کێشەکانە هەر بۆیە ئەردۆگان بە هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆ تۆمەتباری دەکات

**پرۆفیسۆر موراد سۆمەر ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لە زانکۆی ئەستەنبوڵ و تایبەتمەندە لەسەر کێشە ئیتنیەکان و سیاسەتی تورکیا، بەتایبەتیش کێشــەی کورد لەتورکیا و ناوچەکە، ســەبارەت بە زەمینەی ئێستا بۆ چارەسەری کێشــەی کورد و هەڵوێستی تورکیا لەهەمبەر هەرێمی کوردستان، پرۆفیسۆر موراد سۆمەر بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئایا تاچەند بارودۆخــی ئاڵۆزی عێراق بەرەو شــەڕی ناوخــۆ دەچێــت و تاچەند مەترسی بۆ سەر تورکیا هەیە؟**

- شەڕی ناوخۆ بەرژەوەندی هەموو عێراقیەکان ئەخاتە مەترسیەوە و ئەو دەستکەوتە سیاسی و ئابووریانەش لەناو دەبات کە لەم ســاڵانەی دواییدا بەدەستیان هێناوە. دۆخەکە لەرزۆکە و بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ. بەڵام هێشــتا پێموایە ئەگەری شەڕ لە ئارادا نییە. ئەویــش لەبەر ئەوەی هەموو ئەکتەرە دەرەکی و ناوەکیەکان کە پەیوەندیان بە کاروبارەکانی عێراقەوە هەیە بەرژەوەندیان هەیە لە پاراستنی یەکێتی عێراقدا. ئەمە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتــەی بارودۆخەکە دەگۆڕێت و یەکێــك لەم لایەنــە دەرەکیانە پێی وادەبێت

دەستکەوتی دەبێت لە شەڕ و پارچە پارچەبوونی -ئەم وڵاتەدا-. بەڵام پێموایە هەوڵدەدەن ڕێگە لە هەرەسهێنانی تەواوی دۆخەکە بگرن. سەرەڕای هەڵکشانی گرژیەکە، سازش دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگە لە شەڕی ناوخۆ بگرن. بەڵام بۆی هەیە لەگەڵ پەرەسەندنەکانی سوریا و ئێراندا ئەم هەل و مەرجەش بگۆڕێت. بارودۆخی عێراق جیاوازە، لەبەر ئەوەی عێراق لەسەر کاغەز دەستوورێکی زۆر باشی هەیە، کە تا ئێستا بە تەواوەتی جێبەجێ نەکراوە. چەندین کێشەی چارەسەرنەکراوی گرنگ هەن لە پەیوەندیدا بە لێپرسینەوە و لێپێچینەوە و دابەشکردنی دەسەڵات و خاك و سەرچاوە سروشتیەکان لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستاندا. حاڵی حازر، سیاسەتەکانی سەرۆك وەزیران مالیکی ناکۆکی و بێمتمانەییەکی زۆر دەخوڵقێنێت لە نێوان حکومەتەکەی-مالیکی-، و ڕکابەرەکانی و هەرێمی کوردستاندا (KRG). سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئەردۆغان بەغدای بەوە تاوانبارکرد کە عێراق پەلکێش دەکات بۆ شەڕ. بەڵام پێش دوایین هەڵبژاردنەکان تورکیاش چەند هەڵەیەکی کرد، کە ڕۆڵیان هەبوو لە دروستکردنی ئەم دۆخەدا. من باوەڕم وانییە هەرگیز تورکیا پشتیوانی لە سیاسەتی تائیفی کردبێت لە عێراقدا، بەڵام لای زۆر کەس ئەم تێڕوانینە هەبوو. هەروەها دەبوو پێش هەڵبژاردنەکان گفتوگۆی باشتری لەگەڵ کوردەکاندا هەبوایە. لەوڵاتانی دیموکراسی و پەرلەمانییەکاندا قەیرانە سیاسییەکان لەڕێی هەڵبژاردنی پێشوەختەوە یەکلادەکەنەوە. ئەگەر چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئاشتیانە و بەشێوەیەکی نا تائیفی لەگەڵ موعارەزەکانی و لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا مەحاڵ بێت بۆ حکومەتەکەی مالیکی، ئەوا پێویستە هەڵبژاردنی نوێ بکرێت و حکومەتێکی نوێ پێکبهێنرێت کە دەسەڵاتێکی نوێی هەبێت بۆ ئەوەی ئەم کێشانە یەکلابکاتەوە. یاخود ڕەنگە سازش بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لابدەن. ڕەنگە لایەنەکان لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە ڕێکنەکەون، بەڵام ڕەنگە بتوانن لەسەر پرۆسەکە بگەنە ڕێککەوتن. بەم شێوەیە دیموکراسی ئەتوانێت سەرکەوتوو بێت و یەکێتی عێراق بپارێزرێت.

*** ئایا تورکیا ئەتوانێت چ ڕۆڵێك ببینێت لەم هەل و مەرجەدا؟**

- پێویستە تورکیا پشتیوانی دەستووری ئێستای عێراق و یەکێتی عێراق بکات، بێئەوەی وا دەرکەوێت کە لەو سیاسەتە تائیفیەدا لایەنگیری لە یەکێك لە لایەنەکان دەکات.

*** بەڵام حکومەتی عێراق هەوڵدەدات کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات، ئایا تا چەند تورکیا لەم تەنگژەیەدا پاڵپشتی ئەم هەرێمە دەکات؟**

- تورکیا بەرژەوەندی هەیە لە پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و بنیاتنانی پەیوەندیگەلێك لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا(KRG) کە سوودی هەردوولای تێدابێت و هەردوولا پشت بە یەکتر ببەستن. کەواتە هەوڵدەدات ئەم بەرژەوەندیانە بپارێزێت و بەکارکردن لەگەڵ هاوپەیمانە نێودەوڵەتیەکانیدا هەوڵدەدات ئەم کارە بکات. کێشەی گەورە ئەوەیە تورکیا و ئەمریکا هەمان تێڕوانینیان نییە بۆ دۆخی عێراق. هەروەها تێگەیشتن و سیاسەتی ئەمریکاش گرنگە، هەم بۆ هەرێمی کوردستان(KRG) و هەم بۆ تورکیاش. هەروەها بەرژەوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا (KRG) پەیوەندیان بە بواری ئابووری و ئاسایشەوە هەیە. تورکیا چاوەڕوانی ئەوەی هەیە لە هەرێمی کوردستان(KRG) کە هاوکاری بکات لە پرسی پەکەکە. تا ئەو کاتەی هەردوولا بەردەوام دەبن لەسەر پێکەوەکارکردن لەسەر ئەم پرسە، ئەوا هیچ گرفتێك ڕوونادات.

*** ئەگەر باسێکی سوریا بکەین، ئێستا چاودێران پێیانوایە ڕژێمی سوریا بەرەو کۆتایی دەڕوات، دوای ڕووخانی ئەسەدیش بارودۆخەکە دەگۆڕێت، لەم هاوکێشەیەدا عێراق پشتگیری مانەوەی ئەسەد دەکات، ئایا ڕووخانی ئەسەد چ گۆڕانکاریەك دروست دەکات؟**

- نەك تەنیا بەغدا، بەڵکو ئێرانیش بەردەوامە لەپشتیوانیکردنی ڕژێمی ئەسەد. ئەوەی لە سوریادا ڕوودەدات بە ئاسانی تەشەنە دەکات و عێراق و سەرجەم ناوچەکە ناسەقامگیر دەکات. پێموایە تەنیا بە گرتنەبەری ڕێگاچارەیەکی هەمەلایەنە ئەتوانرێت شەڕی سوریا چارەسەر بکرێت. پێویستە ئەو چارەسەرەش بەرژەوەندیەکانی هەموو هێزە ئیقلیمیەکان لەبەرچاو بگرێت و ستراتیجیەتێکی دەرچوون بۆ ئەسەد و ڕژێمەکەی دەستەبەر بکات. ئەمە پاساو نییە بۆ هەر تاوانێك کە دژ بە مرۆڤایەتی دەکرێت، بەڵام پێویستە واقیعی بین بۆ ئەوەی خۆمان لە خوێنڕێژی و ئێش و ئازاری زیاتر لابدەین.

*** تورکیا نیازی هەبوو کێشەی کورد لە وڵاتەکەی خۆی چارەسەر بکات، ئێستا ئەو هەنگاوانە وەك پێویست نابینرێن، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

- چوار هۆکار هەن. یەکەم، سەرۆك وەزیران ئەردۆغان متمانە بە بەدەپە و پەکەکە ناکات، لەبەر ئەوەی ئۆباڵی شکستی گفتوگۆکانی ئۆسلۆ و «کرانەوەی دیموکراتی»یان دەخاتە ئەستۆ کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا ڕوویدا. هەروەها لە ڕووی سیاسیەوە کارێکی پڕ مەترسی دەبێت ئەگەر هەنگاوی بوێرانە لە ئاست کێشەی کورددا هەڵبگرێت پێش هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیە چاوەڕوانکراوەکان لە ساڵی ٢٠١٤دا، لەبەر ئەوەی کارێکی لەم چەشنە دەبێتەهۆی لەدەستدانی دەنگی ناسیۆنالیستە تورکەکان.

دووەم، هێشتا نوخبەی تورکیا لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی داواکاریەکانی کوردی نییە. بە پێچەوانەی ساڵانی نەوەتەکانەوە، دان بە ناسنامەی کوریدا دەنێن و ئامادەی قبوڵکردنی مافە کەلتوریەکانن، بەڵام ئامادەنین بیر لە پێدانی هیچ مافێکی سیاسی بکەنەوە. لە ڕاستیدا، کەس دەقا و دەق نازانێت چۆن داواکاریەکانی کورد دەستەبەر دەکرێت. پێموایە ئەوەی بە ڕاستی کوردەکان خوازیاری ئەوەن ڕۆڵیان هەبێت لە کاروبارەکانی خۆیاندا «وەك کورد»، واتا، ڕۆڵیان هەبێت لە دامەزراوە و ناسنامەی خۆیاندا، بەڵام کەس نازانێت چۆن لە دەوڵەتێکی موحەددا و چۆن بێ لاوازکردنی ناسنامەی نەتەوەیی تورکیا ئەم کارە دەکرێت. ئەمە کارێکی مومکینە، بەڵام پێویستی بە متمانە و چارەسەرێکی یاسایی و دامەزراوەیی داهێنەرانە هەیە.

سێیەم، سیاسەتی ناوخۆیی جەمسەرگیری تێکەوتووە. پارتی داد و گەشەپێدان بە تەنیا ناتوانێت کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەڵام هەمیشە لە مشت و مڕدایە لەگەڵ هەموو پارتەکانی موعارەزەدا لەبەر هۆکارگەلێك کە پەیوەندیان بە کێشەی کوردەوە نییە. پارتی جەهەپە کە پارتێکی موعارەزەی سەرەکیە بە چەشنی بەدەپە ئایدۆلۆژیایەکی چەپڕەوی هەیە، بەڵام زۆر زەحمەتە بتوانن پێکەوە کاربکەن لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەیان جیاوازە لە ئاست کێشەی کورد و پەکەکەدا. کەواتە پێویستە پتر پراگماتی بن و لەبارەی کێشەکانەوە هاوکاری یەکتر بکەن.

چوارەم، دۆخی دەرەکی دۆخێکی زۆر گۆڕاوە. تورکیا ترسی هەیە لەوەی پەرەسەندنەکانی سوریا ببنەهۆی بەهێزکردنی پەیەدە و پەکەکە.




*** ئێستا بارودۆخی عێراق بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرێت زیاتر بەرەو ئاڵۆزی بچێت، ئایا بەڕای تۆ وەك چاودێرێك توركیا چۆن سەیری ئەم پرسە دەكات؟**

- بۆ توركیا سەقامگیری و یەكپارچەیی عێراق زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی ڕوودانی هەر ئاڵۆزییەك لە عێراق بێشك كاردانەوەی نێگەتیڤانەی لەسەر توركیا دەبێت، هەربۆیە من وای دەبینم توركیا لەگەڵ سەقامگیربوونی عێراق و لەدژی هەڵگیرسانی شەڕی ئیتنی و مەزهەبییە لە عێراقدا، بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق خەریكە لەنێوان حكومەتی مالیكی و كوردەكان گرژی و ئاڵۆزیی تێدەكەوێت و هەڵبەتە ئەو شتەیش یەكپارچەیی عێراق بەگشتی دەخاتە ژێر هەڕەشەوە، هەروەك ئێوەیش بەئاگان پەیوەندییەكانی حكومەتی توركیا لەگەڵ حكومەتەكەی مالیكی لەم ماوەیەدا لە ئاستێكی باش نییە لەكاتێكدا پەیوەندییەكانی لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان (KRG) بەرەوپێشەوەچوونێكی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و هەستدەكەم لە توركیا: حكومەت و كۆمەڵگەی بزنسكاران و كۆمەڵگەی توركی بەگشتی ئەو پەیوەندییانەی حكومەتی توركیا لەگەڵ حكومەتی كوردستانی عێراق بەرز دەنرخێنن، هەربۆیە پێشبینی دەكەم جۆرە دانوستانێكی یەكلاكردنەوە بێتەكایەوە لەنێوانی حكومەتی ناوەندی عێراقی لەگەڵ هەرێمی كوردستان.

*** ئایا توركیا تاچەند پشتگیری هەرێمی كوردستان دەكات، ئەگەر پێویستی كرد؟**

- خەملاندنی ئەو شتە زەحمەتە، بەڵام بۆ حاڵی حازر ئەوەی كە هەستی پێ دەكرێت ئەوەیە كە توركیا لەگەڵ ئەوە نییە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان (KRG) لەلایەن حكومەتی مالكییەوە هەڕەشەی لێ بكرێت، یان لەلایەن هەر لایەنێكی دیكە، توركیا رازی نییە و قبوڵ ناكات و پشتگیری ناكات لەوەی كە حكومەتی مالیكی دەست بەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان (KRG) دابگرێت، من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە توركیا هەموو هەوڵێك دەخاتەگەڕ بۆ هێوركردنەوەی بارودۆخەكان، بەڵام لەوە دڵنیام كە توركیا هەست بە بێزاری دەكات لەو بیرۆكەیەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان (KRG) ملكەچی حكومەتەكەی مالیكی بێت لە بەغدا، نازانم تاچەند بەڵام بێگومان توركیا پشتگیریی حكومەتی هەرێمی كوردستان (KRG) دەكات بۆئەوەی بەرگری لەخۆی بكات و خۆی دوور رابگرێت لە زیانەكانی حكومەتی ناوەندی، بەڵام لەلایەنێكی دیكەوە كێشەكە لەوەدایە كە حكومەتی توركیا هیچ كارتێكی فشاری لەسەر حكومەتەكەی مالیكی نییە، كاتی خۆی — چەند ساڵێك لەمەوپێش — توركیا پەیوەندیی باشی لەگەڵ هەردوولا هەبوو: حكومەتی كوردستان و حكومەتی ناوەندی لە بەغدا، بەڵام ئەمڕۆ توركیا پەیوەندییەكی باشی لەگەڵ بەغدا نییە و هەربۆیەیش كارتی فشاری لەبەردەست نییە و ناتوانێت قەناعەت بە حكومەتەكەی بەغدا بێنێت یاخود فشاری لەسەر دانێت یانیش زۆری لێ بكات لەڕووی گۆڕینی ڕەفتارەكانی لەبەرامبەر كوردەكان لە كوردستانی عێراق.

*** بەڕای تۆ تاچەند كێشە بۆ هەناردەكردنی نەوت و غاز لەڕێگەی توركیا دروست دەبێ؟**

- بەڕای من قەیرانی گەورە لەنێوان حكومەتی عێراقی و هەرێمی كوردستان كاریگەری لەسەر مامەڵە ئابوورییەكانی نێوان توركیا و حكومەتی هەرێمی كوردستان (KRG) و كاریگەریی لەسەر هەماهەنگییەكان دەبێت لە كەرتی بەرهەمهێنانی وزە و هەروەها بواری گواستنەوە، هەڵبەتە ئەوە كارەساتێكی گەورەی لێ دەكەوێتەوە لەسەر هەماهەنگی و پەیوەندییەكانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە، هەربۆیە ئەمە دەبێت بە كێشەیەكی زۆر گەورە بۆ توركیا، بەڕای من توركیا هەموو هەوڵێكی

## ئیحسان داغی بۆ گوڵان:

# تورکیا رازی نابێت حکومەتی مالیکی گوشار بخاتە سەر هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی خۆی بەسەردا فەرز بکات

**ئیحسان داغی کە ستوون نووسی رۆژنامەی تودەی زەمانی تورکیە بەزمانی ئینگلیزی، پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی میدل ئیست تەکنۆلۆژی لە ئەنقەرە و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی تورکیا و کێشەی کورد لەناوچەکە، سەبارەت بە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە و گۆرانکارییەکان و ئاڵۆزییەکانی ئێستای عێراق و پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، پرۆفیسۆر داغی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

دەخاتەگەڕ بۆ رێگەگرتن لە حکومەتەکەی مالیکی لەڕووی بەکارهێنانی هێز لەدژی حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) و قەناعەت بە حکومەتەکەی مالیکی دێنێ بۆ ئەنجامدانی دانوستان لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

*** ئێستا یەکێك لە پرسە گرنگەکانی دیکە مەسەلەی سوریا و رووخانی ئەسەدە، تورکیا و هەرێمی کوردستان هەڵوێستیان لێك نزیکە، ئایا ئەم دۆسیەیە چەند جێگەی بایەخە بۆ هەردوولا؟**

- تێکهەڵکێشییەکی زۆر هەیە لەنێوانی روانگەی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) لەبارەی پێشهاتەکانی ناوچەکە، حکومەتەکەی مالیکی لە روانگەیەکەوە سەیری رژێمەکەی ئەسەد دەکات کە جیاوازە لە روانگەی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەربۆیە روانگەی هەردوولا تێکهەڵکێشە و خاوەن هەڵوێستێکی هاوبەشن لەبارەی مالیکی و هەروەها لەبارەی سوریا، هەڵبەتە ئەمەیش زەمینەیەکە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG)، بەڵام ئەگەر هات و رژێمەکەی ئەسەد رووخا – هەروەك پێشبینی دەکرێت لەماوەیەکی کورت بڕووخێ – ئەوە ئەوکات حکومەتەکەی مالیکی لە بەغدا دووچاری گرفت دەبێتەوە، چونکە بە رووخانی ئەسەد هاوپەیمانێك لەدەست دەدات لە ناوچەکە و لەهەمان کاتیشدا پێگەی ئیدارەی مالیکی لەناوچەکە بەگشتی لەرزۆك دەکات و پەیوەندیی لاوازی دەبێت لەگەڵ تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش (KRG).

*** لەتورکیاشدا کێشەی کورد هەیە، ئایا تاچەند حکومەتی تورکیا ئامادەباشە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەوڵاتەکەی خۆیدا؟**

- ئەمڕۆ لە ئەنقەرە تێگەیشتنێك هەیە لەوبارەیەی کە پ.ك.ك ئامادە نییە چەك فڕێبدات و هەربۆیەیش پێیانوایە دانوستان لەگەڵ پ.ك.ك زەحمەتە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە، بەڕای من حکومەت گومانی لە مسداقیەت و نییەتی پ.ك.ك هەیە و هەروەها پ.ك.ك-ش لەلای خۆیەوە متمانە بە حکومەت ناکات، هەربۆیە ئەمڕۆ قەیرانی نامتمانەیی لەنێوان هەردوولا هەیە، لەلایەنێکی دیکەوە لەبارەی خستنەڕووی پرسی کورد و لایەنەکانی لە تورکیا ئەوە پرسی کورد راستەوخۆ پەیوەستە بە پ.ك.ك و پەیوەندیی بە پ.ك.ك-ەوە هەیە هەربۆیەیش حکومەتی تورکیا حاڵی حازر دوودڵە لەبەرئەوەی بەڕای من ئەوان پێیانوایە کە ئەگەر هات و چەند هەنگاوێکی چاکسازییان گرتەبەر لەبارەی پرسی کورد ئەوە ئەو شتە پێگەی پارتی داد و گەشەپێدان لە سیاسەتەکانی تورکیا لاواز دەکات تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە پ.ك.ك لەلایەن خۆیەوە دەستپێشخەر بێت، بۆیە من بەوشێوەیە دەبینم کە حکومەت خاڵێکی گرێدانی دروستکردووە لەنێوان ئەنجامدانی چاکسازی لەگەڵ چەکدانانی پ.ك.ك، پێموایە بۆ ئێستا ئەمە خوێندنەوەی حکومەتە بۆ پرسی کورد لە تورکیا، حکومەتی تورکیا زۆر نیگەرانە و دوودڵە لە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك لەبەرئەوەی حکومەت پێیوایە کە چارەسەرکردنی پرسی کورد ئەگەری هەیە پێگەی (أ.ك.پ) لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا لاواز بکات، هەروەك ئێوەیش بەئاگان لەساڵی ٢٠١٤ هەڵبژاردنەکان سازدەکەین لەسەر ئاستی لۆکاڵ و پاشان لەسەر ئاستی نیشتمانی و ئەو هەڵبژاردنە بەلای حکومەتەوە زۆر گرنگترە، هەربۆیەیش پێیانوایە وەدیهێنانی چاکسازی لەبارەی پرسی کورد پێگەی حکومەت لە تورکیا لاواز دەکات، شەخصی خۆم لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕانییم، بەڵام ئەمە تێگەیشتنەکەیە لەبارەی پرسی کورد لەسەر ئاستی حکومی.

سێ کوچکە خوار و خێچەکەی عێراق

# دیرۆک بۆ خوێندنەوەو پەند وەرگرتنە، نەک بۆ کاوێژ کردنەوەی نەهامەتیەکانی


دکتۆر محەمەد شەریف*
تایبەت بە گوڵانی نووسیوە

زۆر بوون ئەوانەی خەونیان بەو ڕۆژەوە دەبینی کە باڵی ڕەشـــی ســـتەمکاری دیکتاتوریەت لەســـەر عیراقدا تەواو بێت و کۆتایی بەستەم و زوڵم بێت، لە خەونە خۆشـــەکەیان مەزندەیان وابـــوو کۆتایـــی بەتاریکی هـــات و قۆناغی ڕووناکی دەســـت پێدەکات و هەموو شت ڕوون و ئاشـــکرا دەبێت. گرێبەستێکی زانستی نوێی بەوجـــۆرە مۆر دەکەن کە ســـوود لە ئەزموونی تاڵـــی خـــۆی و ئەزموونە ســـەرکەوتووەکانی دراوســـێ دوور و نزیکەکانی وەردەگرێ و ئیتر هەتـــا هەتایە عێراقییەکان وەکـــو ئادەمیزادی ئەم دنیایە ژیان بە ئازادی دەبەنە ســـەر. لێرەدا مەبەســـت لەگرێبەستی زانســـتی ئەوەیە کە لەگەڵ ڕۆحی شارســـتانییەتی ئەم چەرخەدا گونجاو بێت و ڕەچاوی جیاوازییەکانی تەواوی پێکهاتەکانی عیراقی کردبێت، بەڵام خەونەکە ڕاســـت دەرنەچوو بگرە زیندەخەون بوو، ئەوەی گـــوزەری کرد و دەقەومێ تـــەواو پێچەوانەی خەونەکە بوو.

قەیرانێکـــی بەم قەوارەیە بـــێ هۆ نییە و ناشـــبێت، لەوانەیە وەکو نەریتێکی هەمیشەیی باســـی فاکتـــەری دەرەکی بکرێـــت، کە بە پەردەی بێگانە شـــەرمی خۆیان دەشـــارنەوەو خۆیـــان بەپاک و بێگەرد پیشـــان دەدەن، بەڵام لەڕاستیدا وانییە. ڕەچاونەکردنی جیاوازییەکانی تەواوی پێکهاتەکانی عێراق پێش هەموو شتێك گرفتێکـــی بونیەوییە (پێکهاتەییـــە)و لەناو خۆیەتی، چونکە ســـێ کوچکەکە خوارو خێچە! ئەمە ٩٠ ساڵی بە سەردا تێپەڕیوەو سێ کوچکەکە هەر بە لەقـــی ماوەتەوە، جێگای خـــۆی نەگرتووە و ڕەگی دانە کوتاوە، ئـــەم ئەزموونەی ئینگلیز ویســـتی لەبەرژەوەندی خۆی بـــەکاری بێنی پووچەڵ بۆوە، نەخۆی سوودی تەواوی لێکرد و نەعێراقیەکانیـــش لە نازو نیعمەتی ئەم خاکە بەپیتە ســـوودمەند بوون. تەنانەت لەڕەوڕەوەی ژیانـــی پێشـــکەوتووی ئەم ســـەدەیەدا، هەر نەهامەتـــی و دەربـــەدەری و دواکەوتنیان بۆ ماوەتەوە، مەبەســـتم تەنیا کـــورد نییە کە لەم نەهامەتیە پشکی شـــێری بەرکەوتووە، بەڵکو پێکهاتەکانی تریش خێریان لەم عێراقە دروست کراوەدا نەدیوە.

ئەگەر بەزمانی ژمارەی ڕاستەقینە بدوێن، با بێین بەنمرە هەژمـــاری بکەین و ئەم نمرانە لەگەڵ دراوسێ خاوەن نەوتەکان بەراورد بکەین، تاکوو بزانین ئایا ئەم سێ کوچکەیەی پێکیان هێناوە چ ســـودێکی بووە؟ ئەگەر شـــتێکیش هەبـــووەو ون بووبێ، خۆ ئەو لافاوەی بەغدای ڕۆژی ٢٦ – ١٢ – ٢٠١٢ و ڕاپەڕینـــی ئێستای ئەنبار کە خوا حافیزی پێ لە ساڵەکە دەکەن هیچ پەردە پۆشـــێکی نەهێشتۆتەوە. بە ڕوون و ئاشـــکرا خوار و خێچی سێکوچکەکە بەدەرکەوت ! جگە لەم ڕاستیانەش ئەدی نەمان دی، کە ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان نەفرەتیان لەیەك کردووە، هەروەکـــو قورئانی پیرۆز باس لـــە «لعنت أختها» دەکات، میللەتەکەشـــیان کردووەتـــە ئامێرێك بـــو بەدیهێنانی ئامانجی خۆیان یا گروپەکەیان، نەك ئامانج بۆ خزمەت کردنیان، بە پێچەوانەی دەستورەکەیان کە دەڵێ گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەو ئەرکی حکومەتیش خۆشحاڵکردنی گەلەکەیەتی.

جگـــە لەمـــەش گرفتی هـــەرە گەورەی سیاســـەتی عیراقی کۆن و تازە و ڕەوشتی کار بەدەســـتانی لە دەســـتپێکی دروستکردنیدا، لە دوای جەنگـــی جیهانی یەکەمەوە تا ئەمڕۆ، بە قســـەو پەیمان و بە مانای وشە پابەند نابن. هیـــچ بایەخێکیان بە نرخی وشـــەیان نەداوەو



نایـــدەن، کەچی وشـــە بەڵێنە یا گرێبەســـتە، پابەندبوون بە بەڵێن یا بەگرێبەســـت بەهاترین نرخە کە لـــە تـــەرازووی مرۆڤایەتیدا هەیە، پێوەرە پێشـــکەوتووەکانی شارســـتانیەتی ئەم چەرخە پابەندبوونە بـــە بەڵێن و جاڕنامەکانی جیهانـــی مرۆڤایەتی و یاســـای نێودەوڵەتی یە، کە ڕەزامەندی و مۆری خۆیان لەســـەرە، گوایا حکومەتەکانیـــان هاوچەرخەو پابەندە بە جاڕنامەکان، کەچی ئەمە دوورە لەراســـتی و فرِی بە سەرەوە نییە. کورد گوتەنی درۆیەکی شـــاخدارە. لەگەڵ ئەوەشدا ســـەیر ئەوەیە کە جگە لە پێشـــێلکردنی دەستورو یاساو بەڵێن و ڕێککەوتنە ئاشـــکرایەکانی خۆیان، لاف و ناز بەناوی ئیسلامەتییەوە لێ دەدەن، لە کاتێکدا کە بەهادارترین پرەنســـیبی ئیسلام پابەند بوونە بە بەڵێن و گرێبەستەکان «أوفوا بالعقود» هەر وا لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا هەیە، وەکوو باس دەکرێ «موســـڵمان بۆی هەیە هەر گوناهێك بکات تەنیا درۆ نەبێـــت»، دیارە چونکە درۆ متمانـــەی مرۆڤایەتـــی ســـڕ دەکات، درۆش جۆرێکە لە گەمەکردن بە وشەو مانایەکەی، بە من ناڵێن لە چی دا ڕاستیان کرد؟

لە مێژووی چین نووسراوە کە پادشایەکەیان داوای لـــە کۆنفۆشـــیۆس بیرمەند و حەکیمی ئـــەو کاتە کـــرد تا پلانێك بۆ چاکســـازی لە وڵاتەکـــەی دابنێ، چونکە تووشـــی قەیرانی گەندەڵـــی هاتـــووە. کۆنفۆشـــیۆس وتی: بۆ پێشـــکەوتنی دەوڵەت دەبێ وشەکان لە جێگای خۆیان بەکاربێن، چونکە ئەگەر وشە لەجێگای خۆی بەکارنەیەت هزری مرۆڤ تێکدەداو لەو کاتەدا گەندەڵی دەکەوێتەوە، بەتایبەت لە نێوان سزاو تاوان، کە کۆمەڵگاش گەیشتە ئەم رادەیە لـــە گەندەڵی، میللەتی هەژار لێی تێکدەچێ، نازانـــێ ڕوو لـــە کوێ بـــکات ! یاخود وەکو کۆنفۆسیۆش دەڵێت : لەسەر چ پێیەکیان سەما بکات ؟ چۆن گەمە بە دە پەنجەکانی بکات؟

بۆیـــە چاکســـازی بیرۆکـــەکان «اصلاح المفاهیـــم» پرەنســـیپێکی بنەڕەتـــی بوو لە فەلسەفە وەزعییەکەی فەیلەسوفی فەرەنسایی، (ئۆوگســـت کۆنت) کە لەچەرخی نۆزدەهەمدا بڵاوی کردۆتەوە، ئێمەش لە ئیسلامەتیدا هەر زوو بـــە تایبەت لە قورئانـــی پیرۆز، زۆر جار بە ناونیشـــانی «یحرفون الکلم» ئاماژەی پێ کردووە، وشـــە لە جێگای خۆی بە کارناهێنن، لە مەبەســـتی ڕاســـتەقینەی خـــۆی دووری دەکەنەوە.

پێـــش هەمـــوو شـــتێك لـــە بەکارهێنانی وشـــە بۆ مەبەســـتی خۆی، وڵات پێویستی بەچاکســـازییەکی جیددی هەیـــە، بۆ نموونە وشـــەی (ئـــازادی، دادوەری، دیموکراســـی، یەکسانی ) دەبێ مەبەستەکانی وەکوو لە پێوەرە جیهانییەکاندا هاتووە، دەبێت بەهەمان شـــێوەش لای هەموو کۆمەڵگاو تاك، دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات، و ئوپۆزسیۆن و هاووڵاتیانیش ڕێزیان لێبگیرێت ڕەنگ بداتەوە.

بەڵێ جیاوازییەکان نـــەرم نین، لە هەندێ حاڵ دەســـت لێدانیان بڤەیە، ســـێ کوچکەکە نارەحەتە، دوو لایەنی لەم سێ لایەنەی کە سێ کوچکەکە دروســـت دەکەن، کە سونەو شیعەنە هەڵگری نامەی یـــەك ئاینن، بەڵام هەر یەك بەشـــرۆڤەی تایبەتی خۆی کە وەکوو ئاینێکی تری جیاوازی لێهاتووە. ئەم خۆ هەڵپەساردنەی هەردوولاش بە ئایینەکە ڕەهەندێکی سیاســـییە یاخود ڕەهەندێکی سیاسی وەرگرتووە، بەجۆرێك کەخودی مەبەستی ڕاســـتەقینەی دینی تێدا ســـڕاوەتەوە، ئەگەر ئەم بەزمە بـــەردەوام بێت ســـەرچاوەی تەنگ و چەڵەمـــەی عیراقی ئەمڕۆ و دوێنێ و سبەیش هەروا دەبێ.

هیـــچ گرفتێـــك نییە لە فـــرە مەزهەبی ئەگەر ئاوێنەی هەماهەنگی و ئازادی بیرو ڕا بێت؛ نەك ئاوێنەی ململانێی سیاســـی و دینـــی پێش زیاتر لە هەزار ســـاڵ بێت، کە نەك خۆیان نەماون بەڵکو خاوەنی میراتیشیان بێ سەرو شوێنن، لەم حاڵەتە جەنگ لەگەڵ مێژوو دەکرێت یاخـــود لەگەڵ تارمایی، کە شەڕێکی نەبراوەی بێ سوودە، ئاکامەکانیش پەیوەندییان بەواقیعی دنیای زیندووەوە نییە، دەبووایە بزانـــن کە دیرۆك بـــۆ خوێندنەوەو پەنـــد وەرگرتنە نەوەك بـــۆ کاوێژ کردنەوەی نەهامەتیەکانی.

لەم ڕوانگەیـــەوە هـــەر زۆر زوو دەبووایە بیرمەندو جوامێرانی ئەم سێ کۆچکەیەی کە لە ڕاستیدا بران و زۆر خەسڵەتی وەك خزمایەتی و دراوسێتی و ئیسلامەتی و هاونیشتمانێتی کۆیان دەکاتەوە، بیریـــان لەوە بکردایەوە هەر زوو وەکو دۆســـت و برا دابەشیان بکردایە و بۆ هەماهەنگی و گەشەپێدانی بەرژەوەندی هەمـــوو لایەکیـــان ڕێگایەکیـــان بگرتایە، بەتایبەت کە ئەزموونی حوکمڕانی ئەم سێ کوچکەیە وەکو هەڵســـوڕانی سێ کوچکەی بەرمودا وایە، یاخود سێ کوچکەی سنوری سێ دەوڵەتەکەمانە کە هەریەك لەلای خۆیەوە وەکو برای موســـڵمان چاویـــان لەکورد زەق کردووەتەوە (سێ کوچکەی عیراقی و ئێرانی و تورکی )، دەبایە ئەوە ماناو فەلسەفەی ئەو فدرالیەتە بوایە کە لە دەستورەکەماندا هەیە، بەڵام بە داخەوە وشـــەکەیان تێکدا «یحرفون الکلم» دەستورەکەشـــیان بەتەواوی زیندە بە چاڵکرد.

*** سەرۆکی کۆربەندی هزری ئیسلامی - هەولێر**

**ڕەچاونەکردنی جیاوازییەکانی تەواوی پێکهاتەکانی عێراق پێش هەموو شتێک گرفتێکی بونیەوییە (پێکهاتەییە)و لەناو خۆیەتی، چونکە سێ کوچکەکە خوارو خێچە!**

**پابەندبوون بە بەڵێن یا بەگرێبەست بەهاترین نرخە کە لە تەرازووی مرۆڤایەتیدا هەیە، پێوەرە پێشکەوتووەکانی شارستانیەتی ئەم چەرخە پابەندبوونە بە بەڵێن و جاڕنامەکانی جیهانی مرۆڤایەتی و یاسای نێودەوڵەتی**

**بەهادارترین پرەنسیبی ئیسلام پابەند بوونە بە بەڵێن و گرێبەستەکان «أوفوا بالعقود» هەروا لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا هەیە، وەکوو باس دەکرێ «موسڵمان بۆی هەیە هەر گوناهێک بکات تەنیا درۆ نەبێت»**

**هیچ گرفتێک نییە لە فرە مەزهەبی ئەگەر ئاوێنەی هەماهەنگی و ئازادی بیرو ڕا بێت؛ نەک ئاوێنەی ململانێی سیاسی و دینی پێش زیاتر لە هەزار ساڵ بێت**



*** دۆزی کورد ئێستا ڕەهەندی فراوانتری لە ناوەندەکانی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێو دەوڵەتی وەرگرتووە،وەك ڕۆشنبیرێکی عەرەب چۆن دەڕوانیتە ئەم لایەنەو خوێندنەوەت بۆ پەرەسەندنەکانی کێشەی کوردی چییە؟**

- من بە دیدێکی ئەوتۆ سەیری دۆزی کورد ناکەم تەنیا پەیوەندیی بە کوردی عیراقەوە هەبێت، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتگیر لێی دەڕوانم، من هەر لە منداڵییەوە بە حوکمی خزمایەتیم لەگەڵ کورددا و بەدواداچوونی بەردەوامم، بایەخی زۆرم بەم کێشەیە داوە، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم کێشەیە نەتەوەییە، وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی سەر ئەم زەوییە مافی ژیان و سەربەخۆیی و چارەنووسی هەیە،وەکو زۆربەی میللەتانی دیکە کێشەی ئەویش هیچی لەکێشەی فەڵەستین کەمتر نییە،کورد وەکو نەتەوە لەوەتەی پەیماننامەی سایکس بیکۆوە لە سەرخاکی باووباپیرانی دووچاری چەندین کارەسات و ستەم و ماڵوێرانی بووە،ئەگەر بێتو پرسیار بکەین بۆچی ئەم هەموو دڕندایەتییە بەرامبەر بە نەتەوەیەك کە هەمیشە حەزی لە ئاشتی و ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیان بووە لە گەڵ نەتەوەو کەمە نەتەوەییەکانی دیکە،بۆچی ڕژێمی پێشوو کوردی قەتلوعام کرد و هەزاران گوندی لێ خاپوور کردوون و لەزێدی باب و باپیرانیان وەدەری ناون لە هەمووی تراژیدیاتر کە ویژدانی مرۆڤایەتی دێنێتە هەژان،کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو شارۆچکەو دێهاتەکانی دیکەی کوردستانە، تاکە وەڵام بۆ ئەمە تەنیا لەوەدایە کە تۆزقاڵێك ویژدان و هەستی مرۆیی لای ڕژێمی پێشوو نەبوو بۆیە هەرکوردێك جا پیاو یان ژن یان منداڵ بووایە دەستی لە کوشتنیان نەدەپاراست، سەبارەت بە کێشەی کوردیش ئێستا ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە لەسەر ئاستی پەرلەمان و دامەزراوەکانی وڵاتانی دنیا، لە عیراق دەرفەتێکی گونجاو بۆ ڕاگەیاندنی فیدرالیەت ڕەخسا،هەرچەندە تا ئێستاش بەربەرەکانی دەکرێت و نایانەوێت کورد لەم جۆرە سیستەمە بەردەوام بێت کە هەرچەندە بۆ کورد هێشتا کەمە بە بەراورد بەو هەموو خەباتەی بە دەیان ساڵ لە پێناو

## دکتۆر حوسێن بدێوی بۆ (گوڵان):

# مێژوو گەواهیدەرە کە بارزانیی نەمر هەمیشە پارێزگاری لە برایەتیی کوردو عەرەب کردووە



**دکتۆر حوسێن بدێوی نووسەرو پارێزەرو کەسایەتیی ئەکادیمی عیراقی لە تاراوگە، لە چەندین وڵاتدا وەك قونسڵی عیراق چ لە وڵاتانی عەرەبی یان ئیتاڵیا کاری کردووە،ماوەیەك لە بەغدا زیندانی کراوەو دواتر حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا دەرچوێنراوە، دوای ئەوەی بەر لێبووردن کەوتووە، لە دەســـت موخابەراتی رژێمی پێشـــوو رایکردووەو خۆی لە چەندین وڵاتی ئەوروپی شاردۆتەوەو دواتر خوێندنی باڵای لە یاسای نێودەوڵەتی تەواوکردووە، لەم ماوەیەدا بە سەردان هاتۆتەوە کوردستان و گۆڤاری گوڵان بە دەرفەتی زانی چەندین پرسیاری سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و عیراق و هەندێك پرسی دیکە ئاراستە بکات.**

پێناســـەو بوونی خۆی کردوویەتی، بەڵام دەبـــێ ئەوەش بزانین کە کـــورد لە تورکیا و ئێران و ســـوریاو شـــوێنەکانی دیکەی دنیا بەشـــێکی کەمی مافەکانیان بەدەست نەهێناوە،مـــن لـــە کتێبێکی خـــۆم کە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە کوردســـتان چاپم کرد بە ناونیشانی( هەنگاوێکی سەر ڕێگە بەرەو ماڵی گەورەی کورد) لەو کتێبەدا ئاماژەم بە ئاییندەی دۆزی کورد کردووە، نووسیومە کە لە کوردســـتانی عیراقدا ئەزموونێکی پێشـــەنگ و بێ هاوتا لـــە خۆبەڕێوەبردن هەیە کـــە دەکرێ ئەگەر ئێســـتاش نەبێت لـــە داهاتوودا لـــە پارچەکانـــی دیکەی کوردســـتاندا ســـوودی لێوەربگیرێت، بۆیە من لەو باوەڕەدام کە ئەزموونی کوردستانی عیراق ســـەرکەوتووە بۆیە دوژمنان ئەگەر بە هەر هەوڵێك بێ دەیانەوێت کوردســـتان ڕابکێشـــنە نێو کێشـــەی ئاڵۆز و مەرامی نەزۆکی خۆیان بێننەدی بۆ لەباربردنی ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە.

*** بارزانیـــی نەمر بە درێژایی خەباتی پتر لە نیو ســـەدەو لە میانی ئەو شۆڕشانەی ســـەرکردایەتیی کـــردن بـــەردی بناغەی برایەتیـــی کوردوعەرەبی دانـــا و بەردەوام پارێزگاری لەم برایەتییە دەکرد و نەیهێشت درزی تێبکەوێـــت،وەك رۆشـــنبیرێکی عـــەرەب چۆن لەم هەڵوێســـتەی بارزانیی نەمردەڕوانن؟**

- من لەگەڵ ئەوەم کە نەتەوەی کورد وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی ســـتەملێکراو لەپاڵ ئەوەی کە مافی خۆیەتی خواستەکانی بێتەدی،لەهەمان کاتیشدا مافی خۆیەتی شانازی بە ســـەرکردەو شۆڕش و خەباتی دەیان ساڵەی خۆی بکات، بەڵێ بارزانیی نەمـــر مێژووی عیراق و جیهان شـــایەدی بـــۆ دەدەن، وەکو ســـەرکردەیەکی نەتەوەیی و ڕۆحیی بۆ کورد، هەمیشـــە هەوڵی داوە برایەتیی کوردو عەرەب و ســـەرجەم کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکەی عیراق پتەوبکات و بەڵگەشمان بۆ ئەوە بەشداریکردنی زۆر لە خەباتگێڕانی عەرەب و مەسیحی و تورکمان لەڕیزی شۆڕشەکانی کورددا بە تایبەتیش شۆڕشی ئەیلول بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر،ســـەبارەت بـــەو پیلانەی ئێســـتای حکومەتی بەغدا بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ

من ئاماژه به دیدارێکی بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە لەگەڵ رۆژنامەی حەیاتی لەندەنیدا کردبووی وەك نووسەرێکی عەرەب کاتێ خوێندمەوە بۆم دەرکەوت کورد ئامانجی لە عێراقدا بەیەکەوەژیانە لەگەڵ عەرەب و سەرجەم نەتەوەکانی دیکە وەك برا و هەمیشە نایەوێت لە عێراق جیا ببێتەوە،هەر بۆیەش فیدرالی کردووە بە سیستەمی حوکم و پارێزگاری لێ دەکات،لە هەمان کاتدا من پێشوازی لەهەر دەستپێشخەرییەك دەکەم چ لە بەغداوە بێت یان لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخە ئاڵۆزەکە و رێگەگرتن لە جێبەجێکردنی ئەو پیلانە کە مەبەست لەباربردنی ئەزموونی فیدرالی هەرێمی کوردستان بوو، پاشان نابێت پەیوەندیی نێوان کوردو عەرەب تەنیا بە عەرەبی عیراق ببەستینەوە، بەڵکو بە

**کورد وەکو نەتەوە لەوەتەی پەیماننامەی سایکس بیکۆوە لە سەرخاکی باووباپیرانی دووچاری چەندین کارەسات و ستەم و ماڵوێرانی بووەتەوە**

هەموو عەرەبی ناوچەکە ئینجا بوونی ئەو پەیوەندییانە چ کاریگەرییەکی بەسەر مافەکانی کورددا هەیە کە بۆیان هەیە وەك مافی رەوای خۆیان مافی چارەنووسیان دیاری بکەن تەنانەت ئەگەر هەلومەرج لەبار بێت دەوڵەتیش رابگەیەنن، وەکو پارێزەرێکیش نموونەیەك دێنمەوە، کاتێك دوو هاوسەر لەیەکدی جودادەبنەوە مەبەستم تەڵاقە، بەڵام پەیوەندیی تا رادەیەك لە نێوان ژن و مێردەکەدا هەر دەمێنێت وەکو بەرژەوەندی و سۆزی منداڵ و خەرجی و تاد....، بۆیە سەربەخۆیی کوردستان لە ئاییندەدا وەکو مافێکی رەوای کورد ئەگەر رابگەیەنرێت ئەوا کاریگەریی نابێت لەسەر ناوەند یان عیراق بەگشتی، دەبێ پەیوەندیی نێوان رۆڵەکانی نەتەوە جیاجیاکانی ئەم وڵاتە هەر بەردەوام بێت و بەگۆڕینی سیستەمی حوکم لەبارناچێت،کەواتە پەیوەندیی باشی لەگەڵ دراوسێیەکەیدا بەهێز دەبێت کە

**کێشەی کورد ئێستا لەسەر ئاستی پەرلەمان و دامەزراوەکانی وڵاتانی دنیادا رەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە**

عیراقە، وێڕای لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئیقلیمیشدا.

***هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئاوەدانی و پێشکەوتن و پەیوەندیی دبلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی و عەرەبی و ئیقلیمیدا، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عیراق جیاوازییەکی زۆری هەیە،وێڕای ئەو بوودجە کەمەی کە لە عیراقەوە دەدرێت بە هەرێم کە گوایە ١٧٪یە کە لە راستیدا زۆر لەو ڕێژەیە کەمتریشە، بەڵام توانیویەتی هەنگاوی بەرچاو لە هەموو روویەکەوە بهاوێژێت، ئێوە چۆن ئەو بەراوردەوهاوکێشەیە دەخوێننەوە؟**

- من دووپاتی دەکەمەوە کە کورد ئیرادەیەکی بەهێزیان هەیە لە بنیادنان و پێشکەوتندا هەتا ئەگەر ئەو ١٧٪یەش نەبێت، خۆ هەموولایەك ئەو ڕاستییە چاك دەزانن کە لە ساڵی ١٩٩١ کە گەلی کوردستان دژی دامودەزگاکانی رژێمی بەعسی لەناوچوو ڕاپەڕی،ئەوکات ئەو ریژەیەی نەبوو، تەنانەت کەوتە ژێر گەمارۆیەکی دوولایەنەی عیراقی و نێودەوڵەتییەوە،هەردوای ساڵێکیش توانییان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم پێکبهێنن ودامودەزگاکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بنیاد بنێنەوەو ئەو پەرەپێدان و پێشکەوتنەی ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین پەیوەندی بەو بەشە بودجەیەوە نییە کە لەبەغداوە دەگاتە هەرێم، بۆیە پێویستە حکومەتی عیراق شانازی بەوەوە بکات کە لەسەر خاکی ئەم وڵاتە هەرێمێك هەیە بەناوی هەرێمی کوردستان کە بەم شێوەیە پێشکەوتووەهەنگاو بەرەو موئەسەساتی دەنێت و دیموکراتییەت بنیاد دەنێت، هاوکات دەبوو حکومەتی ناوەند سوودی لەو ئەزموونە پێشکەوتووەی کوردستان ببینیایەو بۆ پارێزگاکانی دیکەی بگواستایەوە، تاکو تۆزێك لەو دواکەوتوویە ئابوورییەو کاولکارییەی ژێرخانی کۆمەڵایەتیی رزگاریان ببوایە، من پێم وایە ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە عیراق و گەلەکەی تێی کەوتوون دەرئەنجامی نەبوونی ئیرادەی دڵسۆزی و کارکردنی هاوبەشە چونکە لەبەر ململانێی حزبی و تایفی و پشکایەتیی سیاسی و ئیداری جورئەتی چاکسازی و خزمەتگوزارییان نییە، بێجگە لە نەبوونی پسپۆڕیی لە کارکردندا، بەم شێوەیە دەبینین هەژاری و نەخۆشیی کۆمەڵایەتی وماڵوێرانی زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی گرتۆتەوە، گوێم لێبووە کە هەرێمی کوردستان بەردەوام لە پەرلەمانی خۆیدا خەریکی هەموارکردنی یاساکانە،ئەمە مایەی دڵخۆشییە، چونکە مرۆڤ هەرچەندە پێشبکەوێت ئەگەر گۆڕانکاریی لە ژیانیدا نەبێت ناتوانێت لە کاروانی سەردەم و شارستانییەتدا بەردەوام بێت،من پێم وایە چەند رۆشنبیر بین بەبێ یاسا هیچمان پێ ناکرێت، چونکە هەریاسایە رێڕەوی ژیانی مرۆڤایەتی دەگۆڕێت.

***لە ئێستادا تەوژمێکی ئیسلامی ناوچەکەی گرتۆتەوە، کە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ژیانی گەلاندا هێناوەتەکایەوە، بە تایبەتیش ئێستا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبینین و دەبیستین چۆن لە وڵاتی میسر دوای هاتنی ئیخوان بۆ سەر حوکم، ململانێی نێوان ئەو ئیسلامیە سیاسسیەوعەلمانییەکان لەوپەڕی توندوتیژیدایە، پێتان وایە ئەم تەوژمە کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر پرۆسەی دیموکراسیەت و ئاییندەی ناوچەکە دەبێت ؟**

- سەبارەت بەلایەنی ئایینی من لەگەڵ ئەو جۆراوجۆرییەی ئاییندام، یەزدانی مەزن کاتێك ئایینە ئاسمانییەکانی ناردۆتە خواروە بۆ مرۆڤایەتی، پێویستە ئایین بۆ بەزەیی و

**دەبوو حکومەتی ناوەند سوودی لەو ئەزموونە پێشکەوتووەی کوردستان ببینیایەو بۆ پارێزگاکانی دیکەی بگواستایەوە. تاکو تۆزێك لەو دواکەوتوویە ئابوورییەو کاولکارییەی ژێرخانی کۆمەڵایەتییە رزگاریان ببوایە**

**مستەفا بارزانیی ڕەحمەتی، لە کاتی شەڕی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیلدا فەرمانی بە پێشمەرگەکانی دا شەڕ لەگەڵ سوپای ئەوکاتەی عیراق ڕابگرن تاکو بچن شەڕی ئیسرائیل بکەن**

ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و لێبووردەیی بەکاربێت،بەداخەوە چەند گرووپێك پەیدابوونە بەناوی ئیسلام کە گوایە ئێمە فێری ئایین و چاکسازیی دەکەن، بەڵام من هەرگیز بەوە قایل نابم من کە ئیسلامم کەسانی دیکە بەهەمان ناو فێری ئایین و بەها کۆمەڵایەتییەکانم بکەن، بۆیە لە میسر راستە گرووپێکی دیاریکراوی ئیسلامی حوکمی گرتۆتەدەست، بەڵام نابێت ئیرادەی خۆی بەسەر بۆچوون و ئیرادەی خەڵکانی دیکەدا بسەپێنێت، لە میسر مەسیحی دەژین وێرای ئەوەی کە چەندین ڕەوتی عەلمانی و ڕێکخراوی پێشکەوتنخواز هەیە کە پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێت،من پێم وایە بەهیچ شێوەیەك ئایین تێکەڵ بە سیاسەت نەکرێت،هەر لە بەر ئەوەیە کە رۆژئاوا پێشکەوتووە چونکە ئایینیان لە سیاسەت جوداکردۆتەوە، ئایینیش پیرۆزیی و پرەنسیبی تایبەتی خۆی هەیە،هەر لەم سۆنگەیەوە دەمەوێت دووپاتی بکەمەوە کە لە میسر دەبینین کە مورسی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاستە ئەو هەڵگری بیرۆکەو پرۆگرامێکە، بەڵام دەبێت زۆر عاقڵانە رەفتاربکات و بیر بکاتەوە و مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بکات و کۆنترۆڵی لایەنگرانی بکات نەك بێت بیروبۆچوونی دواکەوتوویی وئاژاوەو پاشاگەردانی لە نێو هاووڵاتیانی وڵاتەکەی بڵاوبکاتەوە،بۆیە لێرەدا تەنیا خەڵکی میسر باجەکەی دەدەن،بەڵام من پێموایە کە ڕۆژێك دێت لایەنە ناکۆکەکان بیر لە ڕێگەچارەی گونجاو دەکەنەوەو بەیەکەوە دادەنیشن و گرفتەکان چارەسەردەکەن،بەڵام لە عیراق مەسەلەکە جیاوازە،لەبەر نەبوونی ئیرادەی چاکەو بوونی تایەفەگەریی کوشندە لە نێو پێکهاتەکانی هەردوولای سوننەو شیعە و زۆر لەوانەی توندڕۆن لە بیروباوەڕی ئایینزایی من پێم وایە زۆر زەحمەتە راستەڕی ببێت،تەنانەت هەندێ لایەن لەبەرناولێنان بەربوونەتە گیانی یەکدی و خوێنی بەرامبەریان پێ حەڵاڵە، من گلەیی لەسەرکردەکان دەکەم پێویستە ئەوان ڕێی راست و دروست پیشانی خەڵکی خۆیان بدەن تاکو لەم بۆچوونە هەڵەیە دووربکەونەوە،زۆر بە بۆچوونەکانی بەڕێز موقتەدا سەدر سەرسامم کاتێ گوتی بۆچی دوو دەستەی زانایانی ئایینیی شیعەو سوننەمان هەیە،با ببنە یەك دەستە، هەروەها ئەو لێدوانەی ئەم دواییەی مەرجەعیەی ئایینی نەجەف و خودی بەڕێز سیستانی کە گرژیی و ناکۆکییەکانی ئەم دواییەی پێ پەسند نەبوو تەنانەت داوای ئاشتەوایی و چارەسەری ئاشتییانەی قەیرانەکەی کرد دوور لە توندوتیژی،بۆچی دەبێت کاتێك لایەنێك یان

**سەبارەت بە کەرکوك هەمووومان مێژووەکەو جوگرافیاکەی دەزانین،سەدام خەڵکی شارەکەی ئاوارەکردو رەوانەی باشووری عیراقی کردن و ژمارەیەکی زۆریشی لە خێزانە عەرەبەکانی هێنایە شوێنیان ولە ناو شارەکە نیشتەجێی کردن**

کەسێکی دیاریکراو بە هێزبوو،لایەنەکەی بەرامبەری ئازاربدات و ستەمی لێ بکات ئێ خۆ هەمووومان کوڕی ئەم گەل و خاکەین تاڵی و ناخۆشیمان چەشتووە بەدەست رژێمە سەرکوتکارو تاوانبارەکانەوە.من رووی گلەیی لە حکومەتی عیراق دەکەم کە ئێستا خاوەن سوپایەکی بەهێزە چۆن دەبێت تفەنگ و تانك و فڕۆکە بەرەو رووی گەلی کورد بکەیتەوە، کورد کە رۆڵی سەرەکییان هەبوو لە دا
مەزراندنی ئەم سوپایە، قسەو رەفتاری ناشیرین بەرامبەر سەرۆك مسعود بارزانی دەکەن، ئایا ئەوان دەزانن ئەو سەرکردەیە کوڕی مەلا مستەفا بارزانیی رەحمەتییە، کە لە کاتی شەڕی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیلدا فەرمانی بە پێشمەرگەکانی دا شەڕ لەگەڵ سوپای ئەوکاتەی عیراق ڕابگرن تاکو بچن شەڕی ئیسرائیل بکەن، کورد ئەو گەلەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ دەیانتوانی چارەنووسی خۆیان بەشێوەیەك دەست نیشان بکەن یان بەردەوامبوون لەو نیمچە سەربەخۆییەی بە دەستیان هێنابوو، یان بڕیاری فیدرالی لەگەڵ حکومەتی ناوەندا، پاشان ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە دژی رژێمی پێشوو لەگەڵ کورددا لەخەباتدابوون ئەوانە بەر لە رووخانی سەدام لە کوێ دەژیان؟ئایا بە شێکیان لە کوردستان نەبوون؟ هەر لێرە حەوانەوەو پەروەردە بوون، هەرچەندە بەشێکی زۆریان هەر نەشیاندەزانی ئۆپۆزسیۆن چییە، ئایا ئەمەیە وەڵامی چاکەکاران؟ مرۆڤ نابێت سپڵە بێت، بەڵکو دەبێت ئەو چاکەیەی هەر لەبەر چاو بێت.

***دوا پرسیارمان سەبارەت بەو کێشەیەی ئێستای نێوان بەغداو هەرێمە، مالکی بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەڵێت(تێکەڵەکان) دیارە ئەمەش پێشێلکردنی دەستوورە، هاوکات مەرامێکی سیاسی لە پشتەوەیە،چۆن لەم لایەنە دەڕوانیت؟**

- بەر لەهەموو شتێك دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەستوور،ئەوانەی دەستووریان داناوە تەنیا یەك یان دوو کەس نین، بەڵکوکۆمەڵێك شارەزاو یاساناس و رۆشنبیر بوون،کە لە هەموو پێکهاتەو ئایین و ئایینزاکانی تێدابوو،پاشان ئەو لیژنانە یەکە یەکە ماددەکانیان تاوتوێ کردووەو لەسەری پێکهاتوون،ئینجا گەلی عیراق دەنگیان لەسەر داوە، دوای ئەوە پێویستە ماددەکانی جێبەجێبکرێن،بەڵام لادان لەم هەنگاوە بەڵگەی ئەوەیە کە بۆنی پیلان لەئارادایە،کورد بۆ کەرکوك و ناوچەکانی دیکە ماددەی ١٤٠ ی هەیە کە لە دەستوور چەسپاوە، سەبارەت بە کەرکوك هەمووومان مێژووەکەو جوگرافیاکەی دەزانین، سەدام خەڵکی شارەکەی ئاوارەکردو ڕەوانەی باشووری عیراقی کردن و ژمارەیەکی زۆریشی لە خێزانە عەرەبەکانی هێنایە شوێنیان و لە ناو شارەکە نیشتەجێی کردن،هەر ئەمەش بوو کە هاوسەنگی دانیشتووانی لەشارەکە لەق کردو ئێستاش ئەم شارە بووەتە کاکڵەی کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا، من گەشبینم بەوەی هەردەبێت ئەم شارەو سەرجەم ناوچەکوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێم بگەڕێنەوە باوەشی کوردستان.

# قەیرانی رافع عیساوی و پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی

سەرهەڵدانی قەیرانی هەڵکوتانە سەر ئۆفیسی وەزیری دارایی عیراق رافع عیساوی و دەستگیرکردنی چەند پاسەوانێکی، ئاماژەیەکی روونە بۆ شێوازیی سیاسەتی حکومەتی نوری مالیکی. هەموو شیکردنەوەکان بەو سەرەنجامە دەگەن کە حکومەتی مالیکی لە حکومەتی دروست کردنی قەیران بەولاوە شتێکی تر نییەو لەوەتەی مالیکی هاتۆتە سەر کار، ئەوەندەی کەسەرقاڵی دروست کردنی قەیران بووە، ئەوەندە سەرقاڵی چارەسەرکردنی گرفتەکان نەبووە.

بەڵام، سەرەڕای ئەمە، مالیکی تائێستا توانیویەتی سێ سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێ. یەکەمیان سەرکەوتنێتی لەڕادەست نەکردنی دوو وەزارەتەکەی بەرگری و ناوخۆو رێ گرتن لەدانانی دوو وەزیر بۆ ئەم دوو وەزارەتە گرنگە. دووەمیان دەربازبوونێتی لەشەڕی سەندنەوەی متمانەو سێیەمیان دەرهێنانی تارق هاشمییە لە هاوکێشە سیاسییەکان. سەربار، نەخۆش کەوتنی سەرۆك تالەبانیش لە هەندێ رووەوە بۆ مالیکی دەرفەتێکە بۆ تەنگ هەڵچنین بە کوردو قۆستنەوەی مەسەلەکە بۆ بەدەستهێنانی هەندێ دەستکەوت.


ئەگەرچی جموجوڵی ئێستای سوننەکان دژ بە سیاسەتەکانی مالیکی هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی «راپەڕین» یان «بەهارێکی سوننی»، بەڵام فراوانبوونی جوگرافیای خۆپیشاندان و پەڕینەوەی لەفەللوجەو رومادییەوە بۆ سامەراو تکریت و موسڵ بایەخێکی تایبەتی هەیە. سەرەڕای هەموو شتێك، خامۆشیی شەقامی سوننی لەکاتی قەیرانی هاشمی و وروژانی لە قەیرانی عیساویدا، ناکرێ لەو گۆشە نیگایەوە سەیر بکرێ کە عیساوی لە هاشمی زۆرتر کاریگەریی لەسەر شەقامی سوننی هەیە. هۆی خامۆشیی ئەنبار لەکاتی قەیرانی هاشمی و وروژانی لە قەیرانی عیساوی، زۆرتر پەیوەندیی بەڕیشە خێڵەکییەکانی عیساوییەوە هەیەو لەم روانگەیەوە مەسەلەکە هێشتا، بەقەد ئەوەی کە پێویستە، دوورایییەکی گشتیی وەرنەگرتووە.

بەڵام سەرەڕای هەموو شتێك، ئەمە یەکەم جارە شەقامی سوننی لە موسڵ و تکریت و رومادی، بەرامبەر بە مالیکی یەکگرتوو بێ. بۆ مالیکی، جموجوڵی ئەمجارەی شەقامی سوننی مایەی هەڕەشەیە، بەتایبەتی لە ئەنبار، چونکە بڕینی رێگای نێودەوڵەتیی بەغدا-عەممان، کە نیوەی زیاتری بە ئەنباردا تێدەپەڕێ، کاریگەریی گەورە لەسەر بازرگانیی دەرەکیی عیراق بەجێ دێڵێ و زیانێکی گەورەی پێ دەگەیەنێ. بەردەوامبوونی بڕینی ئەم رێگایە، دەشێ تەگەرە لە زیاتر لە ٥٠٪ی هاوردەی عیراق بدا، بەتایبەتی کە پاش کزبوونی هاوردن لەڕێی تورکیاوەو وەستانی هاوردن لەڕێی سوریاوە، ئوردون بۆ عیراق گرنگییەکی لەڕادەبەری پەیداکردووە.

سەرەڕای بەرزکردنەوەی دروشمی «روخاندنی حکومەتی مالیکی» هێشتا هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کە سوننەکان پەشیمان نابنەوەو ساتوسەودا لەسەر ئەم دروشمە ناکەن، بەتایبەتی کە دروشمەکە زۆرتر لە خۆپیشاندانەکاندا بەرز کراوەتەوە، نەك لەچوارچێوەیەکی بەرنامەیەکی سیاسیی راگەیەنراودا.

کێشەی سەرەکیی جموجوڵی جاران و ئەمجارەی سوننە لەوە دایە کە سوننەکان تا ئێستا ستراتیجێکی روونیان نییە. دوودڵیی سوننەکان لە ڕاگەیاندنی هەرێمی فیدراڵ، زۆر کارتی پێ لەدەست داون و لە بەرامبەر بەغدادا بەلاوازی بەجێی هێشتوون. بەکار نەهێنانی کارتی هەرێمی فیدرال فاکتەرێکی گرنگی هێز لە سوننە دادەماڵێ و دەسەڵاتێکی زۆر بۆ بەغدا دەهێڵێتەوە کە بەهۆیەوە بەغدا دەتوانێ ویستی خۆی بەسەر سوننەدا بسەپێنێ.

رەنگە قەیرانی عیساوی هاندەرێك بێ بۆ سوننە بۆ وروژاندنەوەی پڕۆژەی پێکهێنانی هەرێمی فیدرال. لە سەلاحەدیین کە هەوڵێکی هەڵپەسێردراوی پێکهێنانی هەرێمی فیدرالی بەخۆیەوە دیوە، قەیرانی عیساوی بۆتە مایەی زیندوکردنەوەی پڕۆژەکە. پەرلەمانتار متەششەر سامەرائی لە گۆشەی بودجەوە بۆ مەسەلەکە دەچێ و پێی وایە ئەگەر سەلاحەددین هەرێم بوایە، بودجەکەی دەگەیشتە بڕی ٤ تریلیۆن و ١٤٧ملیار دینارو «ئەم بڕە پارەیە دەتوانێ پێداویستییەکانی پارێزگاکە، دوور لە حکومەتی ناوەند، دابین بکات». بەهەمان پێودانگ پەرلەمانتار جەمال گەیلانی دەڵێ «دروست کردنی هەرێم چاکترین رێگەچارەیە بۆ هەموو گرفتە هەڵپەسێردراوەکان». ئەمە بەم مانایە نییە کە قەیرانی عیساوی گوڕو تینێکی تازەی بە پڕۆژەی هەرێمە فیدرالەکان داوە بەڵام، لانی کەم، بۆتە مایەی زیندوکردنەوەی گفتوگۆ سەبارەت بەم پڕۆژەیە. بەڵام ئەگەر قەیرانەکە بووە هاندەرێك بۆ سوننە بۆ هەنگاونان بەرەو هەرێمی فیدرال وەك بژاردەیەکی ستراتیجی، ئەوا پەیوەندیی نێوان بەغداو سوننە گۆڕانێکی بنەڕەتی بە قازانجی سوننەدا بەخۆیەوە دەبینێ. ئەگەر نا، پەیوەندییەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان نووسیوێتی

# لە بارەی پرۆژە یاساکانەوە

لەو شـــتانەی کە بوونەتــە مەراقمان هەلومەرجی ژنان و ئافرەتانە لە کوردستان، ئــەو هەلومەرجەی کــە زۆر فاکتەری ئایینی، سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەخلاقی ڕۆڵ لە ئاڵۆزکردن و بەرەوخراپتر بردنی دەگێڕن.

هەندێ شــت کە دەبێــت هیوابەخش بن، ئەوەیە ئێمە دەســەڵاتێکی سیاسیی نیمچە ســەربەخۆمان هەیــە لەو پارچە ئازادەی کوردســـتاندا، ئەو دەســەڵاتەش کە هەڵبژێــردراوی خەڵکە و لە ڕێگەی پەرلەمانێکــەوە کە دەمراســتی خەڵکە شەرعیەتی پێدراوە.

جارجارە بەشەوان سەیری تەلەفزیۆنی پەرلەمان دەکەم، ئــەو تەلەفزیۆنەی کە زۆر قســە هەڵدەگرێت، وەکــو بیرۆکە و بەڕێوەبردن، چونکە وەکو بیرۆکە لە هیچ شوێنێك کە قسە و باسی بەدیموکراتیبوون لە ئارادابێــت ئەســڵەن تەلەفزیۆنێکی لەوجــۆرە بوونــی نییــە، هەبوونی ئەو تەلەفزیۆنەش ئەگــەر تەنیا یەك مانای هەبێت، ئەوە ئەو مانایــەش ئەوەیە ئێمە حکومەتێکی سەربەخۆ و سەرتاسەریمان نییــە و ڕاگەیاندنــی حکومیی بوونی نییــە و میدیای ئازاد وەهمێکە باســی لێــوە دەکەیــن. دواجار کە ســایتی ئەو پەرلەمانە دەکەیتەوە شاگەشــکە دەبیت کە ئەو هەموو پرۆژە یاســایانە دەبینیت ڕۆژانە ئەپلۆدی ســەر سایتەکە دەکرێن، وەلێ بە جادە و بانی شار و شارۆچەکە و کوچە و کۆڵانەکاندا دەگەڕێیت، دەڵێیت لــەو پەرلەمانە هیچ لــە گۆڕێ نییە و هیچ پرۆژە یاسایەك هەتا ئێستا نەخراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. پاشــان دەپرسین، ئایا ئیشــی پەرلەمان ئەوەیە تەنیا یاسا دەرکات، یان دەبێت ڕێ و جێی یاســایی و گونجاویش پێشنیار بکات بۆ چۆنێتیی ئەکتیڤلکــردن و جێبەجێکردنــی ئــەو یاســایانە؟ تەنانەت دەپرسین ئەی ئیشی پەرلەمان نیــە ئەگەر پرۆژە یاســایەك پەســەند کرا و ماوەی یاسایی خۆی تێپەڕاند و ئەکتیــڤ نەکرا و نەچووە دۆخی جێبەجێکردنەوە؟

چەندیــن پرۆژە یاســام کــردەوە، هــەر لەگــەڵ کردنەوەیان تووشــی شــۆك دەبوومــەوە، لــەو کاتەی کە سەرکردەکانمان بانگێشەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەکەن، کەچی تەواوی پرۆژە یاســاکان بە زمانــی عەرەبی دەنوسرێنەوە، بەعەرەبییەك نووسراوەتەوە کە ئەســڵەن هیچ یاســا و ڕێسایەکی زمانەوانی تێدانییــە و پڕە لە هەڵەی زەقی زمانەوانی، دەپرســم: ئەی ئێمە میللەتێکی سەربەخۆی خاوەن زمانێکی ڕەسەن و نوسراونین؟ نازانم بۆچی ئەو پرۆژە یاسایانە بە کوردی نانووسنەوە؟ پاشــان کە بە عەرەبی دەیاننووســنەوە ئەی بۆ نایاندەن بە کەســانی پسپۆڕ و شارەزای زمانی عەرەبی؟

بەکارهێنانــی زمانــی عەرەبی لە نوسینەوەی پرۆژە یاساکاندا چەند مانا و لێکدانەوەیەکی هەیە، یەکەم گرنگی نەدان بە زمانی کوردی و خزمەتنەکردنی، دووەم نەبوونــی دیالێکتێکی یەکگرتوو بۆ نووســین و بەکارهێنانــی زاراوە و دەســتەواژەکان، ســێیەم کز و لاوازیی ڕۆحی نەتەوەییمان لەگەڵ ئەو هەموو هاتوهاوار و موزایەدەیەشی کە سەرکردە و بەرپرسەکانمان دەیکەن.

لە جیاتی ئەو هەموو شــەڕە قسە و هاتوهاوارە، دەکرێ یەکێك لە مەرجەکانی ڕێکخستنی ماڵی کوردیمان بەرجەستە بکەن کە گرنگیدانــە بە زمانەکەمان. سەرم ســوڕماوە زۆر کەسیش کردیانە شــەڕ و هەرا کە پاســپۆرتی عێراقی دەرچوو و داوا دەکــرا زمانی کوردی لەسەر بێت.

چەنــد پرۆژە یاســایەك هەن کە لە وتارەکانــی داهاتوومانداا باســیان لێوە دەکەین.


ڤینۆس فایەق
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

# مۆراڵ و شۆڕشگێڕی

د. سەربەست نەبی
تایبەت بۆ گوڵانی دەنووسێت

هـــەروەك چـــۆن چەمكی ڕیفۆرمســـازی لە لایـــەن ڕژێمەكانەوە قـــۆرخ دەكرێت و لە زاتی خۆیاندا چەقی پێ دەبەستن، هاوشێوە چەمكی شۆڕشـــگێڕێتی ڕەوتە سیاسییەكان بۆ خۆیانی قۆرخی دەكەن و دەیدزن، بەم شـــێوەیە وەچەی ڕاستەقینەی شۆڕش و ڕیفۆرم لە نێوان هەردوو جەمسەری دزە چەقاوەسووەكان و چەتە دەریاوانە كوێرەكاندا دابەش دەبن، كە لەم دواییەدا ئەم دوو چەمكە هەندێ بەهای مۆراڵی و سیاسیانەی دابڕاو لـــە كاری مرۆڤانـــەو ئامانجی بەرزی شۆڕشـــگێڕانەی دژ بە ســـتەمكاری لە خۆ گرت..

هەر شۆڕشـــێك لە دیارخســـتنی ڕێبازەكەیدا پێویســـتی بە سەمتێكی مۆراڵیانەی دیاریكراو هەیـــە، لە مێـــژوودا شۆڕشـــێك نابینینەوە لە مۆراڵـــەوە ڕســـكا بێـــت، تەنانەت شۆڕشـــە پیرۆزەكانیش ساتمەو گرێ و گۆڵی تێدا بوون، مێژوو تا ئێستا شۆڕشێكی لە لایەن فریشتەكان و قەدیســـیەكانەوە بـــە خۆوە نەدیتـــوە، ئەمە تەنیا لە ئەفســـانەكاندا بوونی هەیەو بەس هەر شۆڕشێك ئەگەر خاڵی بێت لە بەهاو دیسپلینی مۆراڵی و سیاسی نەبێت، یان نەتوانێت بەهای مرۆڤانـــەی تازە لە ژیانەوەیەكی نوێدا وەبەرهەم بهێنێت، كە لە ئاكامدا مرۆڤی تازە بە مۆدێلی نـــوێ بەرهـــەم نەهێنێت، ئەو شۆڕشـــە دەبێتە كارەســـات، ســـەرلەنوێ توندترین دەردەسەری وەبەرهەم دێنێتـــەوە، هەموو ئەوانەی زووخاویان دەكـــردە گەرووی ئەوانی ترەوەو نەیارانی خۆیان پەلكێشـــی ئـــازارو زیندانی دەكـــردن، یان ئەو هەواڵنێرانەی هەناسەی خەڵكییان بە ڕاپۆرتی تێوەگلاوكارییانە دەچنییەوە، یان ئەو جەللادانەی قوربانیەكانی خۆیان لـــە زیندانەكاندا دەتۆقان، یان ئـــەو لێكۆڵەرو دزو چەتەو شـــڕەخۆرانەی شارەكانیان تاڵانی دەكرد، یان ئەو كاسەلێسانەی بۆ دروشم دان لەسەر ناوی سەركردەكان هەموو كات دەهاتنـــە دەرەوەو خەڵكی تریشـــیان ناچار دەكرد لە دوای خۆیانەوە دروشـــمەكان بڵێنەوە، یان ئەو ڕاسیزم و فاشـــییانەی تانەو تەشەریان لـــە ناســـنامەی ئەوانـــە دەدا كە لـــە خۆیان جیاوازبوون، یان ئەو وابەســـتەبووانەی دەبوونە دوژمنی سەرسەخت بۆ ئەوانەی سەر بە هەمان بیركردنەوەی خۆیـــان نەبوون، یان ئەو پەڕگیرو هەوەســـبازانەی لە ڕۆژانی خۆیاندا چێژیان لە ئازاردانی كەســـانی تر وەردەگرت ئێستا هەموو ئەمانـــە لە بەرەی شۆڕشـــدان و پێكەوە ڕیزیان بەســـتووە، هەندێكیان بوونەتە وتەبێژی شۆڕش و هەندێكیان كراونەتە ڕەمز، ئەو كەسانەشی كە دژایەتی ڕژێمی سەرسەخت و دژایەتی ئەم جۆرە پۆلبەندیانەشی دەكرد لە وڵات هەڵهات كەچی ئەم پۆلە كەســـانەی ناوم هێنان بەدوای كەوتن



و شۆڕشەكەیان لاقەكرد، كەواتە بەهانەچییە بۆ مانەوەی لە ناو شۆڕشێكی لەم چەشنەدا، ئەگەر جەمسەری شەڕخوازی هەمووی هاتبێتە بەرەی شۆڕشەوە بۆ نغرۆكردنی پاپۆڕەكەی ڕژێم ئەو پاپۆڕەی كە بە تەنیا دیكتاتۆرێكی تاق و تەنیای تێدا مابێتەوە، ئایا پێویستیمان بە شۆڕشێكی تر نییە لەسەر ئەم شۆڕشە تا لەو هەموو شەڕخوازییانەی بە گەڵ شۆڕش كەوتون و دژی مەبدەئی زاتی شۆڕشگێڕین پاكژ بكرێنەوە..

ئەم ڕژێمە تەنیا پیاوكوژان و چەتەو ڕێگران وچەقاوەسووان و شەللاتی دروست كردووە، هیچ كەسێك نەیدەتوانی متمانەی وەدەست بێنێت ئەگەر ئەو كەسە تەواوی كەرامەتی خۆی لەژێر پێ نەخستایە، یان ئەو كەسە هەستی مۆراڵیبوونی لە خۆیدا نەكوشتایە، ئەم هۆكارەیە وای كردووە ئاسایی بێت بە لای كەسانێكەوە لە دواچركەساتەكانی نغرۆبوونی پاپۆڕەكەدا تەنیا بۆ مانەوەی خۆیان و ڕزگاربوونیان لە پاپۆڕەوە خۆیان فڕێ بدەن بۆ دەرباز بوون، وەك چۆن نموونەی ئەو وەزیرە یان ئەفسەری ئەمنەی پێشوو یان لە نموونەی ئەو پارێزگارە چەتەیەی كە ئێستا بوونەتە پیاوچاكانی شۆڕش و بە بەهای مۆراڵی و مرۆڤایەتییەوە خەڵكی نەسیحەت دەدەن، وەك موقەدەسێكی شۆڕشگێڕ بۆ بەندەو كۆیلەكان دەدوێن، ئەوانە وا دەزانن ویژدانی مرۆڤ بریتییە لە ئیسفنجێ بۆ هەڵمژینی هەرچی درۆو فێڵبازییە، سروشتییە كە ئەوانە هێندە زۆرن كە بەسن بۆ ئەوەی متمانە بە شۆڕش نەهێڵن چونكە پڕی بووە لە خوێنمژان، وا بە ئاسانی خۆیان بە دەست مۆڕاڵی مرۆییانە نادەن..

ژیان بە بێ جیاوازی سیاسی ناچێت بە ڕێوە، جیاوازیبوون كارێكی پێویست و زیندووە بۆ پێشكەوتنی مرۆڤایەتی، بەڵام زەحمەتە ژیان بە بوونی جیاوازی ئەخلاقیانەو مۆڕاڵیانەوە بەرگە بگرێت، با لە ڕووی سیاسییەوە جیاواز بین بەڵام لە ڕووی ئەخلاقیەوە ڕێك و هاوتەبا بین، لە كاتێكدا لۆژیكی باو بەلای ئۆپۆزسیۆنی سیاسییەوە پێچەوانەی ئەمەیە، واتە تا ئەو پەڕی هەوڵی ڕێككەوتنی سیاسی و جیاوازبوونی ئەخلاقی دەدەن، ئەمەشە كەوای كرد هۆشیارییەكی ئەخلاقیانەی هاوبەش بۆ شۆڕش دروست نەبێت، لە غیابی پێوەری ئەخلاقیدا بۆ ڕەفتارگەلی سیاسی، وای لە هەر پیادەكردنێكی سیاسییانە كردووە ڕەوایەتی لە دەست بدات..

لەم ڕووەوە دەكرێت ئاماژە بدەین بەو دروشمەی ئیسلامییەكان كە بە ئامانجی جەمسەرگیركردنی ئەوانی تر بەرزیان كردۆتەوە بۆ داخوازییەكانی سیاسەتی تاكڕەهەندانەی خۆیان، كاتێ ئەوەیان ڕاگەیاند كە بەشار ئەسەد تەنیاو تاقانە تیرۆرو تۆقاندنی ناو سووریایە، ئەمەیە لۆژیكی بیانووگرانەی كە باڵی كێشاوە بەسەر هزری سیاسییاندا، ئەوەی لەو بڕوایەدا بێت كە ڕژێمی ئەسەد تەنیاو تەنیا تیرۆریستی ناو سووریایە، ئەو كەسە بە هۆی پەڕگیریی تایەفەگەرییەوە كوێرو نابینا بووە، بەو شێوەیە دەیەوێت خەڵكی ئەو تیرۆركارییە پێچەوانەیە نەبینن كە توندڕەوە تایەفەگەرییەكانی لێمان كردوە بە شۆڕشگێڕان و قەدیسییەكان..

سروشتی وەحشیگەرانەی ئەم ڕژێمەی ئەسەد لە سەرەتاوە دیارو ئاشكراو چاوەڕوانكراو بوو، كەس لەو بڕوایەدا نەبوو ئەم ڕژێمە تاوانكارە كاری وەحەشەتگەری لێ نەوەشێتەوە، بەڵام ئەوەی چاوەڕوانی بووین لە بەرانبەردا ئەوە بوو كە نەیارەكانی كەمێك مرۆڤانە هەڵسوكەوتیان بكردایەو لێبوردە بوونایە، ئەوە ئەگەر ڕەمزەكان و نوێنەرانی ئەم ڕژێمە شۆڕەسوارانی مرۆڤایەتی بوونایە، بەڵام واقیعی ئەمڕۆ ئەوەی پیشان داین كە ئەو كەسانەی بەرەنگاری ڕژێم بوونەتەوەو بە ناوی شۆڕش و یەكسانی و دادپەروەری دەجەنگن، كۆنەبستەباڵاكانی لە ئامێزپەروەردە بووی ڕژێم بوون، ئێستاش هەموو چەشنە ڕەفتارەكانی ئەو ڕژێمە بە پەڕگیرانەتر دوپاتدەكەنەوە..

ئەم پارادۆكسە تەنیا بەرەنجامێكی لێدەكەوێتەوە: ئەویش ئەوەیە كە ئەم شۆڕشە لە ڕووی سیاسییەوە خۆی دەسەلمێنێت بێ ئەوەی سەرمایەیەكی ڕەمزی و ئەخلاقی هەبێت، تەنیا چاوی لەسەر وەدەستكەوتنی دەسەڵاتەو بەڕە لە ژێر پێ دەرهێنانی ڕژێمە بە هەر ئامرازو ڕێگەیەك بوو بێت، دواجاریش ئەم شۆڕشە ناتوانێت مافەكانی قوربانیان و چەوساوەكانی زەمەنی ستەمكاری مسۆگەر بكات، تەنیا ئەوەندەی پێ دەكرێت جیاووك و دەسكەوتەكانی پیاوانی جەلادەكانی ڕابردوو یان ئەو خۆفرۆشانەی كە بە درێژایی تەمەن لەگەڵ دیكتاتۆر بوون بپارێزن كە تا دوا چۆڕی شۆرباخواردن لەگەڵی بوون و ئێستاش خۆیان بە قوربانیی نیشان دەدەن و سەرۆكایەتی شۆڕشیان لە بندەست نراوە..

گەندەڵییەكی ئەخلاقی و سیاسی ئاشكرا لە ڕەفتاری زۆربەی جەمسەرەكانەوە بوونی هەیە، هەندێك لەوانە داخوازی دەكات بۆ ڕێزگرتن و بە پیرۆزڕاگرتنی هەندێك دۆزی نیشتمانی، لە كاتێكدا خۆیان بە ئاشكرا یان نهێنی خیانەت لەو دۆزانە دەكەن، هەیانە بە ڕاشكاوانە داوا لە گەلی سووریا دەكات بیكەنە نوێنەری شەرعی و كەچی هیچ شەرعیەتێك بەو گەلە نادات، ژمارەیەك ڕەمزی ڕۆشنبیری و سیاسی ئۆپۆزسیۆن كە پێشتر بە باڵانمایی لێمان دەڕوانین، كەچی ئێستا تەسكبینانەو پەڕگیرانە دەدوێت كە تەنیا لە كەسانی توندڕەو دەوەشێنەوە،بۆنی تایەفەگەری لە خوتبەكانیان هەڵدەستێت.

ئەم سەرگەرمانەی ئۆپۆزسیۆن بەر لەوەی ببنە ئۆپۆزسیۆن گەورەترین خزمەتیان بە ڕژێم و دەستەودایەرەكەی دەكردو بە هەمان لۆژیكی ئەوسای ڕژێمەوە لووتبەرزانەو سەرسەختانە ئایدیۆلۆژیای داهاتوو بۆ سووریا دادەڕێژنەوە تا وڵاتەكەیان گەیاندۆتە لێواری شەڕی ئەهلی دوور لە هەموو بەهایەكی ئەخلاقییانە بە ژاوەژاوێكی خۆنمایشكارانەوەو بە هیستریای تۆڵەسێنانەوە ئینتیقائیانە داخوازییە سیاسیەكانیان ڕادەگەیەنن، باشترین نموونەن بۆ قەیرانی عەقڵی و پارادۆكسەكانی كە دروستیان كردون كە لە ڕەفتاری سیاسی ئۆپۆزسیۆنی سووریدا بە ئاشكرا خۆی دەنوێنێت..

بەم شێوەیە بەرسنگی شۆڕشی سووریا تژییە بە قەومچییەكان و ئیسلامەوییەكان كە بۆ مەبەستی لابەلا خۆیان بە عارەبانەی شۆڕشەوە هەڵواسیوە، ئەمانە ناتوانن هیچ بگۆڕن، مێژوو پێمان دەڵێت هەموو هێزەكانی گۆڕانخوازو ئۆپۆزسیۆنەكانی جیهان كە بە بەرپاكردنی شۆڕشەكان هەستاون ئەگەر نەیانتوانی بێت، وەرچەرخانی گەورە لە دۆخی نیشتمانەكانیان بكەن و بەهای باڵاترو پێشكەوتووتریان نەهێنابێتە دی و نەیانتوانیبێت ئینتیمای تاك و یەكبوونی گووتاری نیشتمانی پەرە پێ بدەن بە شۆڕش ناودێر ناكرێن، ئۆپۆزسیۆنی سووری لەبەردەم پەرپێدانی ئەم بەها نیشتمانیانە شكستخواردوو بوو،چەندە كات بەسەریاندا دەگوزەرێت خاڵیتر دەبنەوە لە بەها نیشتمانیەكان چونكە ئەو بەهایانەیان كردۆتە قوربانی بەهای ئیدیۆلۆژی نەرێنی و دواكەوتوو..

ئەوانەی بەسەر ئەم گۆی زەمینەوە ڕۆڵی كاراكتەری ڕاستەقینە دەگێڕن ئەوانەن كە بەكرێگیراون و گۆشەگیری نەخۆشییە توندڕەوییەكانی خۆیانن، باشەكانیش زەوییان بۆ بە میرات نامێنێتەوە،تەنیا بە چەوساوەو ژێردەستەیی دەمێننەوە، سبەی چاوتان پێدەكەوێت ئەوانەی لە ئامێزی ڕژێمەوە كەوتونەتە خوارەوە و فێرە سەربڕین كراون چۆن چارەنووسی مرۆڤایەتی دەگرنەدەست، بەڵام شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەو فرمێسكی دایكانی جگەرسووتاو ناتوانێت چارەنووسی گشتی سووریا دیاری بكات، بەڵكو بە پێی ئەو پلانەی كە دانراوە ئەم پارادۆكسە لە مێژووی ئەخلاقی خۆرهەڵاتی ناوەند دادەنرێت، ئەمەیە ئەو قەدەرەی كە بە بەردەوامی قوربانیان دەكاتەوە بە ژمارەو قورانی داهاتووو بۆ سەرژمێركردنیان.